
نەژاد عزیز سورمێ

# ( بەختی ڕەش یا کۆمەڵی حەوت )

## چەند لاپەڕەیەك لە ڕۆژگارەكانی دوای كۆربوونەوەی (ئاگردان)ێكی دی



چاپی یەکەم
2026

ئازاد عەزیز سۆرمێ

# ( بەختی ڕەش یا کۆمەڵی حەوت )

چەند لاپەڕەیەک لە ڕۆژگارەکانی
دوای کۆربوونەوەی (ئاگردان)ێکی دی

- نەژاد عزیز سورمێ
- **(بەختی ڕەش یا کۆمەڵی چەوت)**

چەند لایەرەیەک لە رۆژگارەکانی
دوای کۆربوونەوەی (ئاگردان)ێکی دی
- بەرگ : کارێکی کۆلاژی نووسەر
- دیزاین : کاروان محەمەد سینۆ
- چاپی یەکەم 2026
- ژمارەی سپاردن لە کتێبخانەی گشتیی کوردستان
( 600 ساڵی 2026 )
- نرخ : 1500دینار



# (بەختی ڕەش یا کۆمەڵی چەوت)

## چەند لاپەڕەیەك لە ڕۆژگارەکانی
## دوای کـۆربوونەوەی (ئاگردان)ێکی دی

چاپی یەکەم 2026

# ئاماژە

ویستم خوێنەر لەوە باخەبەر بکەم کە ئەم نووسینە نە بیرەوەریە و نە یادداشتنامە، بەو مانایەی دەخوازێ لەم دوو ژانرەدا هەبن ..
تەنیا نووسینێکە بە داوا و جەختی چەند جارەی هەر دوو دۆستم (نیعمەت عەبدوڵا و تاریق جامباز)
بۆ پرۆژەیەک نووسراوە تایبەت بە تۆمارکردن و دیکۆمێنتکردنی نەفیکراوانی کوردستان دوای نسکۆی ساڵی 1975 کە لە دووتوێی کتێبێکدا بەم دواییە بەشی یەکەمییان لێ بڵاو کردەوە.
هیوادارم لەم قاوخەشدا بخوێنرێتەوە.
لەبارەی تایتڵی سەرەکی نووسینەکەیشەوە (**بەختی ڕەش یا کۆمەڵی چەوت**)
وەک لە پەراوێزیشدا ئاماژەی پێدراوە، ئەوە ناوونیشانی یادداشتنامەی باوکم بووکە نزیکەی 900 و قسوور لاپەڕەی فۆڵسکابی دەستنووسی ئەوسا دەبوو بە داخەوە بە هۆی بۆمبابارانی خانوو و ماڵمان (ناوەڕاستی ساڵی 1974) بە فرۆکەکانی سوپای عیراق لە گەلاڵە تیاچوو .



شوباتی 2026

## (بەختی ڕەش یا کۆمەڵی چەوت) (*)
### چەند لاپەڕەیەک لە ڕۆژگارەکانی
### دوای کۆربوونەوەی (ئاگردان)ێکی دی

ناوچـــەی باڵەکایـــەتی کـــە ســـەرکردایەتی (شۆڕش)ی لێ بوو کە زێدی خۆشمە لە چاو دەشتی هەولێرێ بەهاری درەنگ دەگاتێ .

ئەو دەمەی لە نەزانی و بەدبەختی خۆمان بـێ یـا گەلەکۆمـەکی بەرژەوەنـدیخوازانی هێزە ئێقلیمی و جیهانگیرەکانەوە ، ڕێککەوتنی (جەزاییر)ی لێ کەوتەوە کە بە ڕێککەوتنی دوو نـــەیاری مێژوویـــی و دوو دۆســـتی مێژوویی دژ بە کورد ( عێراق - ئێران ) ی لــە 6 ی ئـاداری جــەزاییری ســاڵی 1975 ناسراوە. ئەو ڕێککەوتنە لە پاشاندا مەینەتی و ماڵوێرانی و خانەگەردانییەکی وای بە دوای خۆیدا هێنا بە کتێبان بگێڕدرێتەوە کە چ

کارەسات و کوێرەوەری و ماڵ و گوند و شاروێرانی بەدوادا هات ئێستایش شوێنەواری ڕەش نەبووەتەوە و باوەڕیش ناکەم بەوساڵ و زەمانانە ڕەش ببنەوە .

ئەوسا من لە (ئیستگەی دەنگی کوردستان) کارم دەکرد ، یەکەمین پەیامنێری جەنگ بووم سەردانی بەرەی هێزەکانم لە زۆربەی سەنگەرەکانی پێشەوەدا لە چیاکانی (کۆڕەک و هەندرێن و زۆزک و سەرتیز و ڕواندز و گەلی مێگر و گەلی شێخ سەید و کەپکی ئارمووشین و چنێراوە لە بناری چیای هەندرێن کە بارەگای سەرەکی هێزی لێ بوو ) هەمیشە ڕۆژانە بە ژمارەیەک ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووسی تۆمارکراوەوە دەگەڕامەوە ..

ئەوان ڕۆژان ئێمەمانان بەهێزی هیوا و خەونی ئومێدێکی زۆر لە ئاسۆی بیناییمان فراوانتر ، لێبڕاوانە کارمان دەکرد ، بە دڵێکی

ساف و سەرگەرمییەک قابیل بە تەمەنمان ، تەمەنی دەسپێکی گەنجایەتی و سەرەتای هەرەتی بەجێهێشتنی قۆناخی هەرزەیی کە لە دوایـــدا ڕۆژگـــاری نـــەفرەتی وێنـــەی ئۆقیانووسێـکی بـێ بـن لێـی هەڵلووشـین ، نەیهێشت وەک ئادەمزاد بیبینین و بە کامی دڵ هەستی پێ بکەین ، ئێستاش وەختێ لە هەڵسـوو کەوتێکی نـامۆی لـە چەشنێـک هەڵدەنگوین بە جۆرێکی دی لێکدەدرێتەوە و مۆری دواکەوتوویی و نەدیدکەیمان پێوە دەنرێ .

با سەرتان نەیەشێنم .. کە ئەو کارەساتە ڕوویدا من تەنیا بووم ، ماڵەوەمان لە دیوی ئێرانێ لە ئوردووگای پەنابەران بوون ، ماڵ و خانوومـان زووتـر بـە بۆردوومـانی فڕۆکەکانی سوپای عێراق وێران ببوو و هیچمان نەمابوو ، ( لە هەمووی سەیرتر بۆیان گێڕامەوە کە پاش بۆردوومان ئەوەی

مـابوو لـه پاشـماوەی شـڕ و شـیتاڵی ماڵێـمان کـەس بـە کـەس ڕانەدەگەیشـت لـە بـە تـاڵان بردنی !! )

مــن بــە خــۆم کــە لــە بــەرەکانی شــەر دەگەڕامەوە ، بارەگایـەکمان لـە دەوروبـەری دەربەنــدی ڕایــەتێ (کــانیی گــۆرینان) لــە دۆڵێکدا هەبوو ، من و حەمەڕەشید هەرەس و مەهــدی ئومێــد و ڕەوانشــاد ڕەحمــان فەرهاد کـە بێـژەری بەشـی ئینگلیـزی ئیسـتگە بوو لە خیوەتێـکدا بـووین ، برادەرانـی تـریش بـەو لا و بـەم لا ، سـەر و خـواری ئێمـە لـە خیوەتی دیکە ، لەوانە ڕەوانشـاد بـارزانی مـەلا خالیـد بێـژەری سـەرەکی هـەواڵ ، هـەروەها حــافز ئــەنوەر مــایی و ڕەوانشــاد دەنســا هـەریری بێـژەری بەشـی سـریانی و خەڵـەف زێبــاری و زۆربــەی بێــژەر و هەنــدێ لــە نووســەرانی بەشــی عــەرەبی و تورکمــانی و ئینگلیــزی لەوانــە دارا ســەدیق نۆرجــان

بێژەری بەتوانای عەرەبی و زۆری دی کە بە داخــەوە هــەموو ناوەکــانم لەبیــر نــەماون ، جاروباریش لە بنکەی ئیستگە لـە مەمیخـەلان کـە بەڕێوەبـەرانی تـەکنیکی و ئەنـدازیارەکانی لــێ بــوون لــەپێش هەمووانــەوە شــەهید عبــدولخالق مــەعرووف ، هــەروەها لـــە ئەمینداریــەتی گشــتیی ڕاگەیانــدن کــە لــە گردمەیــدان (ئــازادی)ی بەرامبــەر گونــدی زینـــوێی شــێخی لای لـــەتیف هەڵمـــەت و ڕەوانشــاد جــەلالی میــرزا کــەریم و فــەرهاد (ئەنوەر) شاکەلی و سەلاح شوان و ئـەنوەر قــادر محەمــەد و ڕەوانشــاد عومــەر عــەلی ئەمین و خاتوو گەزیزەی کچی کە بەرنامەی لە ئیستگە هەبوو ڕێکدەکەوت دەمامەوە..

دوای ڕێککــەوتنی 6 ی ئــادار لــە جــەزاییر ڕاستەوخۆ دەمـانبینی ، بەبـەر چـاوی ئێمـەوە چی چەکی قورسی وەک تۆپ و دژەفڕۆکـە هەبوو بەرەو ئێران دەکشانەوە .

سـەرەتا هـەوڵێک بـەو ڕووکـارە هـەبوو لـە شێوەی سەرپشککردن بۆ بەردەوامی دان بە شـۆڕش ، پاشـان دەرکـەوت پیلانەکـە لـەوە زۆر گەورەترە بیرمان لێ دەکردەوە..( هەر چەنـدە لـەو کـاو و دانـەدا برووسکەیەک بـە ناوی - م . س – ی پارتی بۆ بەغدا نێردرا ، من بە خۆم برووسکەکەم لە ڕادیـۆی بەغـدا بیسـتەوە بـە داخـەوە لـە هـیچ شوێنێـک نـە ئەوسـا و نـە ئێسـتا باسـی ئـەو بـرووسـکەیە نـەکراوە، کـە پێ دەچێ دەسپێشـخەرییەکی تاکەکەسی بووبێ . بۆیە بە بـرووسکەیەکی – هەتـیوکەوتوو – دادەنـرێ بـەوەی لـە هـیچ جێیـەک پشتڕاسـت نەکراوەتـەوە ئەوەنـدەی لـەبیرم مـابێ بـرووسـکەکە بـۆ دان و سـتان نوسـرابوو، بـەڵام حکوومـەتی بەغـدا کـە تـازە چووبووە ژێربـاری داواکـانی ئێـران بەوپـەڕی لووتبەرزییـەوە و بێبـاک و نابەرپرسانە تـەنیا لـە هۆیـەکانی ڕاگەیانـدنی خـۆی وەڵامـی

دایـەوە بـەو مانایـەی بـە هـەموو شـێوەیەک ئـەم بژاردەیـەی ڕەت کردبـووەوە.. بـەم جـۆرە ئـەم هەوڵـە ، هـەر چەنـدە درەنگـیش بـووبێ و هـیچ هەوڵێـکی دی بـە ئاراسـتەی ئاشتی ناوخۆ لە بارودۆخێکی ئەنگوستەچاوی ئەو کات سەری نەگرت ، کە لە دواییدا ئـەو هــەموو کارەســتانەی لێکەوتــەوە کــە لێــی کەوتەوە . )

ئـەوە بـوو هـەر لـە دوادواکـانی ناوەڕاسـتی مــانگی ئــادار وردە وردە لــە پێشــدا خــەڵکی مەدەنی پاشان پێشمەرگە ڕوویان لـە سنوور کرد ، هەر چەندە لە هەندێ بەرە شەڕێـکی مەردانە کرا و عیراق ئەوسا بە بۆمبای فسفۆر لێی دابـوون تـا بـە پێشـمەرگە ڕادەگـا زۆر لـە خەڵکی مەدەنیشی شەهید و بریندار کردبوو ، کــە هەنــدێ لــە برینــدارەکان هێنرابوونــە نەخۆشخانەی خانێ ، من دوایـی کـە پەڕیمـەوە ئـەو دیـو لـە سـۆراخی برادەرێکمـدا چوومـە

نەخۆشـخانە  هەنـدێ لـەو بریندارانـەم بینـی زۆربـەیان بـە فسـفۆر سـووتابوون ، بەداخـەوە ئەو برادەرەی من ( م . سـەردار ) کـە پێشتر وتیان برینداره لە نەخۆشخانە شەهید ببوو.

بــەینی 18-20 مانــگ بــوو، بــەخۆ و خــەمی هەموو دونیا (ئاوەها خۆم دەهاتە بـەرچاو) وەکو ئەو خەڵکە بەپیادە ڕێم گرتەبەر بەرەو سنووری ئێران.

ڕێگەی هاملتۆن جادەیـەکی بـەرین و ڕاستان نـەبوو ئەوسا ( ئێستاش شێوەی جارانی ون نەکردووە) ئـەو هـەرای ڕاکـە ڕاکـە و دۆخـی بێــئومێدبوونەش تــەواوی خــەڵکی لەلایــەک سەرسڕماو لەلایەکی دی سەرلێشواو کردبوو نەیانــدەزانی  چــی بکــەن و بــەری خۆیــان لەکوێ بکەن..

پرسـیار دەهاتـە بەرابـەر پرسـیار، وەڵامـیش هەر پرسیار بوو... (بۆ؟)

زۆر لەوانەی چەکیان پێ بوو هەڵیان دەدایە ڕووبـاری شـێخی (ئێمـە بـەو ڕووبـارەی هاوتەریبی ڕێی هاملتۆن دەڵێین - ڕووباری شێخی-).

هەرچەنـدە مـن گیرفانپووڵییـەکی وام پـێ نـەبوو بەشـی حەفتەیـەکم بکـا، بـەڵام چونکـە تەنیا بووم لەزۆربەی ئەو خەڵکە باشتر بـووم کە ماڵ و منداڵی وردیان پێ بوو...

وەک عـادەتیش لەچاوترووکانێـکدا ئازووقـە نـەما ، هـەر ماڵێـک بـوو چەردەیـەکی گـل دەدایەوە..

بڕۆ ... بڕۆ نەژاد، بەهارە بەوەخت ، ڕاستە، بەڵام هێشتا سووی ساردی هـەر هەستی پێ دەکـرێ و تـا بـەرەو ژووریـش دەبووینـەوە ساردتر دەبـوو، مـن کۆڵەپێشتێـکم لەشـێوەی جانتاییێکدا پـێ بـوو، کـە هەندێـک بجگـوڕ و چەنـد کتێبێـک و وەردەواڵـەی وەک تـاخمی

ڕیش تاشینی تێدا بوو... بڕۆ .. بڕۆ نەژاد!
بەڵام بۆ کوێ؟بۆ چارەنووسێکی نادیار ، کە بەڕاستیش نەمادەزانی چی دەگوزەرێ و بۆچی؟ هەواڵی ناخۆشیش وەک ئاگری ناو پووش وابوو تێکەڵی سترێسی دەروونمان دەبوو هێندەی دی بێئومێدی دەکردین ، هەندێ جار بۆ هەندێ گەیشتبووە ڕادەی خۆکووشتن و کۆتایی بەژیان هێنان نەک تەسلیم بوون بەقەدەرێکی نادیار...

لەڕێگەدا زۆر لەبرادەر و ناسیاو و خزمم دیتن ، بێ ئەوەی ورتەیەکمان لێوە بێ، تەنیا سەیرێکی یەکمان دەکرد و حەپەساو لێک تێدەپەڕین.. هەر لەڕێگادا ، لەهەندێ شوێن خەڵکانێکم دەبینی ، لەپەنا بەردێک ، لەجادە لایان داوە ئاگریان کردووەتەوە تا گەیشتمە سنوور، لەچوار پێنج جێی ئاوا لام دا بەبۆنەی دەست و قاچ گەرم کردنەوە ، هەرواش بوو بەڕاستی دەست و قاچم سڕ ببوون ،

بـەڵام مـن ئەوسـا تـازە تەمـەنی هـەرزەیم بەتـەواوی تێنەپەڕانـدبوو، زیـاتر بەرگـەی سـەرمام دەگـرت و بـەپێ ڕۆیشـتنی ئـەو هەموو ڕێگایەش، ئەگەر ماندووشی کردبم. گوڕی بە قاچ و دەستم دابوو..

سـەیر لـەوەدابوو ، ئـەو خـەڵک و خوایـەش زۆربـەیان هێدمـەیان گرتبـوو ، هەنـدێکیان بەماڵ و خێزان بـوون ، کـە دەچوومـە لایـان ، قسەیەکی ئەوتۆیان نەدەکرد ، لەوەی بەدەر هەنـــدێکیان ، هــەموویان نـــا ، چایـــەکیان لەقۆغەیـەکی فـافۆن یـان پـەرداخێک بێدەنگ لەپێش دادەنام. بێ ئـەوەی قسـەیەک بکـەن ، بـــەڵام هـــەزاران پرســـیارم لەچاویانـــدا دەخوێنـــدەوە ، بـــۆ وای لێهـــات ئـــەوە چ قەدەرێکی شووم بوو ، بۆچی لەو دونیایە پان و بەرینـە کـەس تـەنیا ورتەیەکیشـی لەسـەر ئێمـە لێـوە نـایێ ، کـورد بـۆچی بـە درێژایـی مێـژوو ئەونـدە مـەزڵووم و خۆشـباوەڕ و

ساویلکه و نەزانە باوەڕ بە دژمنانی دەکا و ... تاد ..؟

هـــەرچی چۆنێـــکە پـــێش خـــۆر ئـــاوابوون گەیشتمە حاجی ئۆمەران.

ئـەو دەمـەی باسـی دەکـەم حـاجی ئۆمـەران جمـەی دەهـات لەخـەڵک و پێشـمەرگە ، کـە زۆریان چەکداریش بوون.

لاونیـــو پرســـیارم دەکـــرد ، چـــی بکـــەین؟ هەمـــــدیس وەڵامـــــم بەپرســـــیاری تـــــر وەردەگرتـەوە.. جێـگا و شـوێنێکی دیـاریکراو نەبوو شەوی تێدا بـەڕێ بکـەین ، هەرچەنـدە مـــن وەک خـــۆم زۆر دۆســـت و ناســـیاوی نزیکیشم لـە خـەڵکی حـاجی ئۆمـەران هـەبوو ، بەڵام دۆخەکە بەجۆرێک شێواو بوو لـەئاپۆڕە و قـەرەباڵغی و کـەس بەکـەس نـەبووی ئـەو سـاتەدا حـاجی ئۆمــەرانم لــێ ببــووە بەغــدا کەسـم نەدۆزیـەوە ناچـار هـەر وا لەپـەنا و

پەسیوان ، هەبوو لەبن سواندەی مالان ، لەسەر بانان ، کە زۆر ساردیش بوو حەوانەوەی تێدا ئەستەم بوو ، شەومان بەکوتکەخەو یان بەبێداری یا بەدواداچوونی هەوالان بەڕێ کرد.

لەگەڵ کازیوە و وردە وردە لێچوونەوەی ڕەشایی شەو خەڵک تێکڕا خۆیان تەیارکردبوو بەرەو گوندی (شیوەڕەش) دوا گوندی سنووری عێراق و پاشان سنوور بە ئیستیلاحی ئێرانییان مەرزی ئێرانێ.

لەو لاشەوە هەواڵەکان و پێوەنانی هەندێکیش وەک عادەتی هەردەمی کۆمەڵگەی دواکەوتوو لەبارەی پێشڕەوی هێز و فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای عیراق دونیای لێ کردبووینە چەرمی کێژوولە (چۆلەکە). ڕێچکە بەستنی ئەو حەشاماتە لەگەڵ بەیانی دا تا دەهات زیاتر دەبوو، لەناو

ئــاپۆڕای ئــەو هــەموو خەڵکــە و فشــاری بەرپرسانی سنووری ئێران لەپاڵنان و پشکنین و چەککردنی ئەوانەی چەکیان پێ بوو (من بە خۆم تفەنگەکەم لەگەڵاڵە بەتەمای خزمێک بەجێهێشــت ، دەمانچەیــەکم هــەبوو پێشــتر باوکم بەدیاری بـۆی هاتبوو دابـووی بـەمن، دڵـم نـەدەهات بیـدەم بەکـەس بـەئاگاداری بــاپیرم لــە لەدەوروبــەری زەوییــەک ئێمــە پێمـان دەگـوت زەوی(دۆڵاوە گـەرمێ) لـەبن پاردەیـــەک شـــاردەوە بـــەهیوای ئـــەوەی وەختێـک دێ دەریدەهێنمـەوە ، دیـارە ئـەو وەختـــە ئێســـتاش نـــەهات .. واتـــە مـــن لەکۆڵەپشتێکی سووک زیاترم پێ نەبوو، کە سێ چوار کتێب و هەندێ کەلوپەلی پێویستی ڕۆژانە و چەردەیەکی کەم لەنان و خـواردنی قووتـــووکراو، کـــە هەمیشـــە پـــێم دەبـــوو بەتایبەتی کە بۆ ڕوومـاڵی هـەواڵ و ڕاپـۆرت بــۆ ئیسـتگەی دەنگـی کوردسـتان سـەردانی

بــەرەکانی شــەڕم دەکــرد ، بــەڵام کێشــە لــەوەدابوو لــەناو ئــەو ئاپۆڕایــە و ئــەو پاڵەپەستۆیە ئاسان نەبوو بگەیتە لای کابرای مەرز .

بەهــەر حــاڵ مــن لەگــەڵ کــازیوەدا وەڕێ کەوتبووم، ئینجا بەهەزار حاڵ پێش داخستنی مــەرز ، کــە لەگــەڵ بوولێـــڵدا دادەخـــرا پەڕێمــەوە ئــەو دیــو.. لەوبــەر بــەدەیان ئۆتۆمبێــل و پــاس وەســتابوون نەفــەریان دەبردنــە خــانێ (پیرانشــار)، جێــی خــۆم لەپاسێکدا کـردەوە ، هـەرزانتر بـوو، ڕاسـتی مــن پارەیــەکی لــەو ڕەنگــەم پــێ نــەبوو ، پێشـمەرگە ئەوسا مووچـە ، وەک مووچـەی نـەبوو ، ناوە ناوە گیرفانپووڵییەکیان بـەناوی (یارمەتی) دەدایێ ، من مانگانە چوار دینارم وەردەگـرت ، بەحیسـاب پـەیامنێری جـەنگ بــووم و هــاتووچووم زۆر بــوو ، جاروبــار ڕەگـەڵ ڕۆژنامەنووسـی بیـانیش دەکـەوتم ،

ئەگەر تاک و تەرا هاتبان و بیانویستبایە بچنە بەرەکانی شەڕ ، ناڵێم چوار دینار کەم بوو ، بەڵام بۆ گەنجێکی تازە وێڕاگەیشتووی وەک من بەحاڵ دەیگەیاندمەوە یارمەتییەکی دی، بەتایبەتی زۆربەی جاران نان و خواردنم یا لەبارەگاکانی پێشمەرگە دەبوو ، یان لەبارەگای ئیستگە بەتایبەتیش لەبارەگای هەمیشەیی خۆمان ، تیمی کارمەندانی ئیستگە لە (کانی گۆڕینان) نزیک دەربەندی ڕایاتێ کە لەپێشدا باسم کرد...

بەینی سنووری عێراق-ئێران دانراوە (کە لەڕاستیدا نە عێراقە و نە ئێران).

تا خانێ کە ئەوسا ئەگەر لەبیرم نەچووبێ (ناحییە) بوو ، نەدەگەیشتە سەعاتێک، بەڵام بەهۆی ئاپۆڕای پەنابەران کە هەموو بەپێ ڕێیان گرتبوو و ئەو ژمارە زۆرەی ئۆتۆمبێل و پاسان ، دەتگوت لەسەر هێلکان دەڕۆین بە

نزیکـــەی چـــوار ســـەعات زیـــاتریش ئـــەوجا گەیشتینە شاری خانێ ، خەڵکی خانێ دەتگوت خۆڵ و دۆیان بەسەردا کراوە ، ماتەمینییێکی ڕانەگەیێنراو لەچاوی کوردی ڕۆژهەڵاتێشدا دەخوێندرایەوە. مـاڵی ئێمـە لـە ئۆردوگـای ئـاواران لەشـنۆیێ (نـەلێوان)ێ بـوو، شـەویش بوو بەو حاڵ و وەزعە و دڵشکان و نیگەرانی و خەم و بێهیوایی و چارەنووسی نادیار وەکو ماری ئەفسانان لەزۆربەی هەرە زۆرمان ئـاڵا بوو نە پێوەی دەداین نە بەریشی دەداین ، کە ڕەنگە ئەگەر پێوەی بدابووایـن زۆرمانی ئاسوودە دەکرد.

ماڵی خاڵێکم لەخانێ بـوو، ئـەو شـەوەم لـەوێ بـەڕێکرد ، بـەڵام چ بەڕێکردنێـک، بەچەنـدان کابووسی تۆقێنەر.

خـــانێ بـــەئاپۆڕای پەنابـــەرانی کـــوردی گـــەرمێنێ(کوردی باشـــوور) چواربەرابـــەری

خۆی خەڵکی تێ ڕژابوو و بەردەوامیش بوو.. لەگەڵ ئەوەی خەڵکی ئەوێ میواندۆست و میهرەبان بوون یارمەتیان دەدایـن ، ئـێ دیسان هەندێ لەئاوارەکان بەتایبەتی ئەوانەی ماڵ و حاڵیان نەبوو یان ئەگەر هەیشیان بووبێ لەئۆردووگا دوورە دەستەکان بوون کارێکی ئاسان نەبوو لەو کاتەدا جێیان دەسکەوێ ..

بۆ ڕۆژی دوایی هەرچی چۆنێک بوو خۆم گەیاندە ئۆردووگای نەلیوان لەشنۆیێ ، بەڵام گوتیان گواستراونەتەوە ئۆردووگای(ڕەبەت) نزیک شاری سەردەشتێ ،ئینجا وەرە بەو حاڵە وەرسووڕێوە بۆ سەردەشتێ. کە گەیشتمە ئەوێ ، ئۆردووگای ئەوێش لەخانێ پشێوتر و قەرەباڵغتر بوو، بەحاڵ ماڵی خۆمانم دۆزیەوە ، دایکم کە منی بینی یەکسەر دایە پرمەی گریان ، ئیدی نازانم لەخۆشی ئەوە بوو جارێکی دی منی

بینیوەتـەوە ، کـە ئەوسا پاگەنـدە و دەمگـۆی هەمـــــەجۆر کرابـــــوو ، لـــــەبۆردوومانی باڵــەفڕەکانی حکوومــەتی بەغــدا کــوژران و برینـــدار بـــوونی خـــەڵکێکی زۆر بەتایبـــەتی لەئیستگەی دەنگی کوردستان کە هـەر جارێ فڕۆکـە هاتبـان پێشـەکی هـەوڵیان دەدا لـە ئیستگە بدەن ، یاخود بۆ حاڵی خۆمـان بـوو، کە ماڵ و خانوومان لەگەلاڵە بـەبۆردوومانی فڕۆکە تـەخت بـوو بـوو ...( دایکم تـا وەفـاتی کرد چەندین جار ماڵی وێران بووە دواجاری لەشـەڕی نـەوەدەکانی سـەدەی ڕابـردووی برایان بوو )

لەو ئان و ساتەدا حکوومەتی بەغدا عەفووی دا لەپاڵیشـیدا چەنـدان وەفـدی حکوومــەتی عێــڕاق ســەردانی ئۆردووگــای پەنابــەرانیان دەکرد و هانیان دەدایـن بـۆ گەڕانـەوە ، ئیتـر بـەکورتی چەنـد ڕۆژێکـی نـەبرد چ بـەهۆی فشـاری بـەردوامی ئێـران بـێ یـاخود نیـازی

گەڕانـەوەی خـەڵک ئۆردووگاکـان بەرەبـەرە چۆڵ دەبـوون ، کـۆچی پێچەوانە و گەڕانـەوە بۆ دیوی عێراقێ دەستی پێکرد ..

ڕاســـتی مـــن بڕیـــاری خـــۆمم دابـــوو ، نەگەڕێمەوە ، بەو جۆرە ئەوان بەرەو گەڵاڵە، منـیش دوای ئـەوەی هەنـدێ لـەبرادەرانی هاوپۆلم دۆزینـەوە پاش مانـەوەی ماوەیـەک لە شنۆ و نەغـەدە و خانێ و مهاباد، چوومـە ئۆردووگـای (زێـوە) لەدەڤـەری مەرگـەوەڕ، لـــەوێ بەحیســـاب بـــەپێی پرۆگرامـــی پەروەردەیی عێراق دەخوێندرا قوتابخانـەمان بـۆ کرایـەوە، ( دواناوەنـدی زمنـاکۆ). مـن ئەوسـا لـەپۆلی پێنجـی ئامـادەیی دەسـتم بەخوێنـدن کـردەوە، ژمارەیـەک لـەهاوپۆلانی دواناوەنـدی گەڵاڵەیشـم لەوێـدا بینینـەوە ، بەڵام داخەکەم ئێران ئەو قوتابخانەشی پاش چەنـد مانگێـک داخسـت ، قبـوولی نـەبوو بـەپرۆگرام و بەرنامـەی پـەروەردەیی لـە

عێـراق پـەیڕەو دەکـرا بـەردەوام بـێ. ( لـە لایـــەکی دی هـــەر لـــەو کاودانـــەدا کـــە نەمانـدەزانی چارەنووسـمان بـە چـی دەگـا ، بێـدەستی خـۆم بـەداوی خۆشەویسـتییەکەوە بـووم ، یەکـەمین خۆشەویسـتی .. کاژێـک لـە کاژە بەژن بڵندەکانی ڕۆژهەڵات..

بە داخەوە دوای گواستنەوەمان بە زۆری بۆ شارێـکی دوورەدەسـتی بـاکووری ئێـران لێـی دابڕام ، هەر ئەو دابڕانە بوو تا ئەمڕۆ ، بـەم جـۆرە ئـەو زامـەیش هاتـە پاڵ زامـەکانی دی ئەوسا و ئێستا .. ڕاستیی ئـەو داوە لـە خۆیـدا چیرۆکێکـــە کـــە پـــێم وا نییـــە ئێـــرە جێـــی گێڕانـــەوەی بـــێ ..) پاشـــان مـــن گەڕامـــەوە شـــاری مهابـــاد لـــەوێ هەنـــدێ لـــەبرادەر و ناســـیاوەکانی نووســـەر و ڕۆژنامەنووســـم بینینـــەوە، لەوانـــە ڕەوانشـــاد جـــەلالی میـــرزا کـــەریم ، ســـەلاح شـــوان ، هـــەروەها مامۆســـتا ئەحمەد هەردی و ژمارەیەکی دی...

کەس لەکەسی نەدەپرسیەوە ڕۆژگارێک بوو وەک چـوو نەیەتـەوە، هەرچەنـدە بەداخـەوە بەشـێوەیەکی دی هاتـەوە ، وەک بڵێـی ئەمـە قەدەری کورد بێ ، بەدبەختی بیداتە دەست بەدبەختیـــەوە... ئەمەشـــم بـــەو بۆنەیەوەیـــە دەگێڕمـــەوە ئێمـــە نـــاوە ســـەردانی نەغەدەمان دەکرد کە لەو کاتیدا تاڕادەیەک هـــــەموو ســـــەرکردایەتی شۆڕشـــــی لـــــێ گیرسابوونەوە.

لەیـەکێک لـەو سـەفەرانە ، لەگەڕانـەوەم بـۆ مهابـــاد بـــە پاســـێکی 18نەفـــەری لـــەڕێگادا وەرگـەڕا ، هەنـدێ سەرنشینی تێدا بریندار بـوون ، یـەکێکیان مـن بـووم کـە پیلم شکا ، پاش ئـەوەی لەهۆشـی خـۆم چـوو بـووم کـە بەخەبەرهاتم وا دیار بـوو نەشتەرگەریان بـۆ کردبـووم ، خـۆم بینـی بەتـەنیا لەسـووچێک لەســــــەر قەلەوێرەیــــــەکی ســــــەفەری لەنەخۆشـــخانەی مهابـــادێ فـــڕێ دراوم ،

هـەرچی چۆنێـک بـوو ئێسـتاش بیـرم نـەماوە چـۆن کـاک جـەلالی میـرزا کـەریم زانیبـووی لەنەخۆشخانە هاتە لام ، من ئەوسا بەقـەرزی کـەی خـوا دەروویـەکی کـردەوە لـە ئـوتێلی (پارس) دەنووستم، هەر بەو شێوەیەش نانم لــە چێشــتخانەی (پــارس) کــە بەتــەک ئۆتێلەکەوە بوو دەخوارد...

(هـەرگیز لـەبیرم ناچێتـەوە بـە هـۆی ئـەوەی قەرزێکی زۆرم لەسەر کەڵەکە ببوو ، کابرای شـاگردی چێشـتخانە لـە ئوتێـل ، کـە بـە پاڵ چێشــتخانەوە بــوو هاتــە لام و وتــی: ئاغــا خوایشـت دەکـەم بـەڵام ئاغـام دەڵـێ نـاتوانین چیــدی بــە قــەرز بــدەین ، منــیش هــەر ئەوەنـدەم پـێ گـوترا بـەو مانایـە پێم وت بـا ئاغـات خاترجـەم بێ پارەکـەی نـاخورێ و بـە دڵنیاییـەوە بـەم زووانـە بـەخۆم بـۆی دێـنم ) ئـەو شـان شکانەی مـن لێم بـوو بەبەڵایـەکی گـەورە هـەموو ئامـاژە پزیشـکییەکان وایـان

دەردەخست سەقەت دەبم ، وا دیار بوو نەشتەرگەرییەکەیان هەروایی بۆ کردبووم، بە قەرز بێ یا بە یارمەتی هەندێ لە خزم و دۆستان زۆر دکتۆرم لەنەغەدە و مهاباد و ورمێ و تەورێزێ کرد بێ سوود بوو ، تا ئەو ڕۆژەی لەگەڵ مامۆستا ئەحمەد هەردی و کاک جەلالی میزرا کەریم و چەند برادەرێکی دی لەچێشتخانەی پارس لە مهاباد دانیشتبووین پیاوێک هاتە لامان ، کە پێیان ناساندم دەرچوو مامۆستا نەجمەدینی ئەنیسی بوو بەڕێوەبەری ئیستگەی ڕادیۆی مهاباد، کە سەربردەی پیل شکاندنەکەی من هاتەوە گۆڕێ وتی ئەگەر فڵان (واتە من) ڕازی بێ چاکی دەکەمەوە ، بەهەر حاڵ منی بردە گوندێکی نزیک مهاباد(شۆڕاوا) بۆ ماڵی بەیتارێکی میللی بەناوی (عەلی شۆڕاوایی)، ئەو پیاوە زۆری ئەزیەت دام تا ڕادەیی لەهۆشخۆچوون ، بەڵام چاکی کردمەوە...

دوای ماوەیەک خولێکی تایبەتی بۆ قوتابییە ئاوارەکان بۆ فێربوونی زمانی فارسی کرایەوە ، بەو هیوایەی ساڵی دادێ لەقوتابخانەکانی ئێران درێژە بەخوێندن بدەن. (کە خۆشم یەکێک بووم لەو قوتابیانە).

تازە دەورەکەمان تەواو کردبوو ژمارەیەک ناو بەهۆی دیواری مزگەوت و سینەما و شوێنە گشتییەکان ڕاگەیێنرا ، ئەگەر ئەو ناوانە لەماوەی 48 سەعات خۆیان بە پۆلیس و کەلانتەری بەقەولی ئەوان مەعرەفی نەکەن تەسلیمی عێراقی دەکرێنەوە، ناوی من یەکێک بوو لەو ناوانە ، بەکورتی دوای ئەوەی خۆمان ناساند لەترسی ئەوەی ڕادەستی عێراقمان نەکەنەوە ، ئێمە کۆمەڵێک بووین چووین خۆمان ناساند و کاتێکی دیاریکراویان بۆ دانایین کە نەدەگەیشتە هەفتەیەک، ئێمەیان لەگەراجێکی

شاری نەغەدە کۆکردەوە و سواری پاسیان کردین(پاسی هەژدە نەفەری) هەر پاسە و بە ئاراستەیەک و کەسیش نەیدەزانی بۆ کوێمان دەبەن و چیمان لێ دەکەن ، هەر لەگەراج هەر یەکەو هەزار تمەنیان پێ داین، کە ئەوسا دەیکردە پەنجا دیناری عێراقی.

پاسەکەی ئێمە ڕێگەی ورمێی گرتەبەر ، ئەوسا بە (ورمێ)یان دەگوت (ڕەزاییە)، ئێمە دەوری سەعات 10ی بەیانی بەڕێ کەوتین ، هەر لەڕێگا شەومان بەسەرداهات، بە تەورێز و ئەردەبیل و چەندان شار و شارۆچکەدا تێپەڕێن تا درەنگانی شەو گەیشتینە شاری (ڕەشت) ، دوایی زانیمان لەشاری (ڕەشت)ین ، ئێمەیان لەنزیک کارگەیەک دانا لەشوێنێک نزیکی ڕەشت ناوی (سوومعە سەرا) بوو. لەوێدا هەر دوو سێ ڕۆژ ماینەوە و پێیان وتین دەتوانن بچنە شار و لەوێ لە ئوتێل بن، ئێمە چوار پێنج کەس

بـووین ، ئـەوەی بـەبیرم مـابێ خـۆم و مـلازم شـوان ، کـە دوایـی بـەملازم شـوانی پاسـۆک ناسرا ، هەروەها خوالێخۆشبووان د.سەعەدی غەریب، ڕاگری کۆلیژی کشتوکاڵی زانکۆی سـلێمانی و مـارف ژاژڵـەیی چووینـە ئوتێلێـک ناوی (بین المللی) بـوو ( ئـوتێلێکی بـێ پلـە و پایە بوو ناوەکەی لێ خەسار بوو) ، دیارە کە خــەرجی ئوتێــل و خــواردن لەســەر حســابی خۆمان بوو ، ئێمەش ئەوانەی کە ناوم هێنان پێکــەوە بــووین ، بەتایبــەتی مــن پارەیــەکی ئـەوتۆم نـەبوو ، زۆر جـار بـرادەران هـەقی خواردنێکی هاکەزاییان بۆ دەدام .

شـاری (ڕەشـت) شـارێکی جـوان و خـۆش و شارستانی بوو و لەبەندەری پەهلەوی ئەوسا (ئـەنزەلی ئێسـتا)نزیک بـوو ، کـە بەتایبـەتی کەشــتی ســۆڤیەتی ئەوســا لەنگــەریان لــێ دەگـرت. برنجێکـی دەرجـە یـەکیان لەتـەواوی ئێرانێــدا هــەبوو ، دەڤــەرێک بــوو بــەبرنج

بـەناوبانگ بـوو، هەمیشــە بـارانێکی نـەرمی هەبوو ، بەڵام بە ئێمە چی کە شەشدەرمان لێ گیرا بوو نە خەرجیمان هەبوو نە کەس خـۆی لـێ دەکـردین بـە سـاحێب و لای لـێ دەکردینەوە..

دەزگایەک سەروکاری پەنابەرانی لەدەستدا بـوو ، هـەر ڕۆژەی بەبیانوویـەک خۆیـان لـێ دەدزینـەوە و هیچیـان بـۆ نـەدەکردین تـەنیا قەولیان پێ دەداین و بەقسان ڕایانگرتبووین کەسیش کـارێکی پـێ نـەدەداین ، ڕێککـەوتنی جەزاییر لەگەرمیدا بوو، ئێران نەیدەویست عێــراق وا تــێ بگــا هــانی پەنابــەران دەدا نەچنـەوە ، ئـەوە مایـەوە تـا وای لێهـات زۆری نـەما بـوو بگەینـە قۆنـاخی سـواڵی سـەرجادە ، لەهەمووشـی وێرانتـر پـارەی ئوتێـلمان زۆر هاتبووە سەر... بەو جۆرە ئێمە ، من و ملازم شوان و خوالێخۆشبووان د.سەعدی غەریب و مــارف ژاژڵــەیی بــەناچاری بڕیــاری

هاتنــەوەمان دا  تەنانــەت مــن کــە پــارەی ئوتێـــــلم نـــــەبوو ، جانتاکـــــەم بەپشـــــتێنێ لەباڵەکۆنەکەوە شۆڕ کردەوە خوارێ دەنا کابرای خاوەنی ئوتێل ڕەنگ بوو بەگرتنی بدا بووام ..

بەهەر حاڵ پێش ئەوەی بێینەوە دەرگا نەما لێی نەدەین ، من کە هیچ وەرقەیەکم نەبوو دوو جار بەدزی چوومە تارانێ ، سەفارەت نەما ئەوەی دەستم پێ ڕاگەیشتبێ نەچم بێ سوود بوو چونکە هیچ هەویە و ناسنامە یا پسوولەیەکمان نەبوو ،  نەماندەتوانی بچینە ئوتێـــل ، پارەشـــمان نـــەبوو ، بۆیـــە ئەگـــەر شەوێک یا دوو شەو بماباینەوە لە مەیدانی شەهیاد (مەیدانی ئازادی ئێستا) دەماینەوە و لـــەو گـــۆڕە دەنووســـتین. ، کـــەس پـــارەی بەقـــەرزیش پـــێ نـــەدەداین ، دەنـــا هـــەر لەهەمان ئوتێل خەڵک و خوایەکی لێ بوو هەبوون بوون ، وەکو ئێمەش ئاوارە بوون ،

(مەبەستم لەگەڵ ئێمە هاتبوون)... ئینجا بەمن چی؟

ئیمە هەر چوارمان چووینە شوێنی مەبەست، کە وا بزانم ئەگەر لەبیرم بێ بارەگای (شیر و خورشید) بوو ، کە هەر ئەوانیش قەولی زۆریان پێ دابووین و هیچیان جێبەجێ نەکرد بوو ، وا دیار بوو خەڵکی دیشی لێ بوو ، ناویان نووسین ، دوای چەند سەعاتێک چاوەروانی ، ئێمە کۆمەڵێک بووین سواری پاسێکی (هەژدە نەفەریان) کردین بەرەو سنوور ، لە ڕێگای -کرماشان قەسری شیرین-خوسرەوی خانەقییەوە. پاس کەوتە ڕێ ، ئاخر بەینی ڕەشت و سنووری عێراق بەو ڕێیەدا ماوەیەکە ، لەڕێگادا شەومان بەسەردا هات ، وەک ئێستام لەبیرە کە گەیشتینە تاق بووستان د.سەعدی ڕەحمەتی کە نەختیکی لەڕێگادا خواردبووەوە دەستی کرد بەگریان بەدەم ئاهەوە بە دەنگێکی

بــەرزیش هــاواری دەکــرد: (ئــەوە تــاق بووســـتانە ، ئــــەوە کوردســـتانە) ، نـــاوی کوردســـتانی زۆر دووبـــارە دەکـــردەوە و دەگریا ، گەیشتە ئەوەی زۆر لە سەرنشینانی هەژدەنەفەرییەکەیشی هێنایە گریان ...

ســـەعات دوازدە و قســـوری شـــەو بـــوو گەیشـتینە سـنوور لـەدیوی ئێرانـێ ، خـاو و خێزانێکی زۆری لێ بوو ئەودیویش دیار بوو، ژمارەیـەکی زۆری لـە بارهـەڵگرە درێژەکـان (ترێـلە) وەستا بـوون ، ئێمـە ئـەو شـەوە کـە ناوەڕاسـتی پـاییز بـوو لـەو بیابانـە ماینـەوە، تەنانەت من چەند کتێبێکم لەجانتاکەمدا بوو ، کـە هـەر ئـەو جانتایەشـم پـێ بـوو لەسـەرمان ســووتاندمان ، بــەیانی لەگــەڵ ڕۆژهــەڵات سنوور کرایەوە ، ڕاستی زۆربـەمان پەشـیمان بووینــەوە هەرچەنــدە لــەناچاریش بــووبێ ، بـەڵام کـە بینیمـان بـەچ ئیهانـە و لێخـوڕینی ئاژەڵئاسـا لـەو دیـوو دەمـان بـەن بـۆ دیـوی

عێراقیَ ، سەربازەکان ئەو خەڵکەیان سواری ترێلە دەکرد ، وایکرد بە تەواوی پەشیمان ببینەوە ، هەر چەندە لە دیوی ئێرانێش بەوپەڕی ناچاری بڕیاری هاتنەوەمان دابوو بەڵام تازە چارێکی دیمان لەبەر دەم نەمابوو و وەک دەڵێن تازە تیر لەکەوانیَ دەرچوو بوو .. تازە ڕۆیشتبوو بەهیچ شێوەیەک ڕێگەی گەرانەوەمان لەپێشدا نەمابوو.

تا پەڕینەوە دیوی ئەو سنوورەی کردوویانە بەسنووری عێراق بەهۆی قەرەباڵغی چەند سەعاتێکی دیکەی پیَ چوو ، هەر لەگەڵ پەڕینەوەمان سەربازێکی زۆری لیَ بوو، یەکسەر سەری ترێلەکانیان ئاوالاکرد وەک ئاژەڵ سواریان کردین ، بەپەستان لەدواوەی ترێلەکانیان دەپەستاین ، ژن و منداڵی ساوا و پیر و گەنج ، کە بەزەحمەت جێی دانیشتمان دەبووەوە ، نزیکەی سەعات و

نیوێک ئاوا ماینەوە تا زۆربەی ترێلەکان پڕ کران ، ئینجا وردە وردە وەجوولە کەوتن ، یەکەم شار پێیدا ڕۆیشتین خانەقی بوو، خەڵکێکی زۆر لەم بەر و ئەو بەری جادە بوون ، وا دیار بوو حکوومەت هێنابوونی، هەندێکیش ڕەنگە بەعسی بووبن ، پەلکە شووتیان تێدەگرتین ، ئێستاش لەگوێمدا دەزرنگێتەوە ، کە بەدەنگی بەرز لەگەڵ هاوێشتنی توێکڵە شووتی دەیانگوت (حوکمە زاتییەکە هاوردتان)، وا دیار بوو دەزگا حزبی و ئەمنییەکانی حزبی بەعس ئامادەکاریان بۆ ئەوە کردبوو ، دەنا ئێمە دوور و نزیک خەڵکمان دەدی دەم و چاویان وێک هاتبووەوە و بە خەمبارییەوە وەستابوون ، وا دیار بوو زۆربەیان بەزۆر هێنرابوون.

ترێلەکان خۆشبەز نەبوون لەسەرخۆ دەڕۆیشتن ، کە نەمان دەزانی بۆ کوێمان دەبەن، هەرچەندە ئێمە بەحیسابی (عەفووی

عــام) لێبــووردنی گشــتیی گەڕابووینــەوە و قــەولی ئــەوەیان پێــدابووین هــەر کــەس دەچێتــەوە شــار و شــوێنی خــۆی ، پاشــان وا دەرنەچوو....

ئێســتا ترێــلەکان بەخێراییــەکی مامناوەنــدی دەڕێیێــدان ، ئێمــەش جگــە لــەتۆز و غوبــاری ڕێ، نە تیکە نانێک نە قومە ئاوێکیان پێدراین. ترێــلەکان بــەرێوەن .. خانــەقییمان بــەجێ هێشت تا گەیشتینە بەغدا بەژمارەیەک شار و شارۆچکەدا تێپەڕین ، کە گەیشتینە بەغدا ، دەمێک بوو شەومان بەسەردا هاتبوو، دیارە بەغــدا وەک شــارێکی دیــار و هەڵکــەوتوو ســــەردەمگەلێکی بەخۆیــــەوە بینــــووە تــــا گەیشتووەتە ئەو ڕۆژە ، نەتەوە و ڕەگەزی جیاجیا بە درێژایی مێژووی حوکمیان تێدا کــردووە ، زۆر جــاریش کەوتووەتــە بــەر شاڵاوی شەڕ و داگیرکاریی و وێران بوون ، ئەوەتا ئێستاش بەو ڕەنگەیە کە عەرەب بە

پایەتـەختی بـەنازی خۆیـانی دەزانـن .. ئێمـە لەپشــتی ترێلــەکان ئــاخنرابووین، چەنــدان سەعات بوو بێ نان و ئاو ، بەرمان بـەجوانی و ڕوونـاکی شـەقامەکانی بەغـداوە نـەبوو ، لەگــەڵ ئەوەشــدا ڕەونــەقی ســاختمان و شـــەقامەکان ، ســـەرەڕایی برســـیەتی و تینوویەتی و ژاوەژاوی قەرەباڵغی ، زۆربەمان لەپشـتی ترێــلەوە جـار بـەجار بـۆ تەماشـا سەرمان هەڵدەبڕی ، سەیری جادە و بـەری ڕوونــاک و درەوشــاوەی بەغــدا و گڵۆپــە درەوشاوەکانمان دەکرد.

لێ خـوا شاهیدە گڵۆپەکانی بەغدا لـە برینـە هەمیشە خوێن لەبەر ڕۆییەکانی ئێمە گەشتر نـەبوون ، بـەڵام برینـەکانی ئێمـە کـە دەیـان ســـاڵە هـــەر چەنـــد ســـاڵ جارێـــک دەکولێندرێنـەوە. ئـەوەتا ئێسـتاش بـەخۆ و بەبرینـە گەشـە کوولێنراوەکانمـان لـە ترێـلان ئـاخنراوین، کـە تـا ئـەم سـاتەش بەبەغـدا

تێدەپـەڕین نـازانین بـۆ کوێمـان دەبـەن و بەتەمان چیمان لێ بکەن.

نـازانین لەکوێـدا وەک کۆمەڵـە بوونـەوەری تێکەڵـــە لەکوێـــدا هەڵمانـــدەڕێژن چـــۆن لەسـنووردا تێیـان هاوێشـتین وەک ئـەوەی ئاژەڵگـەلێک لەپشـتەوەی ترێـلەکان بارکـەن وابوو..

ماوەیەک تاڕادەیەک زۆری پێ چوو هێشتا بەغدامان بەجێ نەهێشتبوو، دیارە من وەک خۆم کەم تا کورتێک شارەزای بەغدا بووم ، بەڵام بەغدا شارێکی گەورەیە و بە ڕووباری دیجلەوە بووە بەدوو بەر، بەری ڕەسافە و بەری کەرخ، من هەر ئەوەم لەبیرە ئێمە لەگەڕەکی (الشعب)ـەوە لە بەری ڕەسافە هاتینە ناو بەغدا ئەوەی دی بەهۆی شلۆغی و قەرەباڵغی شەقامەکان ، ماوەیەکی زۆرمان پێ چوو تا بازگەی بەری باشووری بەغدامان

بڕی و لەشاری دەرچووین و هاتینەوە سەر ڕاستە ڕێی شەقامی دەرەوەی بەغدا بەرەو باشوور... ترێلەکان بەخێراییەکی مامناوەندی دەڕۆیشتن بەمەزەندە نزیکەی سەعاتێک و هەندێکی پێچوو ڕووناکایی شارۆچەکەیەکمان لێ دەرکەوت ، هەر لەدووررڕاش هەندێکمان لەپشتی ترێلەکەماندا لەگەڵدا بوو هێشتا نەگەیشتبووینە بازگەی شارەکە وتیان ئێرە (مەحموودیە)یە...

چەندی لەمەحموودییە نزیک دەبووینەوە ترێلەکان خێراییان کەمتر دەبووەوە تا ئەوەی هەر دوای دەربازبوونمان لەبازگەی پێشەوەی شارەکە بەماوەیەکی کورت ترێلەکان وەک ئەوەی هەر ترێلەیەک فارغۆنی شەمەندەفەرێک بێ یەک بەدوای یەک لەجادەیان لادا و وەستان ، لەو دەمەدا ئێمە بیرمان بۆ ئەوە چوو دەبێ بەتەمای چی بن... هەندێکمان بیری بۆ شتی خراپ چوو تا

ڕادەی کوشتن، زۆرینەش منیش هەر لەگەڵ زۆرینەدا بووم ، وتم ڕەنگە نان و ئاوێکمان بدەنێ ، کە نزیکەی شازدە سەعات بوو بەڕێوە بووین هیچیان پێ نەدابووین ، منداڵان لەپشتی ترێلە بەخۆیاندا کردبوو ، ئەوە جگە لەسەرما و تۆزی ڕێگا لەپشتی ترێلەی سەرکراوەدا هەراسانی کردبووین، کەچی دەرچوو بۆ پاسەوان و شوفێری ترێلەکانە پشوویەک بدەن و نان و چا لەو چەند چێشتخانەیە بخۆن ، کەوا پێ دەچوو پێشەکی بۆیان ئامادە کرابێ ، بەوەی ترێلە بەترێلە هاتن ئاگاداریان کردینەوە کەس دانەبەزێ و لەجێی خۆی نەجوولێتەوە، هەرچەندە هەندێ لەو بەساڵاچووانەی ناو ترێلەکان ئاوا شەفاعەتێکیان بۆ ژن و منداڵەکان کرد کە برسیانە و تێنوویانە و هەیە پێویستی بەسەر ئاوە... دادی نەدا . سەعات و نیوێکی زیاتری پێ چوو تا شوفێر

و پاســـەوانەکانی لەگـــەڵیان بـــوون ، هـــەر
ترێلەیەک دوو پاسەوانی چەکداری لەگەڵدا
بوو ، کە لەپێشەوەی ترێلە سوار بوو بوون
نان و چایان خوارد ئێمەش لەناو ترێلەدا
ئـــەژنۆمان لـــەباوەش گرتـــووە ، ئـــەوەی
دەبـــۆرژێ ، ئـــەوەی بیـــر لەچارەنووســـی
نادیـاری خـۆی دەکاتـەوە، تێشـمان دابـوو
لەماوەی وەستانی ترێلەکان بەهەر جۆرێک
بووە پەنایەکی دروست دەکرد میزێک لەناو
بـۆدی ترێلـەدا بـەناو درزی بـۆدی بەسـەر
تایەکانـدا شـۆڕ دەکـردەوە کـە هەندێـکیان
نیوەی هەڵدەبەزییەوە و بەخۆی دەکەوتەوە،
یەکیان من بووم لەگۆشەیەکی ترێلەدا ئەو
قارەمانیەتیـــــەم نوانـــــد و زۆربەیشـــــی
هەڵبەزییـەوە و بـەخۆم کەوتـەوە، کـار لـەوە
ترازا بوو چیتر خۆمان ڕابگرین ، ئەوەی باش
بوو من دوو سێ پاکەتی جگەرەم پێ بوو، کە
هەندێ جار جگەرە جگەرە وێریشم دەکرد

بـۆ جگەرەکێشانی نـاو ترێـلە ، هەنـدێکی پـێ چـــوو غەڵبـــە غـــەڵبی دەنگـــی شـــوفێر و پاسـەوانەکان پەیـدا بـووەوە کـە تێریـەتی و ئینتــەللایی ئــەوان لەبەرامبــەر برســیەتی و تینوویــەتی ئێمــە هاوکێشــەیەکی لاســەنگی پێکهێنابوو ، هەندێ جاریش لەگەڵ جوولـەی ترێلەکان جۆرێک لەکۆمیدیایەکی مرۆییانەی بـەرپا دەکـرد ، هەنـدێ دانیشـتووانی پشـتی ترێلەی دەخستە پێکەنین.

بۆ یەکەم جار بوو لەو ڕێیە دوور و درێژەدا پێبکـــەنین ، بەهەنـــدێ نووکتـــەی مـــاوە بەســـەرچوو کـــە زۆر جـــار لەســـاتەوەختی دەست لەخۆ شۆردندا دەگێڕدرێنەوە...

ترێلەکان کەوتنەوە ڕێ ، کات لەنێوەی شـەو نزیـک دەبـووەوە ماوەیـەکی زۆری نـەبرد ژمارەیەکیان بەرەو ڕێیەکی دی لـەزنجیرەی تـرێلان جیـا بوونـەوە ، ئێمـە بەلایتەکانیانـەوە

زانیمان لایاندا ، ئەوانی دی بەترێلەی ئێمەوە بەردەوام بوون لە ڕۆیشتن..

کات بۆ دووی شەو دەچوو، ڕێگا تا ڕادەیەک چۆل بوو ، ئەو ترێلانەی بەر ڕێڕەوی ئێمە کەوتن ، پاش ئەوەی هەندێکیان لەگەڵ دەرچوونمان لەقەزای مەحموودییە بەمەزندە نەدەگەیشتنە دە ترێلە ، کەمتر بوون ، نزیکەی سەعات و چارەگێک بڵێ سەعاتێک و نیو دەڕییێدا بووین ، تا گەیشتینە شوێنێک نەمان دەزانی کوێیە باکوور و باشوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوامان لێ تێک چوو بوو ، بەو شەوە شوێنێک بوو لەدێیەک دەچوو، دیار بوو زۆربەی خانووەکانی قوڕ بوون ، ترێلەکان لەچۆلەوانییەکدا وەستان، پاسەوانەکان هاتن و ئێمەیان هێنا خوارەوە و بەسەر ئەو خانووە قوڕانەیان دابەش کردین، ئێمە هەر چوارمان کە سەڵت بووین و پێکەوەش لەشاری (ڕەشت)ی ئێرانەوە

گەڕابووینەوە ، پاش بگرە و بەردە و حەفت و هەشتێکی زۆر تا سەلماندمان ئێمە پێکەوەین و خانوویەک لەو خانووە قوڕانەیان داینێ ، من و ملازم شوان و هەردوو ڕەوانشاد د.سەعدی غەریب کە ڕاگری کۆلیژی کشتوکاڵی زانکۆی سلێمانی بوو. هەروەها مارف ژاژڵەیی کە لەڕاستیدا من لە (ڕەشت)ەوە ناسیبووم ، ئەوەی دەیڵێم و تا وەرگرتنی خانووەکە سەعات خۆی لەچواری بەرەبەیان دەدا ، ئێمە تا ئەو ساتە ئەوەی پەیوەندی بەژیانی بایۆلۆژیمانەوە هەبێ نەمان کردبوو لە نان و ئاو و ...تاد. نان و ئاو دابەشکردن تا بەر ئێمە کەوت کازیوەی دا و سپیایی بەرەبەیان لەدەرکەوتندا بوو ، هەر یەکەو دەبەیەکی ئەوەی جاران نەفتیان تێ دەکرد ئاو و (چونکە ئەو شوێنەی لێیان دانا بووین ئاوی لێ نەبوو) سێ تا چوارئەستوورک و هەندێ ماست و یەک

دوو هێلکــه و یــەک دوو ســەرکە پیازیــان پێداین.

وەک شـێت و هـار (لەپرۆسـەیەکی کـەس نەدیدەدا) هەموویمانم تەخت کرد ، شتێکی چەنـد خـۆش بـوو هەسـت بـەتێر بـوون ، خـۆڕایی نییـە پێشـینان وتوویانـە (برسـیەتی ڕەگێکی هاری تێدایە)، ئا لەبیرم چوو یەکەو دوو بــــەتانی عەسکەریشــــیان پێــــداین، هەنــدێکمان دوای خــواردن بەتانییەکــەمان ڕاخست و پاڵمان بەدیواری ژوورەکە دا، من دوو جگەرەشـم کـرد بەسـەرا ، خەوەکوتکـە دەیبردینەوە، بەڵام خەوی ناچاری بوو وەک دەڵێـی ( خـەو سـوڵتانە) دەنـا هێشـتا تـا ئـەو کـاتیش لـەخۆمان دڵنیـا نـەبووین چیمـان لـێ دەکــەن تــا ئــەوەی وردە وردە ترێــلەکان سـوڕانەوە و خۆیـان ئامـادە دەکـرد و ڕێیـان گرتە بەر و گەڕانـەوە ، بـۆ کـوێ چـوون ، بـۆ کوێ گەڕانەوە نازانم..

بەيانيـدا ، خۆرهـەڵات ، لـەو نـاوە تـاک تـاک خـــەڵکی گونـــدمان ، کـــە دوايـــی دەرچـــوو (ناحيەيـــە) و گونـــد نييـــە بينـــی زۆربـــەيان دەستووری عارەبيـان لەبـەر بـوو لەعـەگال و چەفيە و ديشداشە و نـەعلی پێ... بـەڵام خـوا هـەڵناگرێ بـەڕێز بـوون لەگـەڵمان تەنانـەت هەنـدێکيان پێيـان دەوتـين (تحـاتجون شـی) هيچتـان پێويسـت نييـە ، لێمـان پرسـين ئێـرە کوێيە ، وتيان ئێرە (عتێيشی)يە ، بەڵام نـاوی ڕەسـمی (نـاحيە الحسـينية)يە ، وتيـان سـەر بەکەربەلايە ، کەربەلا لێرە نزيکە ، کە دوای دەرچـوو ناونـانی (عتێشـی) کـە لـە عەتشـانی عەرەبييـــەوە هـــاتووە ، گوايـــە لـــەو جێيـــەدا ئێمـــامی حســـێن و ئێمـــام عەباســـی بـــرای و هـــاوەڵانی ســـەريان بـــڕاوە. نێـــوان ئـــەوێ و کەربـــەلا ، هـــەر بەقـــەد نێـــوانی هـــەولێر و عەنکاوە نەختێک زيـاتر دەبـوو، لـەو بەينـەدا پاسـی (تـێمس)ی بچـووک کاريـان دەکـرد و

نەفـەریان دەهێنا و دەبـردن. عتێشـی وەکـو ناحییە بوو بەڵام خەڵکێکی هـەژاری لـێ دەژیا و زۆربــەیان وا پــێ دەچــوو بەکشــتوکێڵ و مـاڵات بەخێوکردنـەوە خـەریک بـوون ، باغ و بێستان و دار و درەختێکـی لـەخۆ زیـاتری لـێ بـوو ، زۆربـەی ژنـان لەچکـدار و عـەباپۆش بوون ، سـوێندی کـەم تـا کورتێـک نـاخۆم کـە پــێ دەچــوو خوێنــدکاری قوتابخانــە بــن لەناحییەکــــەوە هەنــــدێکیان هــــاتوچووی کەربـەلایان دەکـرد ، تـەنیا لەچکـدار بـوون ، بەڵام عەبایان نەدەپۆشی...

حەفتەیـەکی بـرد بـەو حاڵـە مانـەوە ، لـەو ماوەیەدا هەندێک قاپ و قـازان و شـتومەکی پێویسـتی خـواردن و تـەباخێکی بچووکمـان (چوولــە) لەحســابی خۆمــان بەکۆمــەکی هەموومان پەیدا کرد ئەویش بەهەزار حاڵ ، چونکــــە زۆربـــــەمان نـــــەمان دەزانـــــی چارەنووسـمان چـی دەبـێ ، تـا ئـەوەی ڕۆژێ

دوای دە ڕۆژ لەهاتنمان پێیان وتین دەتوانن بچنە شار (واتە کەربەلا) ئێمە وەک ئەوەی پێیان وتبین هەر کەس بچێتەوە شار و ماڵی خۆی ئاوامان لێ خۆش هات بەوەی ماوەیەک بوو ئاوەدانییەکی لەو ڕەنگەمان نەدیبوو ، ئەو ناحییەیە تەنیا یەک چایخانە و کەبابخانەیەکی بچووک زیاتری لێ نەبوو ، وەڕس بوو بووین لەچایخانە و ئەو چوار دیوارە قوڕەی تێیدا بووین... بنیادەم سەیرە بەرگەی چەندین سەختیی دەگرێ کەچی چاوی بەهیچیش لێ هەڵنایێ ، بەهەر حاڵ ئێمە هەر چوارمان بڕیارماندا بچینە کەربەلا.

بۆ چوون بۆ کەربەلا، گەراجێک هەبوو پێیان دەگوت گەراجی کەربەلا ، ژمارەیەک (تێمیس) پاسە هەرە بچووکەکانی لێ دەوەستان کە دەوری دە دوازدە کەسی هەڵدەگرت ، بەنرخێکی ڕەمزی لەبەینی کەربەلا و عتێشی نەفەری دەگواستەوە، ئەو

ڕۆژە کـەیفمان زۆر ساز بـوو بەتایبـەتی کـە پێیـــان وتبـــووین چەنـــد ڕۆژێکـــی تـــر داتاندەمەزرێنین.

هەر چوارمان سـواری تێمس بـووین بـەرەو کەربـەلا، زۆری پێنـەچوو ئـاوا چارەگێـک یـان زیـاتر یـا کـەمتر گەیشـتینە شـوێنی وەسـتانی تێمسـەکان لەگـەراجی شـار لـە کەربـەلا کـە لەناوەڕاسـتی شـاریدا بـوو... کەربـەلا دیـارە شـــارێکی پیـــرۆزە لای شـــیعەکان بـــەوەی مەرقـەدی ئیمـامی حسـێن و ئیمـام عەباسـی بـرای لێیـە و هەمیشـە زیارەتکـاری بـۆ دێـن بێجگە لەعاشـوورا کـە سـێ هێنـدەی شارەکە خـــۆی زیارەتکـــاری تـــێ دەڕژێـــن زۆرجـــار لەعاشـــوورایێ ئەوەنـــدە قـــەرەباڵغ دەبـــوو دەرزیت هەڵاوێشتبا نەدەکەوتە ئەرزی ، جگە لەوەش کەربەلا لەچاو خۆی و هەندێ شاری تـری باشـوور شـارێکی خـاوێن بـوو ، تەناتـەت زۆر لەنەجـەف خـاوێنتر بـوو کـە مەرقـەدی

ئیمامی عەلی لێیە. جگە لەوەش کەربەلا بە باغ و بێستانەکانی دەوروبەری بەناوبانگ بوو... زۆربەی خەڵکی بەتایبەتی دوکاندارەکان کە سەروکارمان لەگەڵ دەبوون ، زمانی فارسیان دەزانی ، لەجوانی و سەرنجڕاکێشی کچ و ژنانیشیان هەر گەڕێ کە ئایەتێک بوون لەجوانی جیاواز مەسەلا ئەسمەری چاو کاڵ. یان سپی چاو ڕەش و سەوز ، یاخود غەمزەداری شیرین .. هەموو ئەوەی ئێستا کچ و ژنان بەجوانکاریش نایگەنێ ، لەکەربەلا بەسرووشتی خۆیان هەبوون ، هەندێ وایان لێکدەدایەوە ئەوە بەکاریگەری تێکەڵاوی ڕەگەزی فارس و عەرەبە، من بەخۆم ئەوەندەی دیومە لەجوانانی کەربەلام جوانتر نەدیوون.

لەلایەکی دی کەربەلا وەک شارێکی پیرۆز بارِ و مەلها و جێی لەشفرۆشی و قومارخانەی بەڕەسمی تێدا نەبوو و هەر

بـەدوایی قەدەغـە بـوون ، ئـەوەی ویسـتبای بخواتەوە دەبووایـە بچێتـە ناحییـەی (تـوێریج) کە نیو سەعاتێک لەکەربەلا دوور بوو، ڕەنگە ئێستا قەزا بێ.

هـەردوو مەرقـەدی ئیمـامی حسـێن و ئیمـام عەباسـی بـرای هـەر یـەکێکیان لەشـەقامێکی سـەربەخۆ بـوون.... ئێمـە هـەر دابـەزین ، بەپیاسە بەناو شاردا سووڕاینەوە، ئەو شەقام بـۆ ئـەو.. باڵەخانەشـمان زۆر دیـتن ، کـە زۆربـەیان یـان ئوتێـل بـوون یـان شـووقەی ئامـادەکراو بـۆ زیارەتکـاران.... جگـە لـەوەش زۆر چایخانەشـمان لـەڕێڕەوی پیاسـەماندا بینی... تا ئەوەی لەچایخانەیەکی ئاوا نـەختێک گـەورەتر لـەوانی دی لەدەوروبـەری مەرقـەدی ئیمـام عـەباس دی و بڕیارمانـدا پشـوویەک بـدەین و هـەر دانیشـتین و دانەنیشتین من لەدووررا نیعمەت عەبدوڵڵام بینـی لەگـەڵ سـێ چـوار کـەس لەسـەر

قەنەفەیـــەکی داری کـــۆن ، لـــە وێنـــەی قەنەفـەی چایخانـەکانی هـەولێر بـە نموونـە چایخانـەی مـەچکۆ دانیشـتبوو. وتـم براینـە ئەوانـەی ئەوسـەر هـەموو کـوردن ، مـن یـەکێکیان بەناسـین دەناسـم ئـەوانی دیشـم دیووە، بەڵام نایان ناسم دەچمە لایـان، ئـەوان دانیشـتن مـن بـەرەو ڕووی نیعمـەت چـووم، ئـەویش کـە لێـی نزیـک بوومـەوە منـی ناسـییەوە، ئـاخر ئێمـە لـە ناوەڕاسـتی حەفتاکانەوە یەکترمان دەناسی ، جگە لـەوەی ساڵی 1974یش زۆر جار تەسادوفم دەکرد... ئـەو لـەمن ، مـن لـە ئـەو نزیـک بووینـەوە باوەشـمان بەیەکـدا کـرد، کـە حاڵەتێـکی ئینسانییە دوو غـەریب لەشوێنێـکی وا یـەکتر ببیننەوە( وکل غریـب للغریـب نسیـب) ، وتـی وەرە ئـەوە بـرادەرانن ، کـە چـووم حـاکم تۆفیق کە وەختی خۆی مـدیر ناحیـەی گەڵاڵـە بوو ناسیمەوە ، هـەروا برادەرێکی تـر صادق

کە لە هەولێر لە چاپخانەدا کاری دەکرد، خوای لێی خۆش بێ کۆچی دوایی کرد، ئەویشم ناسیەوە ، یەکێکی دیکە کە ناوی شێرزاد جبرائیل ئەوم نەدەناسی، هەروەها برادەرێکی تر، بەهەر حاڵ منیش ئەوانم بردە لای برادەرانی تر کە پێکەوە بووین، ئیتر بازنەکە فراوانتر بوو و دەردە دڵ زۆرتر تا درەنگانی عەسر، دوای ئەوەی هەر لەتەک ئەو چایخانەیە چێشتخانەیەک هەبوو نانی نیوەڕۆمان لێ خوارد. پاشان نیعمەت و ئەوان وا دیار بوو لەشووقەیەک دەژیان ، ئێمە درەنگمان بەسەردا هاتبوو چوینەوە گەراج و گەڕاینەوە جێی خۆمان لە خانووە قوڕەکانی (عتێیشی).

هەفتەیەکی نەبرد پارێزگاری کەربەلا (محمد حسين الشامی) کە پاش چەندان ساڵ زانیمان لەسەر ئەوەی چوو بووە پرسەی سەرکردەیەکی خزمی کە سەدام حسێن

ئیعدامی کردبوو، 6 ساڵیان حوکم دابوو و لەزیندان بووە، بەهەر حاڵ پارێزگار وەک چۆن چووە لای نەفیکراوەکانی تر هاتە لای ئێمەش.

لەگەڵ نزیکبوونەوەی لەو حەسارەی ژوورەکەی ئێمەی لێ بوو ، دەم و دەست ڕاوانشاد د،سەعدی غەریبی ناسیەوە کەوا دیارە لەقۆناغی زانکۆدا دەرسی پێ وتووە، ئیتر لەگەڵ بینینی د. سەعدی ئوستاز وە ئوستازی دەکەوتەوە ، وا باوە  مامۆستا قوتابی خۆی ناناسێتەوە بەپێچیەوانەوە قوتابی مامۆستای دەناسێتەوە ، ناسینەوەی د.سەعدی غەریب لەلایەن پارێزگارەوە خێری بۆ ئێمەش پێوە بوو، یەکسەر بۆ بەیانی بە ئەمری پارێزگار ئێمەیان بۆ بینایەکی حکوومی کە بیرم نەماوە قوتابخانە بوو یاخود بۆ فەرمانگەیەک دروستکرا بوو گواستەوە ، ئیتر لەکۆڵ مێش و کێچ و پێشکە

بووینـەوە، بیناکـە بـۆ ئێمـە لەکۆشکی پاشایان خۆشـتر بـــوو ، بەتایبـــەتی کـــە شـــەش یـــان هەشـــت حـــەمام و ئاودەســـتی تێـــدا بـــوو ، حەوشـــەیەکی گـــەورە.. هـــەر لەوکاتەشـــەوە پارێزگار هەرێی ئەوەی پێدابن وا بکەن پەلە بکرێـــت لەدامەزرانـــدمان لـــەناو شـــار وەک د.سەعدی داوای لێ کرد ، زۆری نەبرد ئاوا مـــاوەی حەفتەیـــەک یـــان دە ڕۆژ ئێمـــە کـــە ڕۆژانە دەهاتینە کەربـەلا و لەچایخانـە لەگـەڵ ئـەوانی دانیشـتووی نـاو شـار دادەنیشـتین و چەندین جار چووینە ئەو شووقەیەی نیعمەت عەبدوڵڵا و ئەوانی لێ بوو، وای لێهات خەڵکی دیکەشـمان دیتـەوە، لەوانـە دۆسـتی دێـرینم هونەرمەنـد حەسـەن گـەرمیانی کـە مامۆسـتا بوو لـەئامادەیی کشتوکاڵ و هـەروەها سـەید داوود کە دەرچووی کـۆلیژی قـانوون بـوو و هەروەها نزار ڕەحمەتوڵڵا کە ئەفسەر بـوو و نەقلی وەزیفەیەکی مەدەنی کرابوو چەنـدانی

دیکـــەی خـــەڵکی ســـلێمانی و هـــەولێر و کەرکووک کە بۆ جاری یەکەم ناسیمانن و غەریبایـــەتی وردە وردە لێکـــی نزیـــک کردینەوە. خۆی ڕاستە شتی بەزۆر و قـەول شکاندن و درۆ لەگەڵ کردن ناخۆش بوو ، کە ئێمەی هەڵدایە ئەو شوێنە و هی تریش بـۆ شـارەکانی دی ، بـەڵام نـای شـارمەوە لەدوایـدا پـاش چەنـدان سـاڵ کـە مەینـەتی خراپتـــر و وێرانتـــر بەســـەر نیشـــتمان و گەلەکەمانـــدا هـــات لەئـــەنفال کـــردن و بـــەکیماوی لێـــدان و پاشـــان کارەســـاتە تراژیکومییدیـەکانی دوای ڕاپـەڕین.... ئێمـە ئەوسا کە هێشتا ئومێدمان بە ئاینـدە هـەبوو بەبەراورد لەنیمچە بەهەشتێکدا بووین...

دە ڕۆژی نەبرد پاش پڕکردنـەوەی زانیـاری لەســـەر هـــەمووومان هـــەر یەکـــەمانیان لەفەرمانگەیـەک دامەزرانـد، مـن کـە ئەوسا دەرچـووی سـێی ناوەنـدی بـووم ( چونکـە

خوێندی ئێرانێم بۆ حساب نەکرا دەنا من بە حەقیقی لەوێ گەیشتبوومە پۆلی پێنجەمی ئامادەیی ) ، بە(کرێکاری ناشارەزا – عامل غیر ماهر) لەگەراجی (مەسڵەحەی نەقلی ڕووکاب) دامەزرام .

ڕاستی بەهۆی شایەدنامەکەمەوە تەنیا من بەکرێکار دامەزرام ، برادەرانی لەگەڵم بوون ، هەموویان بەفەرمانبەر ، ئەوەی عەسکەریش بووایە دەیانهێنایە سەر میلاکی مەدەنی و بەفەرمانبەر دایاندەمەزراند، وەک بەنموونە ملازم شوان (عبدولئیلاه احمد) کە دەرچووی کۆلیژی سەربازی بوو هێنایانە سەر میلاکی مەدەنی... من لەفەرمانەکەمدا وەک کرێکار زۆر ماندوویان دەکردم لەو شوێنە ڕۆژانە پێنج تا شەش ئامانە (پاس)ی گەورەیان پێ دەشووشتم و پاک دەکردەوە ، دەوامێکی زۆر، معاشێکی کەم تەواو هیلاکیان کردم ،

بەرپرسی گەراج تا بڵێی کابرایەکی تڕوهات و خۆبەزلزانی توند بوو نەک هەر لەگەڵ من بەتەنیا ، لەگەڵ هەموو کرێکارەکان وابوو.

بارەکە وا ڕۆیشت ، ئێواران کە دەگەڕامەوە ئوتێل ، چونکە ئێمە پاش دامەزراندن ڕێگەیان پێداین بێینە ناو شار، هەبوون چوونە شووقە هەشبوو چووە ئوتێل ، من لەئوتێلی (شەیبانی) بووم" ئوتێلێکی بێ پلە بوو لەلاکۆڵانێک ، هەندێ کوردی تریشی لێ بوو، ئێواران بەجەستەیەکی ماندوو دەگەڕامەوە نانێکی هاکەزایم لەچێشتخانەیەکی نزیک ئوتێل دەخوارد و دەچوومەوە ئوتێل ، ئیتر تا وەختی خەوتن لای من باس هەر باسی ئەو کابرای بەرپرسی گەراجی پاسان بوو ، کە چۆن ڕێگەچارەیەک بدۆزمەوە نەقلی شوێنێکی ترم بکەن... ئیتر کرێکاری ناشارەزای ئەوسا ، خۆی چی و بەنەقل چی

لەمەسەلەکە دەگۆڕێ ، بەڵام من هەمیشە وام لێک دەدایەوە بچمە هەر شوێنێک باوەڕ ناکەم بەرپرسەکەی وەک بەرپرسی گەراجی (ئامانـان) پاسـان بـێ ، ئـەوەها دڵـڕەق و خۆپەرسـت و خۆبـەزلزان و تڕوهـات. بـەو جۆرە مامەوە ڕۆژانە بەتایبەتی بە نیعمەت و ملازم شوانم دەگوت ، چ دەبێ ئەگەر دەوام نەکـەم ، ئـەوانیش هـەموو جـارێ بـەوە سـاردیان دەکردمـەوە کـە ماوەیـەکی دی سـەبر بگـرم تـا بـزانین بـەڵکو دەروویـەک بکرێتەوە و بمان گەڕێننەوە کوردستان.

منیش دەمگوت وایە (ئەگەر لەمن نەدەن لەحەمەدی برا بدەن ، لەمن وایە لەجەواڵی کایێ دەدەن) ، ئەوان جێیان لەچاو جێی من خۆش بوو، چارەکی منیش ماندوو نەبوون بەپاس شوشتنێ ، بەو جۆرە هەفتە و مانگ تێپـەڕین تـا ڕۆژێ وەک خـدری زینـدە پارێزگارمان لێ پەیدا بوو ، هەمان پارێزگار

کەمنی لەگەڵ د.سەعدی بینی بوو ئەوەی وەک دەڵێن لەخانووە قوڕەکانی عوتێشی ، ئەو ڕۆژە بەسەرردانی بەسەرکردنەوەی فەرمانگەکان هاتبوو...

ئێمە، کرێکارەکانیان کۆکردەوە ، هەموومان جلوبەرگی کارمان لەبەر بوو کە بریتی بوو لەبەدلەیەکی مۆر، جزمەیەکی لاستیقی تا چۆکان ، پارێزگار دایەرەکەی هەموو بەسەر کردەوە ، کابرای بەرپرس لەپێش پارێزگار نەوعێکی تر بوو، ئەوە نەبوو کە غەدری لە ئێمە دەکرد و ڕۆژانە هەرکرێکارێکی لانی کەم چوار پاسی پێ دەشووشت، پارێزگار زۆر نەمایەوە ، خۆی هەر دایەرەکەش گەراجی پاسی مەسڵەحە هەر بایی ئەوەندە بوو ، من هەر لەفکری خۆمدا بووم ، پێی بڵێم پێی نەڵێم ، دواجار جورئەتم دایە بەرخۆم و کۆنە هەوییەکی ڕۆژنامەی (التاخی)م پێ بوو دەرم هێنا و لەدەستم

گـرت و بـەرەو ڕووی پارێزگـار کـە تـازە خەریک بوو خواحافیزی دەکرد بڕوا وتم:

( ئوستاز ... العفو ) مامۆستا ببوورن...ئاوڕی دایـەوە پێشـەکی بـەبیرم هێنایـەوە کـە مـن لەگەڵ جەماعەتی د. سەعدی غەریبین ( مـن الاکـراد العائـدین ) ئـەوە نـاوە ڕەسـمییەکەمان بوو ، یەکسەر وتی (تفەزەڵ ئیبنـی) فـەرموو ڕۆڵـە ، وتـم ئوسـتاز ڕاسـتی مـن کـاتی خـۆی ڕۆژنامـەنووس بـووم لـە ڕۆژنامـەی (التـاخی) ئێستاش پێمخۆشە جەنابت لوتف بکەن بـەڵکو لێرە نـەقلم بکـەن ، یەکسـەر بـێ سـێ و دوو وتـی باشـە ، ڕۆژی شـەممە وەرە پارێزگـا ، وتم ئەگەر وەرقەیەکم بدەنێ نەبادا نەهێڵن. بەکەسێکی کە لەگەڵی بـوو وت وەرقەیـەکی بـدەیێ وابـزانم سـکرتێری بـوو... ئـەویش دەسـت بـەجێ وەرقـەی بـۆ نووسـیم پـاش ئـەوەی نـاوی سـێینەی لـێ پرسـیم. پارێزگـار ڕۆیشـــت، ئینجـــا مـــا کـــابرای کەللـــەبۆرە،

بەرپرسی گەراج لێم دەر بووەوە، تۆ چۆن بەبێ پرسی من قسە لەگەڵ سەیدولمحافیز دەکەی و شتی لەو بابەتە تەنانەت گەفی ئەویشی لێ کردم کە ڕێ نەدا نەقڵ بم ، لەو سەریشەوە ئەو کرێکارانەی لەگەڵم بوون کۆڵێک پێیان خۆش بوو و (زێن سەوێت)جاکت کردیان پێ دەگوتم.

ئێوارە پاش دەوام بڕادەرانم بینی و مەسەلەکەم بۆ گێڕانەوە و ڕاوێژم پێ کردن کە دوو سبەی شەممە چی بکەم و چی بڵێم باشە ، بەهەر حاڵ شەممە چوومە پرسگەی پارێزگا و کاغەزەکەم پیشاندان یەکسەر منیان نارده لای یاریدەری پارێزگار... هەر لای سکرتێرەکەی ئەوەی لێ پرسیم کە تا چەندم خوێندووە ، کەی لەئێران گەڕاومەتەوە و شتی لەو بابەتە، من ئەوسا وەک وتم سێی ناوەندیم تەواو کردبوو، بوو بووم بەچواری ئامادەیی کابرای سکرتێری

یاریدەری پارێزگا بۆ کاروباری ناوخۆ کە ئەوسا ئیدارەی محەلییان پێ دەگوت و گەراجی پاسانیش سەر بەوێ بوو.

سکرتێر چووە ژوورەوە پاش ئاوا چارەگێک بیست دەقە هاتەوە جێی خۆی و وەرەقەیەکی دامێ و وتی بیبە بۆ زاتیە ، لێی نووسرا بوو (بناء علی امر السید المحافیز یعین نژاد عزیز قادر من الاکراد العائدین فی الادارة المحلیة حسب الاصول والقوانین)، ئیمزا وابزانم یاریدەری پارێزگار کردبووی ، ئیتر لەو ڕۆژەوە من بووم بەفەرمانبەر لە ئیدارەی محلی کەربەلا بەناونیشانی (کاتب) . ڕاستی سەرەتا زۆرم کەیف بەخۆ هات کە مێز و کورسییەکی ئاسنیان پێدام ، لەگەڵ دوو کەسی دی کە یەکێکیان دیار بوو شیوعی بوو ، ئاخر ئەوسا هێشتا جەبهەی شیوعی و بەعسی بەرقەرار بوو ، زۆر جاران ڕۆژنامەی (طریق

الشعب)ی ڕۆژانەی دەهێنا تا ئەو کاتەش هەر (جەبهەی وەتەنی و قومی تەقەدومی) بوون لەگەڵ بەعسیان، ئەوی تر فەرمانبەرێکی بێ وەی بوو تەنیا خەریکی ئیش و کاری خۆی بوو...

کە منیان لەوێ دانا لەلایەن بەرپرسی خۆیەتییەوە پێی وتن ( ئەوە فڵانی کوڕی فڵانە مـن ئیخواننا ئەلئەکراد ئەلعائدونە معەین جدید راح یشارککم الغورفە)، ئەوە فڵانی کوڕی فڵانە لە برایانی کوردی عائدوون تازە دامەزراوە لە ژوورەکەدا لەگەڵتان دەبێ، ئەوانیش یەکسەر بەخێریان هێنام و دوای ئەوەی بەرپرسی خۆیەتی ڕۆیی بەخوا چا و ئاویشیان بۆ داواکردم...

ئەو ڕۆژە درۆ چپا نییە خۆم نەختێک لە بەرەژێری پاشایەکی سەر تەختیدا دەدی ، حەزم نەدەکرد دەوام تەواو بێ هەندەم لێ

خۆش هاتبوو ، ئێوارە کە برادەرانم بینی بۆم گێڕانەوە زۆریان پێ خۆش بوو ، هەر ئەو ئێوارەیەش هونەرمەند حەسەن گەرمیانی دۆستی دێرینم بینی ، هەروەها دووسێ کەسی تازەی تر یەکێکیان سەید داوود کە پارێزەر بوو خەڵکی هەولێر بوو ، چەند کەسێکی خەڵکی سلێمانیشم بینی ڕاستی ناوەکانیانم بیر نەماوە وابزانم یەکێکیان ناوی دلێر بوو..

من زیاتر لەشەش مانگ بوو گەڕابوومەوە خەبەریماڵیم نەدابوو ، حەزم نەدەکرد، چونکە لەخۆمان دڵنیا نەبووین ، ئەوان دووچاری مەترسییەک ببنەوە ، بەتایبەتی کە ماڵێشمان دەمزانی هێشتا لەگەڵاڵەیە ، کە ئەوێش چاودێرییەکی وەک بیستبووم زۆری لەسەر بوو بەحوکمی مێژوو و جواغرافیای شوێنەکە .. بەو جۆرە بەردەوام بووم لەدەوام ، تەنانەت لەبەر خۆمەوە دەمگوت

ئای کە  وەزیفەی (کاتب)ـایەتیش خۆشە ، ڕاستی ئەگەر ڕۆژێ چەند نووسراوێکی فەرمیم نووسیبا یاخود بمنووسیبایەوە ، کارێکی لەو چەشنە زەحمەتەم نەبوو لەچاو گەراجەکە تەواو وەک پاشای سەر تەخت وا بووم.

ڕۆژگارێکی تەواوم بەسەر برد بەو شێوەیە ، من هەر وەکو جاران ئێواران لەگەڵ برادەران شەویش لە ئوتێلی ( ئەلشەیبانی)، هەندێ لەبرادەران چووبوونە ئوتێلی دی کە لەمەرقەدی ئیمام عەباسەوە نزیک بوو بەناوی (ئوتێل ڕافدێن) ڕاستە نرخی گرانتر بوو نەختێ ، بەڵام بەهۆی برادەرانەوە حەزم لێ بوو منیش بچم بۆ ئەوێ، ئەوە بوو شتەکانی خۆم دە جانتای هاوێشت، هاتمە بەردەم خاوەن ئوتێل کە بەخۆی لەسەر مێزی دەخیلە دادەنیشت، وتم: ببوورە حیسابی من چەندە؟

وتی: خێر بۆ دەڕۆی؟

وتـم: بـەڵێ دەچمـە لای چەنـد برادەرێـک ، بەڵام نەمووت بۆ ئوتێل ڕافیدین...

وتی: کاکە ئێمە لەئەمنەوە ئاگادارکراوین کە قەدەغەیـە بـێ ئیجـازەی ئـەوان لـەم ئوتێلـە بڕۆی.

کـــابرا لـــەنیازپاکی خـــۆی نووســـراوەکەی پیشـــاندام ، منـــیش پـــێم وت باشـــە ئـــەو نووسـراوەم بـدێ تـا مراجەعـەی پـێ بکـەم و ئیجازەکە وەربگرم ، خوا هەڵناگرێ پێی دام ، کـــە ئێســـتاش نووســـراوەکەم پاراســـتووە (نووســخەیەکی لەبــەرگیراوی لەگــەڵ ئــەو نووسینە دایە).

بەهـــەر حـــاڵ مەســـەلەکەم بـــۆ بـــرادەران گێڕایـەوە و یـەکیان وتـی لـەبیرم نـەماوە کـێ بـوو، بـۆ بـە ئەوانـەی دایـەرە نـاڵێی کـە لـە ژوورەکـەدا لەگـەڵتن ، بـەڵکو ئـەوان کەسێک

بناسـن، بـەیانی زوو لەگـەڵ دەوام بـەو دوو کەسـەم وت. کـە وتـم یـەکێکیان دیـار بـوو شیوعی بوو... ئەوی دی بەحیساب بێ دەخل بوو، یەکسەر هەڵیدایێ وتی : (ئانی ئەدبرلک کاکە...تدلل)، من بۆت جێبەجێ دەکەم کاکە تۆ ئـەمر دەکـەی.. خـوا هـەڵناگرێ دوو سێ ڕۆژی پێ نەچوو، کابرای خـاوەن ئوتێـل هاتـە لام و پێـی وتـم (بەللـەغونا) واتـە ئاگاداریـان کردینەوە ئێستا دەتـوانی بـڕۆی کاکـە لەگەڵ کۆڵێـک داوای لێبـووردن کـە بەدەسـت مـن نەبووە و ئەمر بووە..تاد.

ئیتـر لـەو ڕۆژەوە پـارەی لەسـەرم بـوو لـە ئوتێل (ئەلشەیبانی) دام و گواستمەوە ئوتێـل ڕافـدین. ئـوتێلی ڕافیـدێن لـەچاو ئوتێـل ئەلشـەیبانی پـاک و تـەمیزتر و بەخزمـەتر بوو... لەسەر شەقامی سەرەکیش بوو نزیک مەرقەدی ئیمام عەباسی بوو ، کە هەمیشە زیارەتکاری بۆ دەهاتن... زۆر لەبرادەرانیش

لـەو ئوتێـلە گیرسـابوونەوە ، ژیانمـان ببـووە لەدەوامەوە بۆ ئوتێل و چێشتخانە و ئوتێـل و نووستن و دەوام...

جار نا جار بێ ئیجازە سـەرمان لەبەغـدا دەدا و دەگەڕاینــەوە. ئێســتاش لــەبیرم نــەچووە شـەوێک مـن و مـلازم شـوان و د.سـەعدی و مارف ژاژڵەیی چووبووینە تویریج لەیانەیەکی تویریج کە برایانی ئێزیدی بەڕێوەیان دەبرد. درەنگیش بوو زوو نەبوو، بەیانیش دەواممان هەبوو، وتیان با سەرێکی بەغدا بدەین ، مـن وتـم کـوڕە باوکتـان چـا، دایکتـان چـا بـەیانی دەوامـمان هەیـە ، ئـەوان وتیـان هـەر دەچین لەبەغداوە دەگەڕێنەوە کەربەلا... وەک عادل ئیمام دەڵێ (أسروا الحاحا) چووین، گەیشـتینە بەغـــدا زۆربـــەمان خـــەومان دەهـــات ، بڕیارماندا بچینە ئوتێل ، پێم وتن براینە ئاخر من هیچ هەویە و ئیجازە و ئەمانەم پێ نییە ، ئـەوان هـەر یـەک کۆنـە هەویـەکی پـێ بـوو،

منــيش كۆنــە هەويــەكى نــوێ نــەكراوەى ڕۆژنامەى (التاخى)يم هەبوو ، بەڵام لەلايـەك بەسـەرچوو بـوو پێشـم نـەبوو لەجانتاكـەمم دانابوو لەكەربەلا.....

د.ســـەعدى كـــە خـــاوەن ئوتێلەكـــە داواى ناسـنامەى لێكـردين ، يەكسـەر وتـى : ( انـى د.سعدى عميد كلية الزراعة ) من د،سەعديم ڕاگـرى كـۆليژى كشـتوكاڵ ، هەويـەى خـۆى داىێ و ئينجا وتى ئەمەش كوڕمە (واتە مـن) ئيتر كابرا قسەى نەكرد.

شــەو هــەر ئەوەنــدەى بەبــەرەوە مــابوو نـەختێك نووسـتين و خێـرا بـێ تێشـت بـەرەو گـەراجى عـەلاوى و گەڕانـەوە بـۆ كەربـەلا.. كـــارێكى عەبەســـى بـــوو كردمـــان ، پاشـــان ماوەيـەكى زۆر بـوو ڕەخنـەمان لـەخۆمان و ئـەو برادەرانـە گـرت كـە (ألحـوا اسـرارا) بـۆ چووين ، تا واى لێهات، ئەگەر ڕۆژێك يەكێك

پێشنیازی چوونە توێریجی بکردابووایە من دەمگوت بەو مەرجەی دێم پاشان بەغدای لەگەڵ نەبێ....

تا دەهات ناوە ناوە کوردمان دەدیتن ، تازە هاتوو و کۆن ، ناسیاو و نەناس ، کار و ژیان بەو ڕەنگە بەرێوە دەچوو، تا ڕۆژێک (ئەمر ئیداری)یەکیان بۆ هێنام منیان بەتەنیا نەقڵی (کتێبخانەی گشتی) پارێزگای نەجەف کردبوو، ئەوسا کتێبخانە گشتییەکان هەموویان سەر بەئیدارەی محەلی بوون ، وەک بڵێی خۆڵ و دۆم بەسەردا کرابێ، پاش ئەوەی هەوڵێکی زۆرم دا بێ سوود بوو، ناچار (ئینفکاکیان) پێ کردم و ئێوارە برادەرانم بینی لەوانە ملازم شوان و نیعمەت و حەسەن گەرمیانی و حاکم تۆفیق و صادق و نزار ڕەحمەتوولڵا و شێرزاد جوبرائیل کە هەموویان لەچاپخانە بوون ، ئەوانیش کە خەبەرەکەیان بیست پێیان ناخۆش بوو لێک

دادەبڕێــین ، بــەڵام چارەیــەکی دی نــەبوو ، ڕاســتی پاشــان مــلازم شــوان تــەکلیفی لــە د.سـەعدی کـرد بـەو سیفەتەی کـاتی خـۆی مامۆستای پارێزگار بووە ، بەڵام د. سەعدی لەگەڵ ئەوەی زۆریشی پێ ناخۆش بوو کە نەقڵ کراوم ، بەڵام وتی بێ سوودە و نایکەم ، بـەو جـۆرە خـوا حـافیزیم لـێ کـردن ، بـۆ بـەیانی کـە مـن هەسـتام ئـەوان چووبوونـە دەوام ،...

کەلوپـەلی خـۆم کـۆ کـردەوە بـەرەو گـەراج سـواری پاسـێکی داریـن بـووم ، هــەر خـۆم حـــەزم کـــرد دەنـــا (18) نەفەرییـــەکانیش هەبوون" ئەو پاسانە (دەگ ئەلنجەف)یان پێ دەگـوت، دونیایــەکی ســەیرە لــەناوەوە، تــا گەیشتینە نیوەی ڕێ، کە هـەم پێیـان دەگوت (خـان الـنص) و هـەمیش نـاوە ڕەسـمییەکەی (ناحیـە الحیدریـة) بـوو ، هـەر ئـەوێش بـوو لەهــەرای ئــەو ســاڵی شــیعەکان دووچــاری

بۆردوومـانی تـۆپ و فڕۆکـه هـات ، بەهـەر حاڵ لای چێشـتخانەیەک وەستاین کـه تککه و کـەباب و ئەوانـەی هـەبوو مـن جگـه لـەوەی تێشتم نەخواردبوو ، هەموو هەناویشم لەگەڵ تاسەی پاسەکەدا هـاتبووە خـوار، برسیم بـوو، نەفـەرێک کـەبابی مسـتەحەقم خـوارد پاشـان چایەکیشم کرد بەسەرا بەجگەرەیەکەوە، پاس زۆری پـێ نـەچوو ڕێگـەی گرتـەوە بـەر ، ئـاوا دوای (خــان الــنص) نیــو ســەعاتێکی پێچــوو گەیشتینە نەجەف.

نەجەف وەک کەربەلا نەبوو، شارێکی پاک بێ شـەقامەکانی نەجـەف بێسـەر و بـەر دەهاتنـە بەرچاو ، هەروەها ئوتێلـەکانی نەجـەف ، جگـە لـەوەش بـەهۆی گۆڕسـتانە گەورەکـەیان کـە ڕەنگــە ئێســتا ڕووبــەری بەقــەد شــارێکی کوردســتان بــێ ، شــارێکی کــەئیب بــوو ، دانیشتووانیشـی هـەر بـەو شـێوەیە ، لەگـەڵ ئەوەشــــدا لــــە ڕووی فەرهەنگییــــەوە ،

فەرهـەنگی ئیسـلامی و بەتایبـەتی فەرهـەنگی شــیعە مەززەبــەکان ، هەرچەنــد لــەڕووی کۆمەڵایەتییــەوە دواکــەوتنی بەئاشـکرا پێـوە دەبیندرا ، بەدەگمـەن ئافرەتی سفووری لێ دەبینــدرا ، لەبەرابــەردا چەنــدین چاپخانــەی تێـــدا بـــوو ، کـــۆلیژی (فیقیـــە)ش کـــە شـــــایەدنامەی بەکالۆریۆســـــی دەدایـــــە دەرچووانی...

مـن بـەخۆم کۆشـیعری یەکـەمم لەنەجـەف لەچاپخانەی (النعمان) چاپکرد ،

هەرچەنـدە چاپخانەیـەکی دواکـەوتوو بـوو ، بەڵام بۆ ئەو سـەردەمە خـراپ نـەبوو ، جگـە لـــەوەی نرخـــی چاپکردنیشـــی تێـــدا لـــەچاو چاپخانەکانی بەغدا هەرزانتر بوو...

سەرەڕای ئەوەش بەهۆی هاتوچووم بۆ ئـەو چاپخانەیـە، زۆر شـاعیر و نووسـەرم ناسـین ، لەوانـە خوالێخۆشبوو (مستەفا جەمالـەددین)

خاوەنی دیوانی (عیناک واللحن القدیم) کە مامۆستاش بوو لەکۆلیژی فیقە ، هەر بەبۆنەی چاپکردنی یەکەمین کۆشیعرم لە ساڵی 1977دا لەو چاپخانەیە ڕۆژێ خاوەنی چاپخانەکە ، ژوورێکی پیشاندام سەرتاپای کتێبی گەورەی بەرگ نەکراو بوو ، وتی کاکە ئەوە هەزار کتێبی شەرفنامەیە بەکوردی کاتی خۆی بۆ (کۆڕی زانیاری کورد)م لەچاپداوە ئەوەندەی لێ ماوەتەوە تا ئێستاش نەهاتوون وەریبگرنەوە ، پارەشیان نەداوە ، دەتوانی کارێک بکەی خەبەریان بدەیێ ، منیش قەولم پێدا لەیەکەمین سەردانم بۆ بەغدا پێیان دەڵێم ، وتی بۆ تەلەفۆنیان بۆ ناکەی ، وتم باوەڕ بکە تەلەفۆنیان نازانم چەندە ، وتی ئەگەر کەسێک بناسی من بۆت پەیدا دەکەم ، وتم باشە ژمارەی بەددالەکەم بۆ پەیدا بکە، من ڕاستەوخۆ تەلەفۆن بۆ سەرۆکی کۆڕ دەکەم،

یـان ڕاسـتر سـەرۆکی دەسـتەی کـورد لـە کـۆڕی زانیـاری عێـراق ، کـە ئـەو کاتـە وای لێهـاتبوو، ئـەو دەمـیش مامۆسـتا مەسـعوود محەمەد بوو.

مـن ڕۆژانـە بـۆ چـاپکردنی کۆشـیعریەکەم سـەردانم دەکـرد بـۆ هەڵـەچنی و ئەوانـە، بـەیانی کـە چـووم ژمـارەی بەددالـەی کـۆڕی پەیدا کردبوو..

بەتەلـەفۆنی چاپخانـە ژمارەکـەم لێـدا ، دیـار بـوو بەددالـە بەعـەرەبی جوابی دامـەوە، وتـم ئەگـەر بکـرێ دەمـەوێ قسـە لەگـەڵ ئوسـتاز مەسعوود سـەرۆکی هەیئـەی کـوردی بکـەم، مـن فلانـم لەنەجەفـەوە قسـە دەکـەم و کارەکەش پەیوەندیدارە بەدەستەی کـوردی کۆڕ...کـە وام وت یەکسـەر تـەحویلی کـردم، مامۆسـتا مەسـعوود خـۆی وەڵامـی دایـەوە، یەکسـەر بـەکوردی وتـی فـەرموو، وتـم

مامۆستا مـن نـاوم نـەژادە حـاڵ و حیکایـەتی ئەوەندە دانە بێ بەرگەی شەرفنامەی مام هــەژار لەچاپخانــەی (النعمــان) لەنەجــەف کـەوتووە، وا دیـارە پـارەی نـەدراوە ، بۆیـە بەرگیشـی تـێ نـەگیراوە ، بەپێویسـتم زانـی ئاگـاداری جـەنابت بکەمـەوە ، پاشـان وتـم ئەگەر دەکرێ خۆتان قسە لەگەڵ خاوەنی چاپخانـە بکـەن ، ئـەوەتا لەتەنیشـتمە لەگـەڵی ببڕێننـەوە، چونکـە زۆر ئیلحـاحی لـەمن کـرد، ژمـارەی بەددالـەی کـۆڕیش هـەر خـۆی بـۆ پەیدا کردم ، ئیتر من گووشی تەلەفۆنەکەم دایە دەست ئەبو نازانم چی ، بیرم نەماوە ، واتە خاوەنی چاپخانە چونکە بیرم نەماوە، پێم وت ئــەوە ئوســتاز مەســعوودە ڕەئیســـی هەیئەی کوردی مجمع.

وا دیـار بـوو پاشـان بەماوەیـەکی کـورت لێژنەیـەک هـاتبوون کتێبـە بـێ بەرگـەکانیان بـارکردبوو و حـەقی کـابرای چاپخانەشـیان

دابوو، خوا هەڵناگرێ لەچاکەی ئەوە خاوەنی چاپخانــە لــەچاپکردنی کۆشــیعری یەکــەمم خاترێکی چاکی گرتم .

ڕاســتی لەچاپــدانی کۆشــیعری یەکــەمم لــە چاپخانـــــەی (النعمـــــان) لـــــە نەجـــــەف حیکایەتۆکەیەکیشــی لــە پشــتە ، چــوون لــە هەمان وەخت بوو پێم باش بوو بەسەریدا تێنەپەڕم .

ئـەو کاتـەی ئێمـە بـۆ ناوەڕاسـت و باشـووری عیـڕاق نـەفی کـرا بـووین ، بـە هـۆی ئـەوەی مووچەیـەکی دیاریکراومـان هـەبوو ، بـەحاڵ بەشی بخۆوبڕۆی دەکرد بە تایبەتی بۆ مـن کـە بـە شـایەدنامەی سـێی ناوەنـدی دامـەزرا بـووم ، چ جـای ئـەوەی بیـر لـە چـاپکردنی کتێبان بکەینەوە..

لەو کاتەدا بیرم بۆ ئەوە چوو (کۆڕی زانیاری کورد) وەک دەزگایەکی کوردی

کە دوو سێ چاپکراویم لەو شێوەیەدا بینی بوو پێشکێشی ئەوێی بکەم .

لەو دەمەدا کۆڕ بە دوو بژاردە یارمەتی نووسەرانی دەدا ، یەکیان چاپکردن بوو وەک بڵاوکراوەی خۆیان ، ئەوی دیکەیان دەسگیرۆیی ( تعضید ) بوو ..

منیش بە پێی ئەو یاسا و ڕێسایانەی کۆڕ کاری پێ دەکردن بردم و پێشکەشم کردن ، پاش ماوەیەکی زۆر کە کۆشیعرەکەم بە هەر جۆرێک بێ خستبووە ژێر چاپ دوای بێ هیوا بوون لە وەڵام کە دوایی وەڵامیان بە نەرێنی دامەوە، بەو مانایەی نەدەتوانن چاپی بکەن و نە یارمەتی لەچاپدانی بدەن ..

ئەوە لە وەختێکدا وەکات هەر لە کۆشیعر دوو کۆشیعری دی چاپکرابوون کە لەو ئاستەشدا نەبوون لە دەزگایەکی وەک کۆڕ ، کە هەمیشە شایەدی باشی لەم بارەیەوە بۆ

دراوه و دەدرێ چاپ بکرێن ، هەر ئەوەش بوو ئەنگیزەی ئەوەی منیش بیر لەوە بکەمەوە.

لەو ڕاستەشدا  کە بێ هیوا بووم لە لایەک هەوڵم دا قسە لەگەڵ خاوەنی ئەو چاپخانەیە بکەم کە پێشتر بە هۆی چەند برادەرێکەوە بینیبووم ، بەوەی چابخانەیەکی ئەگەرچی دواکەوتوو بوو بەڵام زۆر هەرزانتر بوو لە چاپخانەکانی بەغدا ، بۆ من یەکاویەک بوو

لە لایەکی دی نامەیەکی ئاماڵگلەییم ڕاستەوخۆ بۆ سەرۆکی کۆڕ مامۆستا مەسعود محەمەد نووسی ، کە تا ئەو کاتە نەمدیبوو تەنیا لە ڕێگەی کتێب و نووسینەکانییەوە ناسیبووم .

پاش ئەوەی کۆشیعرم ( کە یەکەم کۆشیعرمە) لە چاب بوو ، منیش قسەم لەسەر داوای خاوەنی چاپخانە بە تەلەفۆن

وەک کـوردێکی جنـووب لەگـەڵ مامۆسـتا کردبـوو لـەبارەی ئـەو هـەزار و هەنـدە نووسـخە بەرگنـەکراوە حەقنـەدراوەی (شەرەفنامە)ی مام هەژار ، کە هەر ئەوەش وای لـە خـاوەنی چاپخانـە کـرد لـە حـەقی لـە چاپدانی کۆشیعرەکەم خاترێکی چاکم بگرێ ، چونکە بۆ ئەو کە بە حەقی خۆی گەیشتبوو وەک ئەوە وا بوو پارەکەی لە نەبوونەوە بۆ هاتبێتـەوە ، سـەرباری ئـەوەی لـە کـۆڵ داکردنی ئەو حەمکە نووسخەیەش بووەوە کە بۆ نزیکی دوو ساڵ بوو جێیەکی زۆریان لە چاپخانەدا گرتبوو.

نامەکـەم بـۆ سـەرۆکی کـۆڕ نووسـی .. ماوەیەکی تا ڕادەیەک زۆری بەسەردا چوو ڕۆژێ وەختـی دەوام بـە پۆسـتە نامەیـەکم لـەبارەی لەچاپنـەدانی کۆشـیعرەکەمەوە لـە خـودی سـەرۆکی کـۆڕ مامۆسـتا مەسـعوود محەمەدەوە پێگەیشت :

ئەمەی خوارەوە دەقی نامەکەیە(*):

(( مێژوو : 20\ 2\ 1977

**برای بەڕێز کاکە نەژاد**

**دوای سڵاو**

**بەینۆڵکێکە نامەی مێژوودارت ، 22\ 1\ 977 ، م پێ گەیشتوە .. هەڵم گرتبوو بۆ هەلێکی خۆشتر لەوەی کە بە عادەت بۆم ڕێک دەکەوێت، تاکو لە بارێکی نەفسی ئارامدا وەرامەکەی بدەمەوە و بۆتی بنێرم.. تا ئیمڕۆ لەگەڵ چەند برادەرێکی خۆشەویست و قەدری قەدرزاندا دوبارە بۆ خۆم و ، یەکمجاریش بۆ ئەوانم خوێندەوە چی لەو نامەیەدا نۆسراوە جێی خۆیەتی .. هەمومان مافی گلەییمان پێ دایت.. لەگەڵ ئەمەشدا دەمەوێ دڵنیات بکەم ، بڕیاری کۆڕ لەبەر هیچ نیازێکی تایبەتی وەیا تێ بینی لاوەکی نەهاتۆتە بەرهەم : بڕیارێکە و وەک هەزارانی تری ئەم جیهانە پان و بەرینە دەردەچن بەو جۆرەی کە دەیزانیت..**

برادەرانی کە نامەکەتم بۆ خوێندنەوە کۆڵێک بـۆت هەستەوەر بـون و تـا بشـڵێی رایـان لـە نووسینەکەت بو ، تەنانەت گوترا تۆ نوسەری پتر لەوەی بوێژ بیت..

بەهـەرحاڵ  و بـە پێـی هەنـدێ قسـەی نـاو نامەکـەت، ئێمـەی ئـەم بـەرەی دولایـەنی وتـووێژ کـە خـۆت لایەنەکـەی تـری ، وامـان زانی کە بارمتەیەکی ئێمە بتوانین پێشکەشی بکـەین بەشێکی گرنگی ئـەرکی لـە چاپدانی شیعرەکانت کەم دەکاتەوە .. من خۆم (10) دینارم بەبەر خۆم خست ، د. عبـدلرەحمانی حاجی مارفیش (10) دیناری بۆخۆی ناوهێنا ، برادەرانــی تریشــس ئامــادەی پارمــەتین .. ســەرەرای ئەمــە، لــە پاشــماوەی هەنــدێ مامڵــەتی لێــرە بــە پێشــەوەش میقــدارێک کاغـەزمان لا ماوەتـەوە بەبەریـەوە هەیـە ، وەیەکی تر لە سەختی کارەکەت ببـڕێ ، جا ئەگـەر لـە برایـەتی خـۆت رادەبینیـت ئـەم خزمەتـە بچوکـە لـە براکانـت قبـوڵ بکـەیت ، تکایـە ، خەبـەرم پـێ بـدەوە تـاکو خزمەتەکـە

**پێشـکەش بکـەین.. ڕەنگـە لـەحاڵی قبـوڵ کردنتدا پێویست بێت خۆت یاخود باوەڕ پێ کراوێکت بێتە لامان بۆ بزافتنەوەی کارەکە .. تا ئەو ڕۆژەی نامـەی قبوڵکارانـە و برایانـەت پـێم دەگاتـەوە بـە خـوات دەسـپێرم ئاواتەخوازی خۆشی و بەرەوپێش چۆنتم ..**

**دڵسۆزت**

**مسعود محمد**

(*)دەقی دەستنووسیی نامەکە لەگەڵ دیکۆمێنتەکان داندراوە.

لەوسـاوە پـاش نامەیـەکی دیکـەی مـن لـە وەڵامـی ئـەم نامەیـە کـە بـەو مانایـەم نووسـیبوو:(جەنابی مامۆسـتا سوپاسـی هەڵوێستی بەڕێزتان و هەموو ئەو مامۆستا بەڕێزانـە دەکـەم .. بـەڕێزتان بـەو نامەیـە لوتفتـان بـۆ بەنـدە نوانـد ، بـەڵام مامۆستا بـە داوای لێبووردنـەوە مـن سـواڵم نـەکردووە ، من داوام لە دەزگایەکی کوردی کردووە کە بـە مـافی خـۆمم زانیـوە داوای لـێ بکـەم..) هیوام زۆرە ئەم نامەیە لە ئارشیفی کۆڕ یا

هی مامۆستا (ئەگەر هەیبووبێ) مابێ.. لەوێ ڕۆژێـوە دوای ئـەوەی لـە بارەگـای کـۆڕ بـە دیـداری مامۆسـتا شـاد بـووم تـا وەفاتیشـی هەمیشە سەردانیم دەکرد ، کە لە بەغدایش لـە زانکـۆ دەمخوێنـد لـە ماڵێشـیان سـەردانم دەکرد ، تەنانەت پێشنیازی دامەزراندنـەوەی کۆڕی زانیاریش پاش ڕاپەڕین کـە سـەرۆک مسعود بارزانی زۆری لەسـەر سوور بـوو و هـــەموو ئامادەییـــەکی دەربڕیـــوو بـــۆ دامەزراندنـــەوەی و فەراهـــەم کردنـــی پێداویستی و هێنـانی خـەڵکی شارەزا لـە هـەر چـوار پارچـەی کوردسـتان هـەروەها لـە نـاو هەندەراننشـینان( کـاک محەمـەدی کوڕیـان ئاگــاداره) بــە مــن ســپێررا بــە جــەنابی ڕابگـەیێنم.. بـەڵام پـاش تێپـەڕبوونی نزیکـی چوار مانگ ، بۆ سۆراخی پرۆژەکە لـە ماڵی م. ئەمجــەدی خزمیــان بــوو لــە هــەولێر بەتایبــەتی چــووم بــە بیــرم هێنایــەوە ، بــە داخەوە بە هۆی کۆمەڵێک ئەگەر ، کە ئێرە جێــی باســکردنی نییــە وەڵامێکــی ئــەرێنی لەوبارەیەوە نەدایەوە.

بـه هـەر حـاڵ لەنەجـەف ئوتێلێـکم هـەڵبژارد لەسـەر شـەقامی سـەرەکی بـوو، لـەدەرەوەدا خـاوێن دیـار بـوو، هـەر چەنـد لـەناوەوە بـەو جۆرە نەبوو، نرخی مانەوەی تـا ڕادەیـەک بـۆ ئەوسـای مـن کـە مووچەکـەم مـانگێ لەبـەینی سـی و پێـنج دینـار بـوو لـەبار بـوو، وابـزانم ئوتێلەکـە نـاوی (الغـدیر) بـوو ، ئـەوەی بـاش بــوو ژوورەکـان بالکۆنیـان هــەبوو بەســەر شـەقامدا دەیـانڕوانی ، ئێـواران تـا درەنگـانی شــەو نیمــدەرێکم ڕادەخســت دادەنیشــتم، ڕوونـــاک بـــوو ، دەمتـــوانی بەشـــەوقی دارتێلـەکانی شـەقامیش بخوێنمـەوە ، ئێمـە و مانان چیترمان هەبوو لەغەیری خوێندنـەوە ، دوای دەوام وەختی پێ بـڕوێنین، هەرچەنـدە خوێندنەوە دەمێک بوو بۆ من ببوو بە خوو..

لەبرادەرەکانم دوورکەوتمەوە ، کە ئێـواران لەچایخانــەدا کۆدەبووینــەوە، ئــەو شــەوە بەخـەیاڵ و خـەیاڵپلاوی زۆر خـەوتم. بـەیانی زوو هەســتام و نــان و چایــەکی بەپەلــەم لەچایخانەیـەکی تەنیشـت ئوتێـل خـوارد، هـەر

دوێنـــێ ناونیشـــانی (کتێبخانـــەی گشـــتی نەجـەف)م وەرگرتبـوو، دوور نـەبوو بـەپێیان چـووم ، گەیشـتمە کتێبخانـە و بەڕێوەبـەری کتێبخانـە نووسـراوی نـەقڵی لـێ وەرگـرتم و دەسـت بـەجێ (موباشـەرە)ی بەنووسراوێـک بـۆ نووسیم و خـوا هـەڵناگرێ بـەڕێزەوە کـە زانی کوردم پێشوازی لێ کـردم ، زۆر لـەمن گەورەتر بوو بەباوکم تۆ بڵێ بەباپیرم دەشا ، من ئەوسا تەمەنم دەوری 20 ساڵ دەبوو...

کتێبخانـــەی گشـــتی نەجـــەف هـــەزاری بەرهـەزاری بـوو ، چەنـد (کاتـب)ێکی دیکـەی وەک مـن بێجگـە لەبەڕێوەبـەر کاریـان تێـدا دەکـرد، بەڕێوەبــەر هــەرچی چۆنێــک بــوو جێیـەکی لـەقوژبنێک بـۆ کردمـەوە و مێـز و کورسییەکی ئاسنیان بـۆ دانـام ، وا دیـار بـوو بەیـــەکێک لەکاتبـــەکانی وت ئـــیش و کـــاری ئێرەی فێر بکە ، لـە ڕووی داخڵکردنـی کتێـب و خواستن و گەڕاندنـەوەی بـۆ شـوێنی خـۆی

چـۆن دادەنرێنـەوە. هـەروەها تۆمـارکردن و ژمـارە بـۆ دانـان بـەپێی نـاوەرۆک و دانـەری کتێبەکــە ، مــاوەی شــەش مانگێــک لــەوێ مامــەوە، لەهــەموو ئــەو ماوەیــەدا ژیــانێکی ڕۆتینیم بەسەر برد بۆیە شتێک نییـە شایەنی گێڕانەوە بێ لـەوەی بـەدەر خـەڵکی (نەجـەف )م زۆر بێســــــەروبەر دەدی لــــــە ڕووی پەیوەنــدی و شــیرازەی کۆمەڵایــەتی ، لــە لایــەک ئیــدعای دینیــان دەکــرد وەکــی دی دەمبینــــی لــــە هەڵســــوکەوت و بــــازاڕ و گرانفرۆشـی و و نیفـاق و هـەرچی خـوا پێـی نـاخۆش بـوو ئـەوەیان دەکـرد ، تەنانـەت لـە گۆڕستانیش کـە بـۆ یەکـەم جـارم بـوو ببینـم نووسـینگەی ناشـتن (مکاتـب الـدفن) وەکـو نووســـینگەی عـــەقارات هـــەبێ ، دەمبینـــی دەسنوێژیان بە پـەرداخێک ئـاو هەڵـدەگرت ، تـا جـارێ بـە یـەکیانم وت ئێـوە چـۆن بـە پەرداخێک پاک دەبنەوە ، باوەڕ بکەن گاڵتەی

بە قسەکەم هات !! بەڵام لەو ماوەیەدا بەقەد سێ چوار ساڵ کتێبم خوێندنەوە، کە کۆشیعرەکەشم دەرچوو دونیایەک کەیفم خۆش بوو. هەرچەندە کە بڵاو بووەوە بایەخی زۆریشی بەهەردوو دیو لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی ئەوسا پێدرا ، بەڵام دوای چەند ساڵێک هەستم کرد پەلەم کردووە لەچاپکردن...

بەهەر حاڵ دوای چەند مانگێک دەنگۆی ئەوە بڵاو بووەوە کە کتێبخانە لە (ناحییەی عەبباسیە) بیناکەی تەواو بووە و کتێبیشی بۆ دەست نیشان کراون و پێویستی بەبەڕێوەبەر و کاتبێک و فەڕاشێک و پاسەوانێک هەیە، وا دیار بوو، بەڕێوەبەریان ڕازی کردبوو (کاتب) من بنێرێ ، کاتبێکی دی لێ بوو بەناونیشانی بەڕێوەبەر، کە ناوی (صادق الهلالی) بوو، پاسەوانیش شیعەیەکی خەڵکی وێ بوو، ناوی (ماجد) بوو.

پیشـــەوەرێکیش بـــەناوی محمـــد خۆشـــناو ئەویش هەر کوردی عائیدون بوو .

هەرچەندە مـن هـەوڵێکم دا بـۆ ئـەوەی هـەر لـەوێ بمێنمـەوە ، ئەگـەر نەجـەفم بـە دڵـیش نـەبێ لانـی کـەم شـار بـوو ، بـەڵام بەڕێوەبـەر نەیسـەلماند ، منـیش لـەدڵی خۆمـا وتـم دەبـا یچم عەبباسیەش تاقی بکەمەوە ، ئێمە بووین بە کێڵگـەی تاقیکردنـەوە. ڕۆژی چوونیـان بـۆ دیـاری کـردین ، پـاش ئـەوەی ئـەوان لەگـەڵ بەڕێوەبەری تازە دانـراوی کتێبخانـەی تـازەی عەبباسیە کتێبەکانیان دامەزراند بوو ، وا دیار بـوو بەڕێوەبـەری گشـتی کتێبخانـەی نەجـەف خۆیشی سەردانی کردبوو ، پێش ئەوەی مـن بچـم ، کـە چـووم هـەموو شـتێک دانـرا بـوو ، کتێبخانەیـــەکی خنجیلانـــەی تـــازە لەســـەر شـەقامی گشـتیی ناحیـە ، بچـووک بـەڵام تـا ڕادەیەک بۆ ناحیەیەکی وەک عەبباسیە کە هـەر پێویسـت نـەبوو ، چونکـە لەهـەموو ئـەو

ماوەیەی لەوێ بووم ، نزیکەی ساڵێک دەبوو بیست کەس نەهاتن کتێب بخوێننەوە یان بخوازن.

عەبباسیە ناحیەکی پەرش و بڵاو بوو ، خانوو و باخچەی لەقەد خۆی زیاتری تێدا بوو، دەکەوێتە سەر ڕووباری فورات هەر بەو هۆیەوەش هەوایەکی مامناوەندی هەبوو، لەچاو نەجەف و کووفە (کە ناحییەکە سەر بە کووفە بوو) تاڕادەیەک هاوینان هەستت دەکرد چەند پلەیەک فێنکترە، بەڵام چونکە گەرمایەکەی بەهۆی فوراتەوە شێدار بوو ، زۆرجار بەتایبەتی کە پلەی گەرما بەرز دەبووەوە بەتایبەتی بۆ یەکێکی وەک من کە زۆربەی تەمەنم لە ناوچەی شاخاویدا بەسەر بردبوو ، گەرماکەی بەهۆی (شێ) وە هەناسەی تەنگ دەکردم ، دانیشتووانی عەبباسیە زۆربەی زۆری ئەگەر خەڵکی ئەوێ نەبن وەکو من ، عەرەبی شیعە مەززەبەکان

تەبعیان لەچاو خەڵکی کەربەلا نەک نەجەف ، هەستم نەکرد بیانەوێ یارمەتی من وەک نەفیکراوێک بدەن ، تەنانەت جاروبار گوێم لەهەندێ ناڕازیبوونیش دەبوو لەبەرامبەر حکوومەت کە ئەوانە چین بەسەر ئێمەیان وەرکردوون ، مەبەستیان ئێمە بوو کە بەڕەسمی پێیان دەگوتین (ئەلئەکراد ئەلعائیدوون).

من کە چوومە کتێبخانە و دەسبەکاریی خۆم نووسی ، بەڕێوەبەری کتێبخانەم دەناسی، چونکە وەک وتم هەردووکمان لەکتێبخانەی نەجەف ناونیشانمان (کاتب) بوو ، ناوی باوکیم بیر نەماوە ، پیاوێکی کورتە باڵا لەمن بەتەمەنتر بوو ، بەڵام هەمیشە حەزی دەکرد پۆز لێ بدا وەکو بەڕێوەبەر خۆی بنوێنێ (موبارەکە) من بیر لەچی دەکەمەوە، ئەو خەریکی چی ، هاتبوو مێزەکەی خۆی لای سەرەوە بەکورسی زیادەوە لەم سەرو

ئەوسـەر دانـابوو، هـی منیشـی لـەخوارەوەی خوارەوە لەقوژبنەکەی لای دەرگا...

ئەوانـە هیچـی جێـی سـەرنجی مـن نـەبوون ، چـوون هـەر لەنەجـەف وەختـی کاتبایـەتی کابرام خوێندبووەوە ، گرینگ لای من شوێنی مانـەوەم بـوو، بەڕێوەبـەر بـەخۆی مـاڵی لەنەجەف بوو، هاتوچووی دەکرد و بەکەیفی خۆی بوو ، کەچی بەمنی دەگوت (لازم نلتزم بالـدوام کاکـە) واتـە پێویسـتە ئیلتـزام بەدەوامـەوە بکـەین ، لەکاتێکـدا ئـەوەی ئیش بـوو نـەمانبوو ، نـە کـەس دەهـات کتێبێـک بخوێنێتـەوە نـە کـەس کتێبێکـی دەخواسـت. ئێسـتاش تێنەگەیشـتم ئـەو کتێبخانـەیان بـۆ لەوێـدا کردبـووەوە ، منـیش پـێم وت سـەید صادق ئـەی لـەکوێ نیشتەجێ بم ، وتـی بـڕۆ لەکووفـە لـەئوتێل بـە، نزیکـە و تێمسـیش هـەردەم هەیـە بـەینی ئێـرە و کووفـە واتـە عەبباسـیە و کووفـە ، وتـم مووچەکـەم

ئەوەنـدە نییـە خـۆت دەزانـی بـایی ئوتێـل و خواردن و هاتوچوو بکا... وتی دە کەواتە بڕۆ موراجەعەی ناحیە (نەشی گوت بەرێوەبەری ناحیە) وتی ناحیە بکە ، وتـم ئینجـا ناحیـە چیم بـۆ دەکـا ، وتـی نووسـخەیەکی نـەقلی تۆیـان پێـداون بزانـە چیـت بـۆ دەکـەن ، لـەو ئـان و ساتەدا بڕیارم دا بچمـە ناحیـە هاتمـە دەرەوە بــەرەو ناحیــە بــڕۆم ، ناحیــە بــە بەینێــک لەســـەرەوەی کتێبخانـــە بـــوو ، بـــەجادەدا دەڕۆیشـتم ، ناکـاو وەک ئـەوەی خـەون بـێ تووشی قادر بووم ، ئەدی ناڵێم وەک خـەون وابــوو، قــادر مەجیــد قشــووری هــاوڕێ و هــاوپۆلم لەبەشــێکی ســەرەتایی و هــەموو ناوەنـــدی تـــا ســـێیەمی ناوەنـــدیمان لـــەدوا ناوەنـدی گەلاڵـەی تێکـەڵاو تـەواو کـرد بـوو ، ئـەو زوو ژنـی هێنـا بـوو منداڵیشـی هـەبوون بێجگـە لـە بـاوک و دایـک و خوشکێـکی، هـەر بانـــگ کـــردن و نـــەکردن و بـــاوەش

بەیەکداگرتنمان تێکی کردەوە ، ناحیەم هەر
لەبیر چووەوە ، چوینە چاپخانۆکەیەک ، کە
بەحیساب لەناو بازاڕ بوو ، بازاڕەکە لەخۆیدا
لەسێ چوار دوکان زیاتر نەبوو ، ئەو
حیکایەتی خۆی ، من حیکایەتی خۆمم بەدوور
و درێژی گێڕایەوە، بۆم دەرکەوت ماڵی
لەعەبباسیە بەرامبەر کتێبخانە ئەویش
لەیەکێک لەفەرمانگەکاندا دامەزرا بوو ، وا
دیار بوو کە هەم خێزاندار بوو هەم ژمارەی
خێزانەکەشیان زۆر بوو ، خانوویەکیان پێدا
بوو ، ماڵی دەوێدا بوو، ئەوەندە پێکەوە
لەوێ دانیشتین کەڵکی ناحیەی نەما و دەوام
تەواو بوو ، وتی ئەمشەو لای من بە خوا
کەریمە بۆ سبەینێ. قادر مەجید قشووری،
بەئەسڵ کوردی باکوورە ، دەیان ساڵە
کەوتوونەتە باشوور ، ئێستا دوکتۆرای
لەشەریعەت هەیە و مامۆستایە لەیەکێک
لەکۆلیژەکانی زانکۆی سەلاحەددین

لەهـەولێر، ئـەو هـەر کـە ماڵیـان لەعەبباسـیە بـوو کـۆلیژی فیقهـی لەنەجـەف تـەواو کـرد و پاشـــان دیراســـەی بـــاڵای تـــەواو کـــردوو و شایەدنامەی دوکتۆرای هێنایەوە ، ئەو شـەوە لـەماڵی قـادری مامـەوە ، ماڵەوەشیان بـاوکی ڕەحمەتی کـە بەداخـەوە لـەوێ کـۆچی دوایـی کـرد بـەناچاری لەگۆڕسـتانی شـیعان (وادی السلام) بـەخاکمان سپارد، هـەروەها دایکـی و خێزانەکەیشی منیـان پێشـتر دەناسـی ، مـاڵێکی بەڕێز بوون هەمیشە لەو ماوەی لەوێ بـووم زۆر یارمەتی بەتایبەتی یارمـەتی مەعنـەوی و دڵدانەوە ، زۆرجارانیش بـەزۆر تـەکلیفی نـان خواردن و ئەمانـەی لـێ دەکـردم ، نموونـەی هـــاوڕێ و هـــاوپۆلێکی بـــەوەفا و قـــەدری برادەرزان...

ئەو شەوە تا بەرەبەیان لەگەڵ قادر دانیشتین یادەوەرەکانمـــان دەگێڕانـــەوە بـــۆ بـــەیانی سـەعاتی نـۆی سـەرلەبەیانی تێشـتم لـەماڵی

ئەوان خوارد سەعات بۆ دەی بەیانی دەهات، پێکەوە بەرەو ناحیە چووین ، من داوام لێکرد لەگەڵم بێت ، چونکە پێشی من لەوێ بوو، هەندێ لەفەرمانبەرانی ناحیەشی دەناسی ، پێشتر چووینە لای کاتبی ناحیە ، قادر منی پێ ناساند، کە فەرمانبەری کتێبخانەی گشتیم و تازە لەنەجەفەوە گواستراومەتەوە عەبباسیە ، کاتب ناحیە یەکسەر وتی دەزانین ، چونکە نووسخەیەک لەنووسراوی گواستنەوەی بۆ ئێمەش هاتووە ، پاشان وتی: کاکە ئێمە ئاگادار کراوینەتەوە کە پێویست دەکا هەموو ئێوارەیەک لەناحیە خۆت بناسێنی و ئیمزا بکەی. منیش وتم یانی چۆن؟ وتی ئەوە تەعلیماتە لەئەمنی نەجەفەوە بۆمان هاتووە ، وتم بۆچی بەڕێز من حەپسم ، وتی نا نا بەڵام ئەوە ئەمرە پێویستە ئێواران خۆت لای (السید سامر) بناسێنی کە لێرەی... منیش وتم ئینجا بەڕێز من بێ شوێن و جێم

بەڕێوەبەری کتێبخانەش کە پێم وت بارگەم لەکوێ دەبێ پێی وتم دەتوانیت یا لەکووفە یاخود نەجەف لە ئوتێل بی، منیش ڕۆژانە ئەو هاتوچووەم پێ ناکرێ... وتی باشە بزانم ئێستا قسە لەگەڵ (السید مدیر الناحیة) دەکەم ، قادریش نەختێک بەرگری لێ کردم..کاتب ناحیە وتی بڕۆ دەوری سەعاتی دوازدە وەرەوە..کەچوومەوە وتی (ابشر) واتە مژدە (السید مدیر الناحیة) ئەمری کرد لەقەسابخانەی نەجەف کە لە عەبباسە بوو ژوورێکی ئیدارە هەیە، بەشێوەیەکی کاتی لەوێ بمێنەوە ، پاشان بزانین چۆن دەبێ..

ئەو ژوورەی کلیلەکەیان پێدام لە دەرەی عەبباسیە بوو ژوورێکی چوارگۆشەیی 5-7م دەبوو ، مێز و کورسیەکی لێ بوو ، پەنجەرەیەکی بچووک ، ناو قەسابخانەکە نزیکەی هەزار مەتر دەبوو ، بەزنجیرە قەنارەی بۆ ئاژەڵان تێدا بوو، قەسابخانە

خۆی لەدەرەوەی ناحیە بوو، شوێنێکی چۆلی بێ سەبر، جگە لەوەش ، سەرەڕایی شووشتنی ڕۆژانە بۆنی خوێن و پاشماوەی ئاژەڵی سەربڕاو ڕۆژە ڕێیەک دەڕۆیی، شەوێک، دووان ، هەفتەیەکی پێچوو ئیتر ئارامم لەبەر بڕا نەمتوانی چیتر بەردەوام بم ، هەموو ئێوارانیش کە دەچووم لای (سامر) ناوەکە ئیمزا بکەم ، پێم دەگوت بەڕێز وەڵلاهی وەزعم لەو ژووره زۆر خراپە و حاڵ و حیکایەتم لەگەڵ قەسابخانە ئەوەیە ، کە بەرەبەیان سەعاتی سێی شەو دەرگا گەورە دوودەریەکەی قەسابخانە دەکەنەوە، من کە تازە وەنەوز بردمێتییەوە بەناچاری خەبەرم دەبێتەوە ناتوانم بنوومەوە، دەبێ چاوەڕێ بم ڕووناک دادێ بەو بەیانییە زووە بچمە دەوام ، من بچم ماجدی پاسەوان لەخەو هەستێنم تا دەرگام بۆ بکاتەوە ، ئەویش هەموو جارێ دەیگوت (اللە کریم)

بـەخوای نزیکـەی دوو هەفتـەی تریشـم بـە ( اللــە کــریم) بــەڕێ کــرد، بــەڵام چــی لــەو ماوەیــەدا لــە بێخــەوی و بــێ ئــاودەنگی و تەنیایەکی وەڕسکەرەوە چەندین کیلـۆم کـەم کردبــوو بــەجۆرێک بنیســا بــووم هــەرچی بیدیبام دەیگوت لە گۆڕستان گەڕاوەتەوە.

ئەو جارە بەڕاوێژ لەگەڵ قادر عەرزی حاڵێکم ڕاسـتەوخۆ بـۆ بەڕێوەبـەری ناحیـە نووسـی، مەگـەر بەدەسـتی خـۆتی بنووسـی ئەوەنـدە جـوانم نووسـیبوو بـەڵکو چارەیـەکم لـێ بکـا، بەڕێوەبـەری ناحیـە نـاوی (ابـراهیم مسـتەفا جمالدین) بوو ، لەسەری نووسیبوو (للحفـز)، بۆ هەڵگرتن، واتە هیچ !!!

بــەهۆی هــاتوچووی چاپخانــەی (النعمــان) لەنەجــەف کــە بــاوکی ئــەو ئیبراهیمــەیش مامۆسـتا مسـتەفا جـەمال الـدین هـاتوچووی دەکرد و منیان پێ ناساند بـوو ئـەو مامۆستا

بـوو لـە (كليـەی فيقهـە) لەنەجـەف شـاعيريش بوو ، كۆ شيعرێكی جوانی پاشان بڵاوكـردەوە بـەناوی (عينـاك واللحـن القـديم) وتـم بـەڵكو بـەو بڵـێم... نەجـەف خـۆت بگـرە و چاپخانـەی (النعمان) كە خاوەنەكەی زۆر ڕێزی دەگرتم، بەتايبـەتی دوای ئـەوەی ئـەو هـەموو كتێبيـە بەرگ نەكراوە حەق نەدراوانەی شـەرفنامەم لــەكۆڵ كــردەوە، پــێم وت جــەناب حــاڵ و حيكايەتم ئەوەيە ، ئوستاز خـۆ مـن عائيـدونم كافر نيم ، بەڵكو وابكـەی م. مستەفای بـاوكی بەڕێوەبـەری ناحيـە ببيـنم چارەسـەرێكم بكـا ، خــوا هــەڵناگرێ خــۆی بــەئۆتۆمبێلی خــۆی بردميە ماڵی م، مستەفای باوكی بەڕێوەبەری ناحيە...

بەخێــری هێنــاين ، خــاوەنی چاپخانــە وتــی كاكەت لـەبيرە ، ديار بـوو ناسيميەوە ، ئينجـا حاڵ و مەسەلەكەم بەدرێژی بـۆ بـاس كـرد ، جارێ تاوێـك داما پاشان دوو جار وتی:

( لاحــول و ولا قــوه الا باللــه) ئینجــا ڕووی لەمن کرد و وتـی : (شـوف کاکـە هـذا کلـب بن کلب، هذا بعثی ماکو چارە ویا) بزانە ببینە کاکە ئـەو سـەگی کـوڕی سـەگە بەعسیە بـەو مانایەی بەقسەی ناکا.

منیش بۆ موجامەلە وتم : نا مامۆستا حاشا لە جەنابت ..

وتی : نا نەخێر منیش لێی ڕازی نیم.

بەهەر حاڵ ، هـەم بـە هـۆی ئـەو و هـەروەها بە هۆی خاوەنی چاپخانەی (النعمان)ـەوە کـە شــەفاعەتییان بــۆ لای بەڕێوەبــەری گشــتی کتێبخانـە گشـتییەکانی نەجـەف بـۆ کـردم کـە کتێبخانەی عەبباسییەش سەر بە ئەوێ بوو تا ڕازی بکەن بەوەی لە بینای کتێبخانەکە خـۆی بمێنمــەوە ، ئــەوە بــوو بــە تەلــەفۆن بــە بەڕێوەبـەری کتێبخانـەی عەبباسـییەی وت بـا کاکە لە کتێبخانە بمێنێتەوە ، بزانە هەوڵ بدە

شـوێنێکی بـۆ دیـاری بکـە لـەوێ . بـەم جـۆرە هەوارم گواستەوە کتێبخانـە و لـە قەسابخانە ڕزگارم بوو و نەختەئاهێکم هاتەوەبەر ، بەڵام پاشـی چـی ، دوای ئـەوەی سـێ مانـگ و نیـو پێستم بردرایـە دەبباغخانـە و لـەبارودۆخێکی دەروونی وادا بووم کە بە ڕاستیش بـە قسـە ناگێڕدرێتەوە ..

کتێبخانـەی گشـتیی عەبباسـییە ( ناوەکـەی وا بـوو ) لەسـەر شـەقامی سـەرەکیدا بـوو ، لـە لایەکی دی نزیک بوو لە ماڵی قادری هاوڕێ و هــاوپۆلی چەنــدان ســاڵی تەمــەنم لــە قوتابخانــەی ســـەرەتایی و ناوەنـــدی و دواناوەندی گەڵاڵـە ی تێکـەڵاو کـە لـەو ئـان و ساتیدا بـۆم بـوو بـە خـدری زینـدە بەتایبـەتی کە ئەو بە ماڵ و منداڵەوە لەوێ بوو.

بینای کتێبخانـە چونکـە بینایـەکی نـوێ بـوو لـە بابـەتی ئەسـبابی تەندروسـتی پـاک و تـەمیز

بوو ، هەر بەوەشڕا دەرکەوت کە هەر پاش چەنـد ڕۆژێکـی کـەم هێـزم هاتەوەبـەر و کەوتمـەوە سـەر خوێندنـەوە و نووسـین ، ئێـوارانیش زۆرجـار لەگـەڵ قـادر بووایـە یـا بەتـەنێ پیاسـەیەکم بـە سـەر پردەکـە لـە کـەناری زێـی (فوورات)یـدا دەکـرد ، یـا لـە چایخانـە بچووکەکـەی ناحییـە کـە کەبابخانـە تاقانەکـەی ناحییەشـی بـە تەکـەوە بـوو دادەنیشتم ئینجا بەرەبەری ئێوارە دەچوومـە ناحییە لای سامر ئەفەندی ئیمزام دەکرد کە بەڵێ من لێرەم و بەهیچ لایەکدا نەچووم ..

ئـەو بـارەش مـاوەی چەنـد مـانگێکی خایانـد ، پاشـان چـارم نـەما بیـرم لـە پلانێـک کـردەوە ، نـەدەکرا وەک حـەپس وابـم و نـەتوانم بـە سـەفەریش بـەهیچ لایەکـدا بچـم ، بـە قـادرم وت بڕیـارم داوە خـۆم نـەخۆش بکـەم لـەم بارەیەوە بـەڵکو یارمـەتیم بـدەی ، بـەم جـۆرە بەتانییـەکم لـەخۆم لـوول دەدا و قـادریش

دەســتی دەگــرتم و دەیبردمــە ناحییــە و لـــەوێش نووســـراوی حەواڵـــە کردنـــی نەخۆشخانەی کووفەیان بۆ دەکردم .

جاری یەکەم بە دکتۆرم وت کە عەرەب بوو : بەڵکو چەند ڕۆژێک ئیجازەم بۆ بنووسی بچم لە بەغدا چارەسەری خۆم بکەم ، خوا هەڵناگرێ بۆی کردم ..

پاشــان لــە جــاری دووەمــدا بــە ڕێکــەوت دکتــۆرێکی کــوردم دیتــەوە لــە هــەمان نەخۆشخانە کاری دەکرد ، خەڵکی زاخۆ بوو، بە داخەوە ناوەکەییم بەبیر نەماوە ، وەزع و حاڵی خۆمم تێگەیاند وتم بەڵکو وا بکەی ناوە ناوە ئیجازەم بۆ بنووسی ، ڕاستیی مەردانە هاتەپێش ، بەم جۆرە کە دەچوومە بەغدایش دەچوومە لای هەر سێ ڕەوانشاد ، م. عەزیز گەردی و کاردۆ گەلاڵی و حەکیم کاکەوەیس کــە لــە حەیدەرخانــە - شــەقامی ڕەشــید

خانووییــان گرتبــوو ، ئــەوی ڕاســتییە کــاک حــەکیمم لــەوێ ناســی ئــەو دەمــە لــە بەشــی کۆمپیۆتــەری وەزارەتــی پلانــدانی عیراقــی کــاری دەکــرد ، بــەڵام م. عــەزیز و کــاردۆ دۆســتی زووتــرم بــوون . بــەو حاڵــە چەنــد مــانگێکم لــە بــەینی دەوام و نــاوە نــاوەی ئیجــازە بــۆ بەغــدا بــەڕێ کــرد.. زۆر جــار برادەرانــی تریشــم دەدیــتن ، کــە هــەبوون لــە بەغـدا دەژیـان ، هەشـبوون وەک خـۆم هـەر یـەک بەلایەکـدا کـەوتبوون ، شـێرکۆ بێکـەس کە لە (بەغدادیە)ی شاری ڕوومـادی دەژیـا ، هەروەها حەسەن ڕەمەزان (حـاکم حەسـەن) یش هەر لەو ناوە بوو ، ئازاد جنـدیانیش لـە (بەغـدادی) بـوو لـەو دەوروبـەرە . زۆر جار ڕێکدەکـەوت لـە برادەرانـی هـەولێریش کـە دەهاتنە بەغدایێ ڕێکەوتی یەکدیمان دەکـرد لە چایخانـە بووایـە یـا لەسـەر شـەقام . بەغـدا شارێکە لە قبووڵ کردنی غەریبان لە هـەولێر

دەچێ ئەگەر لەپێشتر نەبێ ، بۆیە هەموو جارێ کە دەهاتمە بەغدا ، ئاهێکم دەهاتەوەبەر ، ئەوسا لەو شەقامی ڕەشید و جمهووری و سەعدوونە بە دەیان کوردت بە جل وبەرگی کوردییەوە دەدی ، جگە لەوەش بەغدا وەک ئەوەی بنکەی فەرهەنگی عەرەبی بوو لە هەموو ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی لێی بڵاودەکرانەوە و ئەوانەی لە دونیای عەرەبستانێ و دەرەوەیدا بۆی دەهاتن ، بنکەی کولتوور و ڕۆشنبیری کوردیش بوو بەوەی زۆربەی هەرە زۆری ، ئەگەر نەڵێم هەموو ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێبانەی بە کوردی بڵاودەکرانەوە لە بەغدایێ بوون ، مەگەر یەک دوو چاپخانەی دواکەوتوو لە هەولێر و سلێمانی ئەویدی چاپخانە پێشکەوتووەکان لە بەغدایێ بوون ، تەنانەت کرێکاری چاپخانەکان زۆربەی هەرە زۆریان کە لەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە و

هەروەها کتێب تایپکردن تا ماوەیەکی زۆر عەرەب بوون و دەبووایە نووسینی کوردییان بە هێڵی لاری وشە لێکدابڕاندنەوە بچێتە بەر دەست تا تێکەڵی نەکەن چونکە تێی نەدەگەیشتن و کوردییان نەدەزانی .

بەم دواییە وابزانم دەوروبەری ساڵی 1972 یا 1973 چاپخانەیەکی پێشکەوتوو لە هەولێر دامەزرا کە سەر بە وەزارەتی پەروەردەی عیراقی بوو (چاپخانەی پەروەردە ژمارە 2 ) کە ئەویش تایبەت بوو بە چاپکردنی کتێبی قوتابخانە و ئەمیری بوو کتێبی دی چاپ نەدەکردن.

بێجگە لەوەی کۆڕی زانیاری کورد ، کە پاشان دوای هەرای 1975 کرا بە دەستەی کورد لە کۆڕی زانیاری عیراق و کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی و بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی کوردی و ڕادیۆی کوردی بەغدا و

دەزگـای هاوکـاری کـە لـە دوایـدا بـوو بـە دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی و ژمارەیەکی زۆر لە خوێنـدکارانی کـورد لـە زانکۆکانی بەغدا کە بـەرچاو بـوون و هەسـت بە جموجـۆڵ و چالاکیـان دەکـرا هەمیشـە لـەو کـۆڕ و سـیمینارانە کـە لـە بارەگـای کۆمـەڵی ڕۆشـنبیری کـوردی لـە گـەڕەکی وەزیریـە پێشکێش دەکران ئامادە دەبوون و بەشداری کارایان تێدا دەکرد.

بەهەر حاڵ تا حەوت هەشت مانگی دی هـەر وا مامـەوە ، هـەموو ئێـوارانیش دەبووایـە لـە ناحییــە ( ئیســپاتی وجــوود بکــەم ) لــەو ماوەیەش کە لە کتێبخانە دەمامەوە و دەوام و نووســتنم هــەر لــەوێ بــوو کــابرای پاسەوانیش کە ناوی (ماجد) بوو هەندێ جار هـەر بـەدوایی نـەدەهات ئەگـەر جارجـاریش بهاتبووایە تەنیا یـەک دوو سـەعات دەمایـەوە و دەڕۆیشـت بـەو حسـابەی مـن بـەردەوام

لەوێ دەبووم پاسەوانییەکەیشی بەمن سپارد بوو!!

سۆپایەکی عەلاوەددین (علاءالدين)ی لێ بوو چێشت و چام پێ ئامادە دەکرد وەکی دی شەوانە زۆربەی کاتم بە خوێندنەوە بەسەر دەبرد ، گڵۆپەکانم هیچی نەدەکوژاندنەوە ، هەمیشە هەڵ بوون ، بەوەش هەست بە تەنیایی کردنم سووکتر دەبوو وەک داریوش دەڵێ ( لە هەر کوێدا چرا هەڵبێ لە ترسی تەنیایی بوونە ) کە خودی گۆرانییەکانی داریۆش خۆیشی بەشێکی دی بوون لە دڵنەوایی و سەبری ئەو ڕۆژگارە زیندەبەتاڵانە.. هەندێ جاریش بەڕۆژ دوای دەوام چەند سەعاتێک دەچوومە کووفە و لەوێ ئەگەر زەخیرە و سەوزەیەکم پێویست بووایە دەمهێنا ، جاریش هەبوو هەر لە عەبباسیە دەمامەوە لای قادر لە ماڵیان یاخود پێکەوە پیاسەیەکمان بە کەنارەکانی فوورات

دا دەکرد یا دەچووینە چایخانەکە .. وردە وردە هەندێ برادەری عەرەبیشم بۆ پەیدا بوون ، لەوانە یەکێک بەناوی (حەلیم) کە کوڕی شێخێکی ئەو دەڤەرە بوو ، ئەو دەم لە پۆلی شەشەمی ئامادەیی لە نەجەف دەیخوێند دوای چەندان ساڵ بە ئەفسەری پلە نەقیب لە هەولێر بینیمەوە وا دیار بوو لە سەربازگەی هەولێر دەوامی دەکرد .

ئەم حاڵ و بارە وا تێدەپەڕی و ژیانی ئێمەش بەو شێوە وەڕسکەرە ، نەشماندەزانی تا کەی بەردەوام دەبێ و دەگەینە کوێ و چیمان لێ دێ .. جاروبار کە ئیجازەیان پێ بدابوومایە دەچوومە لای برادەرانی کەربەلا و چەند شەوێک دەمامەوە ، زۆرجاریش پێکەوە لەگەڵ د. سعدی و ملازم شوان و حەسەن گەرمیانی لەو بەینە دەهاتینە ( توێریج) کە وەک وتم یانەی لێ بوو ، چونکە نە کەربەلا و نە

نەجـەف یانـەیان لـێ نـەبوو . بـەم جـۆرە لـە عەبباسـیە بــەردەوام بــووم ، تــا ڕۆژێ لــە ڕۆژنامــە خوێندمانــەوە کــە (بەڕێوەبــەری گشتیی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنـەوەی کوردی )یان کووشتوە ، ڕاستیی مـن دوور و نزیـک ئـەو پیـاوەم نـەدی بـوو نـە ناسـیبوو ، بەڵام دەیانگوت خەڵکی سلێمانییە و یەکـەمین بــەیانی کودەتــای بــەعس لــە 1968 ئــەو لــە ڕادیــۆدا خوێندویەتییــەوە ، دەیــانگوت بــە دەسـتی ئەنقەسـت و بـە پـلان دژی زمـان و کولتووری کوردی بووە و قـەت بـە کـوردی قسـەی نـەکردووە و ئەوەیشـی نووسـیویەتی بۆیان کردووە بـە کـوردی کـە لـە ڕۆژنامـەی (هاوکـاری) بـڵاوی دەکردنـەوە ، ڕاسـتیی لـە زەمـانی ئـەودا زۆر لـە نووسـەرانی کـورد لـە بڵاوکردنــەوەی بەرهەمــەکانییان خۆیــان لــە بڵاوکراوەکــانی دەزگــا دەپاراســت ، کـــە یەکێکیان من خۆم بووم .

هــەر دوو ڕۆژ پــاش بڵاوبوونــەوەی ئــەو هەواڵە لە ڕۆژنامـەکانی عیـراق ، لـە کتێبخانـە بـووم  کـە پیـاوانی ئـەمنی عەبباسـییە هـاتن یەکـەم جار بـە ئاسایی پێیـان وتـم لـە ئـەمنی نەجەف داوات دەکەن ، منیش وام زانی هەر بۆ مەسـەلەی مانـەوە لـە کتێبخانـە یـا شتێـکی لـەو بابەتـە بـێ بۆیـە بـە ئاسـاییم وەرگـرت لەگـەڵیان چـووم ، بـە ڕێککـەوت برابچـووکی قـادر لەبـەر دەرگـای ماڵـەوەیان بـوو ( بـۆ ئاگـادار کردنـەوەی قـادر ) پـێم وت مسـتەفا ئەگەر قادر هاتەوە بڵـێ نەژادیان بـرد ، وتـم با هەر بزانێ ، دەنا بیـرم لـەوە نـەدەکردەوە یا شتێکم بە خۆم شک نەدەهات ، ئەو کاتە تا ڕاپەڕینیش من لە هیچ حزبێک یا ڕێکخستنێک نـەبووم ، بەهـەر حاڵ  منیـان بـرد بـۆ ئـەمنی نەجـــەف ، کەگەیشـــتینە ئـــەوێ ، هـــەر بەگەیشــتنمان ، منیــان بــردە ژوورێــک دوو کەسی لێ بوون بەجلوبەرگی مەدەنی . پاش

ئەوەی ناو و ناونیشانییان لێ پرسیم من هەر ئەوەنـدەم گـوت ( استاذ اگـدر اعـرف أنـی لیش هنا) ئوستاز ئایا دەتوانم بزانم مـن بـۆ لێرەم؟ هەر کە ئەوەم گوت، یەکێکیان کە بە پێوە بوو ، زڕتە بۆزیک بوو ڕەشتاڵە تەمەنی لەبـــەینی 40 تـــا 45 ســـاڵ دەبـــوو چەنـــد زللەیـەکی لێـدام لەگـەڵ کۆمـەڵێک جـوینی ناشیرین بـەوەی وای پیشان دا کـەمن چۆن نازانم بۆ لێرەم . هەرچەندی وەڵڵا و بیلام زۆر بۆ هێنایەوە سوودی نەبوو..

دوای ئەوە بانگی کرد منیان بـردە دەرەوە ، گـەراجێکی لـێ بـوو لـەژێر زەمـین دەچـوو، منیـان لـەو گەراجـە دانـا. پاش دوو سـەعات زیـاتر.. کـەمتر، دووکـەس هـاتن ســواری ئۆتـۆمبیلێکی پیکـابی گـەورەی شـۆفرلێتیان کردم و هاتینە دەرەوە. سـەرەتا نـەمزانی بـۆ کوێم دەبەن ، ڕاستی نەشموێرا چیتر پرسیار بکەم..

پاش کەمیک ڕۆیشتن ، زانیم بەرەو ڕێگای شاری (حیلە)یە ، لەو دەمەدا نەختیک ترسام بەڵام بەسەرخۆم نەهێنا ، لەهەمانکاتدا زۆرم تینو بوو ، چونکە هەم گەرمابوو، هەمیش لەبەیانییەوە ئاوم نەخواردبووەوە بەم جۆرە ، ئۆتۆمبیلەکە زۆر بەخێرای دەڕۆیشت و لە هیچ سەیتەرە و بازگەیەکیش نەدەوەستا یەکسەر تێدەپەڕی. گەیشتینە (حیلە)، وام زانی لەوی دەمهێڵنەوە..

نەخیر لە (حیلە)یش ڕەت بووین کە لە (حیلە) ڕەت بووین ترسم زیاتر بوو جورئەتم دایە بەرخۆم و لەکابرای لەگەڵم بوو پرسی (اگدر اعرف وین نروح) دەکرێ بزانم بۆ کوێ دەچین.. ئەو بێ ئەوەی تەماشام بکا تەنیا گوتی (بعدین) واتە پاشان.. بەهەرحاڵ ئۆتۆمبیل دەڕۆیشت، وردە وردە لەگەڵ بڕینی ڕێگادا زانیم دەچینە بەغدا بەڵام تا ئەو کاتەش کە نزیک بووینەوە لەبەغدا

ئەوەنــدەی بیــرم دەکــردەوە نەمــدەزانی بۆچی گیراوم.

دەوروبەری سەعاتی 2 دووی پاش نیوەڕۆ گەیشتنە بەغدا ئۆتۆمبیلەکە بەرەو ساحەی ئەندەلووسی نزیک (قصر الابیض) ڕۆیی چووە کۆڵانیک ، خۆی لە کۆڵانیکی ئاسایی دەچوو ، پاشان لەبەر دەرگای خانوویەک وەستا ، خانووەکانی ئەو گەڕەکە زۆربەیان خانووی تاڕادەیەک گەورە بوون.. منیان هێنایە خوارەوە و بردمیانە ژوورەوە لەوێ لەناو خانووەکە بردمیانە ژوورێک کابرایەکی لێ ڕاکشابوو لەسەر قەرەوێلەیەک وادیارە بوو ئەفسەری ئەمن بێت چونکە ژوورەکە مێز و کورسیشی تێدابوو ، کابرا بەعەرەبی بەکابرای ڕاکشاوی گوت: (سیدی هذا نزاد، جبنا من النجف) واتە گەورەم ئەوە نەژادە کە ئەو بە (نزاد) ناوی بردم و لەنەجەف هیناومانە. کابرا یەکسەر هەستایەوە وەک

بڵێـی تاوانبـارێکی بزربـووی چەنـد سـاڵەیان دۆزیبێتــەوە وتــی: (ئــی ئــی..) پاشــان تەماشایەکی منی کرد بەنەوعێک و ئینجا بـە ئیشــارەت ئیشــارەتی دایــە کــابرا بمبەنــە دەرەوە.  کابرا بەپێشەخۆی دام.. کە هاتینە دەرەوە، یەکسـەر چاویـان بەسـتم و دەسـتی گـرتم نزیکـەی  بـە مەزەنـدە ئـاوا سێسـەت مەتریک ، کەمتر زیاتر ڕۆیشتین وا دیاربوو لـەو خـانووە دوورکەوتبووینـەوە. وەختــێک چاویـان کردمــەوە لەشـوێنیکی تـر بـووین ، لـەوێ بردمیانـە ژێرزەمینێـک کـە بـە پـەیژە بـۆی چـووین بنمیچـی زۆر نـزم بـوو ، دوای ئەوەی کابرا بەر و باخەڵی  پشکنیم پاکەت و شخاتەم پێ بوو ، شخاتەکەی لێ ستاندم و پاکەتەکـەی دامــەوە و وتــی هــەر وەخێـک ویستت جگەرە بکێشی لە دەرگا بدە..

کە دەرگای داخست سـەیریکی دەوروبـەری خۆمم کـرد لـەو ژێرزەمینـە ، ڕاستی جگـە لـە

هەست بەتەنیایی کردن ترسایشم و ئیتر وام لێکدایەوە دەبی ئیخباریەکی زۆر گەورەم لیّ کرابی..

ژێرزەمینەکە مرۆڤ نەیدەتوانی بەڕاوەستان تێیدا ڕابوەستیّ بەهۆی ئەوەی بنمیچی زۆر نزم بوو کە بە ڕاستی چەندی بیرم لیّ کردەوە نەمزانی بنمچی بۆ ئەوەندە نزمە چونکە ئەو شوێنە خانووی نیشتەجێبوون بوو.. زۆریش پیس بوو، تەنانەت پاشماوەی پیسایشی تێدابوو، دیوارەکانی هەندیّ نووسینی بەسەرەوە بوو ، هەندێکیان ناو و ڕۆژی گرتن و بەڕەڵلابوونی خۆی نووسیبوو.. کەهەندێکیانم دیت ، ڕاستی زۆر پەشۆکام کە هەبوو دوو تا سیّ مانگ لەو ژێر زەمینەدا ماوەتەوە ، بەتایبەتی کە ژێرزەمینەکە هیچ ڕووناکیەکی تێدا نەبوو. بەڵام دەنگە دەنگی خەڵکی ئاسایی (ڕێبواران) لە دەرەوە دەهات دوو پەنجەرەی

درێژووکــانی بچــووکی لــەلای ســەرەوەی سەرەوە هەبوو بۆیە کرابوو هیچی تێدا دیار نەبوو.

بەهــەرحاڵ ، مــن داوای ئــاگرم نــەکردەوە پاکەتێکی بەغدام پێ بوو، جگەرەم بەجگەرە دادەگیرســاند.. تینیوویــەتی هێــزی لەبــەر بڕیبــووم قــورگم وشــک ببــوو پێکــەوە نووسابوو ، نەمدەزانی چی بکەم چەند جار هاتە سەرم لە دەرگا بدەم پێیان بڵێم تینووم بەڵام پەشیمان دەبوومەوە ، تۆ حساب بکە لەبەیانییەوە کە ئێستا ئێوارەیەکی درەنگە و بەو ڕۆژە درێژانەی هاوین و بەم گەرمایەی بەغدا ئـاوم نـەخواردبووەوە. دونیـا تاریـک داهــات ، ژێرزەمینەکــە زۆر تاریــک بــوو ، تاریکی لەو ئان و ساتانەدا دەیان خەیاڵت بۆ دێنێ.. ڕاستی کە شەو داهات و تاریک بوو تەمام لەخۆ دانا، لە دڵی خۆم وام بە خەیاڵدا دەهات ڕۆژی پێ بچم ئەمڕۆیە.. دەوری

سەعاتی 9 ی شەو، دەنگی پێم هاتە بەرگوێ بەرەو لای دەرگاکە بە پەیژەکەوە دەهاتنە خوار بەپێی ئەو زانیاریانەی هەمبوو و پێشتر لەزینـدانیانم بیسـتبوو ، یەکسـەر خـەیاڵم بـۆ شتی خراپ چوو ، لەدڵی خۆمدا وتم دەمبەن دەمکـوژن ، لەهـەمان کاتیشـدا بیـرم لـەوە دەکردەوە ، تۆ بڵێی من لەسەر چی گیرابم ، کی ئیخباری لێ کردبم ، جار جار بیرم بۆ هەندێ لە برادەرانی هاوپۆلم دەکردەوە کە پێشـتر گیرابـوون دەمگـوت نـەبادا لـەژێر ئەشکەنجەداندا ناوی منیان بە خەیاڵدا هاتبێ . پاشان هـەر بـەخۆم بـە خـۆم دەگووتـەوە ، ئینجا من چیم لە چیدایە یا بووە تا ناوی من بهێنن و ئاوا  شتی لەو بابەتە..

لـەو فیکـر و خەیاڵانـەدا بـووم کـە دەرگایـان کـردەوە ، دوو کـەس بـوون ، یـەکیان وتـی (گوم)واتـە هەستە ، ئیتـر بـە پیشـەخۆیان دام بەرەوسەرەوە..  بۆ یەکەم جار پاش چەندین

سەعات، چاوم بە ئاوەدانی ڕوون بووەوە ، بەڵام زۆرم تینوو بوو. بەیەکێکیانم گوت زۆرم تینووە، وتی :(بعدین) واتە دوایی..

منیان برد لەپیش ژوورێکیان دانام وتیان (ئینتەزیر) واتە چاوەڕێ بە..

کابرا چووە ژوورەوە، ماوەیەکی کورت لەژوورەوە بوو هاتە دەرەوە ، پێی وتم وەرە! پێش خۆی دام بۆ ژوورەوە. ژوورەکە مێز و کورسی و قەنەفەی لێ بوو ، لەژووری ئەفسەر دەچوو، دوو کەسی لێ بوون یەکێکیان لەپشتی مێزەکەوە بە کەماڵی سەنتەنەتەوە بە ڕەهایی دانیشتبوو ، ئەوەی دیکەیان لەتەنیشت مێزەکە چەند وەرەقەیەکی سپی لەبەردەم بوو قەڵەمێکی لەسەر داندرابوو.. ئەوەی منی بردە ژوورەوە، لە چوونە ژوورەوە و هاتنە دەرەوەیدا سڵاوی بۆ کابرای پشت مێزەکە

سەند و چووە دەرەوە. ئیتر بەتەنیا مامەوە. کابرای پشت مێز بەجۆریک سەیری دەکردم جیاواز ، مـن وەستابووم ، کـابرای تەنیشـت مێزەکەیش تەماشای دەکردم.. کابرای پشتی مێـز یەکـەم پرسیاری لـێ کـردم بـەم جـۆرە دەستی بەقسە کرد:

کـابرای ئەمن:(ئیـه) کاکـه انـت شـوداک للعباسـیة.. ؟ واتـه کاکـه تـۆ چـی بردیتیـه عەبباسیە. من: استاذ غیر انتم- ئوستاد غیر ئێوە.. هـەر ئەوەنـدەم  وت و نـەوت کابرای ئـەمن تـووڕە بـوو لـێم هەستایە سـەر پـێ و پاڵێکی بـە دەم کۆمەڵێـک جنێـوەوە پێوەنام ، خـۆم گرتـەوە دەنـا پشـت و پشـت دەکـەوتم ئینجا وتی : (ترتکبون الجـرائم ضـد الحـزب و الثـورة و تغشـمون نفسـکم). واتـه تـاوان بەرامبەر حزب و سەورە دەکەن و خۆشتان غەشـیم دەکـەن ، پاشـان وتـی (مـاکو چـارە ویـاکم راح نـأدبکم) هـەر چەنـد وتـم مـن تـا

ئێستا نازانم لەسەر چی بانگ کراوم بێ سوود بوو ، تەنیا ئەوەندەی وت ( اخرس لک) پاش کەمێک وەستان و چاوتێبڕین وتی: انت وین اهلک وتم: هەولێر.

وتی: باشە. بەدەم ئەو باشەیەشەوە هەستایە سەرپێ و بەرەو لای من هات ئاوا دوو مەتریک لەمن دوور بوو ، وتی: - احنا نعرف انت متورط ویاهم ، لکن نرید نسمع منک. وتم ( العفو أستاذ ما افهم قصدک) واتە ئوستاز لە مەبەستت ناگەم ، وتی: پێمان بڵی چۆن نەخشەتان بۆ کوشتنی تاوانلیکراو ئەو وتی (المجنی علیە) عوسمان محەمەد فائق بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری کێشا ، لەو کاتەدا تێگەیشتم من لەسەرچی گیراوم چونکە، پێش دوو ڕۆژیش لەڕۆژنامەکاندا هەواڵی ئەم مەسەلەیەم خویندبووەوە ، بەڵام ڕاستی لەوکاتەدا شتێک لەنێوان سەرسڕمان و پێکەنین بە خۆم نەبوو

دایگـرتم، کـەمن هـەر لەبنەڕەتـەوە لەبەغـدا نەبووم لەو ڕاستەدا وتـم : ئوستاز مـن هـیچ شتێک لەو مەسەلەیە نازانم تەنها وەکـو هـەر هاووڵاتیــەک لەڕۆژنامــەدا خویندومەتــەوە هێشتا قسەی خۆم تەواو نەکردبوو کە پاڵیکی دی توندی پێوەنام و شەقازیلەیەکی لێدام و لەگــەڵ کۆمــەڵیک جنێــو ئینجــا وتــی (راح نعدمکم) واتـە ئیعدامتان دەکـەین.. قسـەکەی بـەجمع کـرد.. لـەوەڕا زانـیم خـەڵکی تـریش گێـراون هـەر تـەنیا مـن نـیم کـە لەدوایشـدا هەروا دەرچـوو ئێمـە نزیکـەی ژمارەیـەک لـە نووسەرو ڕۆژنامەنووس بێجگە لە خەڵکی تـر لەسەر ئەم مەسەلەیە گیرابووین. کارەکـەش وەک لەدوایدا بۆمان ڕوون بـووەوە لەلایـەن ڕێکخراوێـک بـە نـاوی (هـەڵۆی سوور)ـەوە ئەنجام درابوو، ئەمەمان لەدوای بەربوون بۆ ڕوون بــووە هــەرواش بــوو، دوای ئــەوەی ئەوان گیران ئێمەیان بە (کەفالەت) بەردا.

بەهـەرحاڵ دوای پرسـیار و وەڵامێکـی زۆر و لێـدان و ترسـاندنی زۆرەوە کـە سـێ جـار دووبارەیـان کـردەوە مـاوەی زیـاتر لـە سـێ سەعاتی خایاند لە ژووری جیا جیا ، وا دیـارە (ڕەوانشاد ڕەووف حەسەن ) کە دوای زانیم لە زیندانی ئینفیرادیـە دەنـگ و هـاواری منـی لە کـاتی لێدانـدا ناسیبووە و کـە نزیکـی ئـەو شوێنە بووە ( ئەو ئـەوەی لـە یادداشـتەکانیدا نووسیوەتەوە و کاتێ لە ڕۆژنامەی (باس) بە زنجیرە بڵاوی دەکردەوە).

پاش هەموو ئەو لێدان و ترساندنە ، پێم وا بـــێ خۆیـــان مانـــدوو بـــوون . هیچیـــان هەڵنەکراند ، چونکە بەڕاستی دوور و نزیـک پەیوەندیم بەو کارەوە نەبوو بە جەستەیەکی کوتراوەوە و تینوویەتێکی لەڕادەبەدەر منیان هێنایەوە لای ئەفسەرەکەی پێشوو کە کابرای لەتەنیشت مێزەکـە دانیشـتبوو دەینووسـیەوە، جارێکیتر کـابرای ئەفسـەر کەوتـەوە هەڕەشـە

و وای تێگەیانـدم کـە دواجـار دەبـێ دان بـە تاوانەکانتان بێنن ( ئەوەشی بە جەمع وت) ، هەر چەنـدە مـن تاقـەتی بـەرگری لـە خۆشـم نەمابوو ، بەڵام جارێکیتر وتـم ئوسـتاز مـن لـە دوور و نزیـک ئاگـادار نیـم ، دوایـی چەنـدین پرسـیاری دیکـەی لـێ کـردم کـە هەنـدێکیانی پێشتر لـێ کردبـووم ، ئینجـا کـابرای تەنیشـتی کـــە دەینووســـییەوە وەرەقەیـــەکی دایـــە ئەفسـەرەکە و بـە سـەیدی بـانگی کـرد ، پـێ دەچـوو ئەفسـەرەکە (محقـق) پلـەی لـەو بەرزتر بوو هەر چەندە هەر دووکیان جل و بەرگی مەدەنییان لەبەر بوو ئینجا ئەوەی کە تحقیقی لەمن دەکرد ئەویش بە ئیشارەت بە منی وت: وەرە ئیمزای بکە.

لەڕاسـتیدا لەوکاتـەدا مـن دوو دڵ بـووم لـەئیمزاکردن ، چونکـە دەترسـام لـەوەی کـە شتی هەڵبەستراوی تێدابێ ، لەلایـەکی تـریش لـــە تینوویـــەتییان و ماندوویـــەتی کـــە

گەیشتبووە دەوروبەری نیوە شەو وڕ ببووم نەشمدەزانی بەم نیوە شەوە چیم بەسەر دێت ، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ من ئەوە مەسەلەیەکی گرنگ بوو کە وەڕەقەکە بزانم چی تێدایە ئینجا ئیمزای بکەم ، چونکە لە زۆر کەسم بیستبوو کە پێشتر زیندانی کرابوون کە ڕەنگە بۆت هەڵببەستن ، بۆیە جورئەتم دایە بەر خۆم و بەکابرام وت ئوستاز دەتوانم بیخوێنمەوە کابرا دوای ئەوەی تەماشایەکی منی کرد بە ئیشارەت بێ ئەوەی قسە بکات وتی: باشە. کە وەرەقەکەم خوێندەوە هەر ئەوەی تێدا بوو کە لەتەحقیقدا وتبووم.. بەم جۆرە ئیمزام کرد. ئەو جار هێنیامیانە دەرەوە ، ڕاستی ترسی ئەوەم هەبوو بمبەنەوە ژێرزەمینەکە، بەڵام نەیانبردمەوە ئەوێ ، کورسیەک لەحەوشەکە داندرابوو لەنزیک دەرگاکە ، سەلاجەیەکی ئاوی لێبوو، لەوانەی ئەوسا لە شوێنە

گشتییەکان دادەنران دۆڵکەیەکی لەسەربوو ، کابرا بەمنی وت لێرە دانیشە من دانیشتم و دانەنیشتم، ئیتر بێ ئەوەی پرس بەکەس بکەم دۆڵکەکەم پڕی ئاو کرد و دەمم پێوە ناو خواردمەوە ئێستاش لەبیرم نەچووەتەوە چونکە گەرمایش بوو دوای ئاو خواردنەوە ئارەقێکی زۆرم دەردا . پاش چەند جگەرەکێشانێک کابرا هات ئەوەی کە بۆ یەکەم جار بردبوومیە ژێرزەمینەکە ، دیسان چاوی بەستم ، منیش بەو شەکەتییەی لێدان و تێهەڵدانەوە ، سەرەڕای برسییەتی و ترس لەوەی بمباتەوە ژێرزەمینەکە یا شوێنێکی وەک ئەوێ هەزار و یەک بیرم بە مێشکا دەهات ، بەهەر حاڵ ڕۆیشتین ڕەنگبی بە مەزەندە تا 500 پێنجسەت مەترێک بە بەپێ ڕۆیشتین ، ناوە ناوەش کابرا دەیگوت سەرت داخە و سەرت بەرز کەوە تا گەیشتین چەند جارێک ئەمەی دووبارە

کــردەوە دەســتی گرتبــووم تــا گەیشــتینە شـوێنیک بەعـەرەبی وتـی (دیـر بالـک سلالم) واتـە ئاگادارب‍ـە پەیژەیـە (قادرمـە) ئیتـر ئـەوە بـوو لـە پـەیژەکان سـەرکەوتین ، وا دیـاربوو پەیژەکان زۆربوون ڕەنگە 15 پازدە پـەیژە زیاتر دەبوو ، وەختیک کە چاویان کردمەوە ، ڕووناک بوو خەڵکێکی یەکجار زۆر لەو دیوی شیشەکانەوە دیاربوون . کابرا منی تەسلیمی بەرپرسی ئەو جێگایە کرد ئەویش قەڵـەم و قــایش و ســەعاتی لــێ ســەندم ، ، ئینجــا دەرگای سجنی بۆ کردمەوە پاش ئەوەی ناو و زانیاری نووسیەوە..

کـە چوومـە ئـەو دیـوی شیشـەکەوە دەتـوانم بڵـێم بـەس مـن جلـم لەبـەربوو چونکـە زۆر گەرم بوو خـەڵکێکی زۆر ، ڕووبـەریکی کـەم ، کە قاوش قاوش بوو ڕەنگبی هەمووی 12بـە 50 مــەتر بــێ ، درێژووکــانی بــوو ، قــاوش قــاوش بــە محەجــەرە جیــا کرابــووەوە کــە

لەوانەیە بە مەزەندە نزیکی هەشت سەت نەفەریان تێدا ئاخنیبوو کە پاسەوانەکە دەرگای داخستەوە من نەمزانی لە زیندانەکە بەرەو کوێ بچم، تەنانەت جێگای وەستانیش نەبوو . بەناچاری هەر لەنزیک دەرگاکەوە بەحاڵ لەسەر چیچکان دانیشتم ، بەجلەکانیشم دیار بوو کە تازە هاتووم چونکە هەموویان لەگەرما ڕووت بوون تەنیا شۆرتیان لەبەردا بوو..

ڕاستی ئەم زیندانە هەموو جۆرە مرۆڤێکی تێدابوو لەهەموو جۆرە قەزیەیەک بەسیاسی و غەیرە سیاسی( پاشان ئەوەم زانی) لەبەر ئەوە زۆر ناخۆشبوو ، گەرما و هەوای پیس و هەناسەبڕی ناو زیندانیش لەولاوە بوەستێ. بەهەرحاڵ نازانم چۆن بوو کابرایەک لەتەنیشتم بوو پێی گوتم لەسەر چی گیراوی منیش لەبێتاقەتی کە پێشمەوە دیار بوو لێیان داوم وتم نازانم ، زۆری پی

نــەچوو یــەکێکی دی کــە لــە بەرامبــەرم دانیشتبوو جگەرەی دەکێشا وتـی (أنـت کاکە موو؟) ، بەو مانایەی تۆ کوردی ؟ وا دیاربوو لەشـیعە و ئەوانـە دەچـوو، منـیش لەسـەرخۆ وتـم (ئـا) وتـی: جەماعەتەکـەت هـەموویان لێـرەن ، ئیشـارەتی بـۆ لای سـەرەوە کـرد. منیش ڕاستی زۆرم پێ بڕوا نەکرد وام زانیی پێم ڕادەبوێرێ لەگەڵ ئەوەشدا بەهەزار حاڵ تـۆزی چوومـە سـەرەوە چاوم گێـڕا وەختیـک پاش پێنج شەش مەتر ڕۆیشـتن ئـاوڕم لەلای ڕاسـتم دایـەوە ، لەیـەکی لەقاوشـەکان وەک وتم زیندانەکە لەکۆمـەڵی قـاووش پێکهـاتبوو، بێجگـە لـەوەی مەمـەڕێکی هـەبوو ، تەماشـام کرد بالفعل کۆمەڵیک بـرادەرم بەرچاوکـەوت وەک گـوڵ گەشـامەوە لەخۆشـیان بەتایبـەتی کـە زۆر مانـدوو بـووم. چوومـە پـێش سڵاوم کرد ئەوانیش هـەر هـەموویان پێکـەوە وتیـان ئـەوە(تۆیش)؟.. ئەوانـەی لەوکاتـەدا لـەوێ

بـــوون چیرۆکنـــووس م.(حســـێن عـــارف) م.(حمیـــد عزیـــز) کـــە ئێســـتا دکتـــۆرە لـــە فەلسەفە لە زانکۆی سەلاحەددین ، (ئەحمەد زەردەشـــت) ڕۆژنامـــەنووس (عەبـــدوڵڵا عەباس ) ڕۆژنامەنووس (محمد عبدالخالق) ڕۆژنامـەنووس کـەمال کـە هـەردووکیان لـە ڕۆژنامـەی (بیـری نـوێ)ی حزبـی شـیوعی کاریان دەکرد ، ڕۆژنامەنووس عەبدوڵڵا بابا عـەلی و (بێسـتونی مـەلا عومـەر) کـە لـە سـلێمانی گیرابـوو. کابرایـەکی لوبنانیشـیان لەگـەڵ بـوو هـەر چەنـدە دوایـی زانـیم لـە قاووشـێکی دیکەیـە کـە دەیـانگوت ئەنـدامی سەرکردایەتی حزبی بەعسە لە لوبنان ، خۆی نـاوی( فـاروق حسـین السـاحلی) بـوو ، ئێمـە پێمـان دەگـوت (ئـەلتلوو ئـەللو) ، چونکـە ئـــەوەی لـــە قســـەکردندا زۆر دووبـــارە دەکـردەوە، ئیتـر کۆمـەڵێک برادەری تـریش بـوون کـە ڕەنگـە ئێسـتا ناوەکانیـان نەیەتـە

خــەياڵم بێجگــە لــە م. (ڕەئــوف حەســەن) چیرۆكنــووس و ڕۆژنامــەنووس كــە ئــەویان بردبووە (زیندانی ئینفرادی) بەمجۆرە و لەو حاڵەتــەدا ماینــەوە و ڕۆژمــان بەشــەو گــرێ دەدا و نەمانــــدەزانی چارەنووســــمان چـــی بەسەر دێت..

زۆرجــار پاگەنــدەی وایــان لــەناو زیندانــدا بڵاودەكــردەوە كــە ئەوانــەی لەســەر فڵانــە مەســەلە گیــراون واو وایــان لێــدەكرێ.. یــا هەندێ جار كە ڕۆژنامەی ( الثورة)مان بۆ دەهــات چەنــد جارێــك پارچەیــەكیان لــە لاپەڕەیــەك لــێ دەكــردەوە ئێمــە وام لێــك دەدایەوە ئەوە ئەمری ئیعدامی ئێمەیە.. لە ڕووی خواردنــەوە ، خواردنمــان لــە نیســك، جاروبــاریش هەنــدێ بــرنج و شــلە كــە زۆر وشــك بــوو زیــاتر نــەبوو.. حەفتــەی جارێــك پارچــــە (زبدە)یــــەكیان پــــێ دەدایــــن ، هەندێجاریش نەختی شیری قوتوو.. ڕاستی

زۆربـــەمان زبدەکـــەمان هەڵـــدەگرت، نەماندەخوارد بۆ ئەوەی ئەگەر لێیان داین لـەباتی مەلحـەم شـوێنی لێـدانی پـێ چـەور بکەین ، ئەگەر نەخۆشیش بووباین، لە حاڵی مـەلایش بـاین دەبووایـە نـۆرە بگـرین تـا بـە حەفتەیـەک یـان زیـاتر دوای ئـەوەی نـاوی خۆمـان دەنووسـی تـاکو بـەرمان دەکـەوێ دکتۆریش کە دەچووینە لای لە دووری دوو مـەتر زیـاتر بـە تورەییـەوە لێـی دەپرسـی: (شبیک ؟) واتە چیتە ؟ سەیرە ئەوە بە دڵی خـۆ پزیشـکە و سـوێندی یاسـایی ئـەبوقراتی خواردووە !!

لــە ڕووی مواجهــەوە ، تــا بــەریش بــووین هــەموو مواجهەیــەکمان قەدەغــە بــوو تــەنیا ئەوەبوو ، ڕێگایان دەدا کەسوکارت کە دوایی زانیمـان لـە زۆر دوور ڕایانـدەگرتن و تـەنیا بۆیان هەبوو گلۆسێک پاکەتی بەغدا لەگەڵ فانیلایــەک و دەرپــێ قوتەیــەک و 5 پێــنج

دیناری ئیراقیمان بۆ بنێرن و بۆشمان نەبوو بپرسین کێ هێناویەتی ، بەبەڵگەی ئەوەی برادەران دەزانن جارێ من پرسیم کابرای ئەمن ، پاش کۆمەڵێک جنێو ئینجا ئاگاداری کردمەوە جارێکیتر ئەو پرسیارە نەکەم بۆ هەموومان وابوو..

بەهەرحاڵ ئێمە تا  نزیکەی چوار مانگ ماینەوە. دواجار ، پاش ئەوەی ئەوانەیان گرت ( کە دوای ئەوەی بە کەفالەت ئازاد کراین زانیمان) ئێمە زۆربەمان بە کەفالەت ئازاد کراین. ئەوانەی لەگەڵ مندا گیرابوون و لە (زیندانی ئەمنی عامە لە بەغدا )ئەو برادەرانەی خوارەوە بوون:

1- حسێن عارف- ڕۆژنامەنووس و چیرۆکنووس ئێستا نیشتەجێی شاری سلێمانییە.

2- ڕەوانشـــاد عەبـــدوڵڵا بابـــە عـــەلی- ڕۆژنامەنووس خەڵکی کەرکووک،

3- احمد زەردەشت- کوڕی توێژەری مێژوو مامۆســتا حەمــەبۆر- ڕۆژنامــەنووس لــە ڕۆژنامەی (بیری نوێ)ی حزبی شیوعی.

4- محمــد عبــدالخالق- ڕۆژنامــەنووس لــە ڕۆژنامەی (بیری نوێ) و مامۆستا.

5- شاعیر و ڕۆژنامەنووس عەبدوڵڵا عەباس ، کە ئێستا دانیشتووی سلێمانییە.

6- حەمیـد عزیـز کـە ئێسـتا دکتـۆرە و لـە زانکـۆی سـەلاحەددین، کـۆلیژی ئاداب بەشـی فەلسەفە مامۆستایە و خەڵکی قەڵادزییە.

7- بێسـتوون مـەلا عومـەر- ئـەویش لەسـەر هــەمان قەزیــە - بێســتوون لــە ســلێمانی گیرابوو.. بە داخەوە وابـزانم دوای بـەربوون شەهید کرا.

8- برادەرێکـی دی بـە نـاوی کـەمال ، کـە هونەرمەنـــد بـــوو لەگـــەڵ محەمـــەد عەبدولخالق گرتبوویان.

ئەوی ڕاستی بێ کە وتت زیندان ، بە تایبەتی زینـــدانی بەعســـییان کـــە ئیعـــدامیان پـــێ ئاوخواردنەوە بوو .. لەگەڵ ئەوەی ئازارێکی جەسـتەیی و نەفسـی زۆریـان دایـن ، بـەڵام دیسان خاڵـی نەبوو لـە هەڵوێسـت و دیمـەنی کۆمیدی ، بە نموونـە کابرایـەکی لـێ بـوو لـە تەنیشت قاووشی ئێمە نـاوی ( ئیبـرە و خێـت – داو و دەرزی ) بوو کە پرسیم وتیان تاکە کەســە توانیویـــەتی دەرزی و داو بێنێـــتە ژووری ، دەیـــانگوت ڕۆژێ گوایـــە چەنـــد مریشکێکی کڕیـوە و بردوویەتیـەوە مـاڵێ کـە بەڕەڵڵای کردوون یەک یەک ناوی لـێ نـاون وتوویـەتی ئـەوە قائیـد ئەلموئسسـە ، ئـەوە سەید و ئەلنائبە ( مەبەستی سەددام حسێن) بووە ، ئەوە ئەندامی قیادەی قوتری فڵانە و

تـاد .. تومـەز ژنەکـەی پـێ دەچـێ دۆسـتی هـەبووبێ ، خەبـەری لـێ دەدا و دەیگـرن بـە تۆمەتی (سب و شتم ) واتـە جنێـودان ، ئینجا زۆر جـار بـە دەنگـی بـەرز هـاواری دەکـرد (بس اطلع) واتە بەس ئازاد بم ، گوێمـان لـێ دەبـوو هـەر لـە قاووشـەکەی خـۆی پێیـان دەگوت ( بابە ما تطلع) بابە دەرناچی ..

یـان کۆمـەڵێک شـەقاوەی بەغـدایان گرتبـوو ، نەمانزانی لەسـەر چی بـوو ، بـەڵام دەیـانگوت کـۆنگرەی لاوانـی عـەرەب لـەو ماوەیـە لـە بەغداییـدا دەبەسـترێ بۆیـە گیـراون ( وایـان دەگوت) ئەوانە زۆریان کوردی فەیلی بوون هـەموو زینـدانییان لێیـان دەترسـان ، بـەڵام خۆشـبەختانە زۆر ڕێـزی ئێمـەیان دەگـرت ، یەکێکی زەبەڵڵاحیان تێدا بوو وای نیشان دەدا گەورەیانـە ( گـەورەی شـەقاوان) دەهـات بـە کاحوسێن عـارفی دەگـوت ، (کـە ئێمـەش بـە پێـی تەمـەن ئـەومان بـە گـەورەی خۆمـان

دانابوو) – خۆ ممحتاجين شی- خۆ هيچتان پێویست نييه ، هەر هەمان کەسی زەبەللاح ڕۆژێ پێی لەسەر پێی کەسێک دانابوو ، کابرا دەیهێشا و هاواری دەکرد . ئەویش پێی دەگوت ( اخ الگحپه ليش مخلی رجلک تحت رجلی) واته خوشک هين بۆ پێت لە بن پێی من داناوه ؟ !!. یان کابرای لوبنانی کە زۆر دەهاتە لامان ، ئەو لە قاووشێکی سەرەوتر بوو ، عەرش و کورشی باس دەکرد ، هەمیشەش دەیگوت من یا ئیعدام دەکرێم یان ئازاد دەکرێم و بەرپرسياريەتێکی گەورەم دەدەنێ ، پاشان دوای ماوەیەک ئازاد کرا ، ئێمە بەوەمان زانی هەندێ پاکەت و پەنیر و ئەوانەی بۆ قاووشی ئێمە ناردبوو .. ئەو پیاوە خۆی وەک چەپ نیشان دەدا ، لە زیندانەوە بەرگری لە میشێل عەفلەق دەکرد و بە بيرياری حزبی بەعسی دەزانی ، لەو سەرەکەی دی ( جەبهەی

قـەومی تەقـدوومی) نێـوان بـەعس و حزبـی شیوعی بەرقەرار بوو و بارەگایان لە بەغدا و نزیکــەی زۆربــەی شــارەکان مــابوو ، ئینجــا زیندان پڕ بوو لە شیوعی ..

بــەو جــۆرە مامــەوە تــا ڕۆژێ مــن نــۆرەی ســـەرئاوێم (تـــەوالێت )م گرتبـــوو ، ئـــاخر سـەرئاویش بـە سـرە بـوو بەشـی هـەمووانی نـەدەکرد دەبووایـە کـەمترین کـات بـەیانیان نیـو سـەعات بچیـت سـرە بگـری تـا بـەرت دەکـەوێ چـۆڕە میزەکـی بکـەی ئـەویش تـا تەواو دەبووی دەیان ( شسـوێت)ت – چیـت کردتیـان لـەو دیـوی دەرگـاوە بـۆ دەهـات وەک وتم ئەو ڕۆژە دوای نزیکی چوار مانگ لە زیندان ئەو بەیانییە هەر سرەم بەرکـەوت و چوومـە ژوورەوە ، گـوێم لـە چەنـد ناوێـک بوو ، لەوانە ناوی خۆم ، چیت لێ بشێرمەوە میـزم بـە پاش وەچـووەوە و پێم نـەکرا کـە گـوێم لـە نـاوی خـۆم بـوو کـابرا وتـی ، فلانـی

کوڕی فلآنی ( لم غراضک) واته فلآن (واته مـن) شرِوشـیتاڵت کۆکـەوه یـان تێکنـێ ، خۆیشی وابوو ئەگەر بەیانیان بانگیان کردبای یا بـۆ ئـازاد کـردن بـوو یـا گواسـتنەوه ، بـه پێچەوانـەی ئێـواران یـا شـەو ئـەوه بێگومـان دەمانزانی بۆ تەعزیب و لێکۆڵینەوەیه ، نـاوی ئێمه که بانگ کراین بەیانی زوو بـوو دەوری سەعاتی هەشت تا هەشت ونیوی بەیانی بوو بۆیه له ڕواڵەتـەوه ترسی کـەمتر بـوو ، هـەر وایـش دەرچـوو مـن لـه تەوالێتەکـه هاتمـه دەرەوه ، هـیچ شـڕو شیتاڵیشـم نـەبوو ، یەکسـەر چووم خواحـافیزیم لـەو برادەرانـەی مـابوون ، (چونکه هەنـدێکیان پێشـی مـن بـەر ببوون )کرد و هاتمه لای دەرگا خۆم ناساند و کـابرا لیسـتێکی پـێ بـوو سـەیرێکی کـرد و دەرگایان لێ کردمـەوه ، کـابرا پێشـەکی منـی بـرده لای سەرتاشـی زینـدان ، چونکـه ڕیشـم زۆر درێژ بوو و لـه هـەموو ئـەو ماوەیەشـدا

چەهرەی خۆمم نەبینیبوو ، سەرتاش زۆر بە پەلە ڕیشی تاشیم نیوەی ڕوومەتی بڕیم ، ئینجا کابرا بردمییە لای دەرگایەک کورسییەکی لێ بوو ، وەک ئەوانەی بۆ دەرگەوانانی دادەنێن و وتی لێرە دانیشە (ئەو بە عەرەبی وتی) .. چووە ژوورەوە ، دوو تا سێ دەقیقەی پێنەچوو دەرگای کردەوە بە وشەی (تفضل) فەرموو ، کە دەمێک بوو گوێم لێ نەببوو ، لەوەڕا زانیم بانگ کردنم بۆ بەربوونە .. کە چوومە ژوورەوە کەسێ بە جل وبەرگی مەدەنی تەمەنی بە سەرووی چل و پێنج ساڵی دەردەکەوت لە پشت مێزێکی داری پان و پۆڕ دانیشتبوو کە دوو کورسی لەم سەر و ئەو سەر داندرابوون ، ژوورەکەش پاک و خاوێن و قەنەفەی گرانبەهای لێ بوو ، بەوە زانیم کە ئەفسەرێکی پلە باڵایە ،کەسێکی سوورکەڵەی قەڵەوی لەلادا لەسەر یەکێک لە

کورسـییەکانی بـەردەمی دانیشـتبوو لەگـەڵ چوونە ژوورەوە کابرای پشت مێز ئاماژەی بۆ کورسییەک کرد لای دەرگا داندرابوو و وتی : (استریح) دانیشە. نەخێر زۆری نەبرد چایەکیشیان بۆ هێنام ، ئینجا کابرای قەڵەو بەکوردی پێی وتم تۆ چ کارت بەوانە دایە ، تۆ ئەولی تەمەنتە بۆ یارمەتی باوکت نادەی ...( کەر لە کوی کەوتووە و ئاشەوان لە چ خـەیاڵێ ، دەبـێ پەندەکـەی ئـاوا بـۆ تێکـەڵ بکەی) وتم مامۆستا من لە جنووب دەژیم ، خوا شایەدە خۆشم نازانم بۆ گیراوم .. کابرا لەسەری نەڕۆی یەکسەر وتی ئەمڕۆ بەر دەدرێی من هاتووم دەبمە کەفیلت، ئێنجا کابرای پشت مێز وتی: (راح نطلق سراحک) واتە بەرت دەدەین ،پاشان کۆمەڵێ قسەی کرد بەو ئاراستەیەی کە هیچ تاوانبارێک ئەو (مجرمین) ی بەکار هێنا لە عەدالەتی حزب و سەورە دەربازیان نابێ..

بەهەر حاڵ من تا ئەو کاتە دەمم بۆ چایەکەی پێشم نەبردبوو، کابرای پشتی مێز وتی : ( اشرب چایک تعال وقع ) چایەکت بخۆوە و وەرە ئیمزا بکە.

چایەکە سارد ببووەوە یەک دوو فرِم لەبەر قسەی ئەو لێدا و بەرەو لای مێزەکە هەستام وبینیم فەرمانی بەربوونمە ئیمزام کرد ، دیار بوو وەرەقەیەکی تریشی بە کابرای قەڵەو ئیمزا کرد ، ئینجا کابرای قەڵەو کە بە ئەبوو فلان ( ناوەکەیم بیر نەماوە) خوافیزی لە کابرا کرد و منی بە پێشە خۆی دا و پسوولەیەکیشی بە دەستەوە بوو کە دەرچووین لە پرسگە تەسلیمی کرد و ئیمزایەکی بۆ لە دەفتەرێک بۆ کردن و هاتینە دەرێ ..

ئاوا سەت مەترێک ڕۆیشتین گەراجیکی لێ بوو ، کابرا ئۆتۆمبیلی لەوێ ڕاگرتبوو ،

ڕاستیی من یەکسەر زانیم ئەم (کوردە قارەمانە) پیاوی خۆیانە و بە پارە بووەتە کەفیلم کە هەر وایش دەرچوو ، پارەیەکی زۆری لە باوکم وەرگرتبوو ، بۆیە من هەر خوا خوام بوو لە نزیکترین شوێن بێمە خوارێ ، بینیم ئێمە لە کۆڵانەکانی پشت (قصر الابیض) بووین کە نزیکیشە لە گۆڕەپانی ئەندەلوس ، ئەو وتی بتگەیێنمە کوێ ، وتم لە گۆڕەپانی نەسر دێمە خوارێ ، گۆڕەپانی نەسر زۆر دوور نەبوو لەوێ و پاسی مەیدان یش دەهاتنە ئەوێ ، بەهەر حاڵ پێی وتم ئێستا خەبەر دەدەمە باوکت ، وەڵامم نەدایەوە ، پاشان دەرکەوت بە پارە ئەو کابرایەیان بۆ باوکم دۆزیبووەوە کە ماڵی لە بەغدا بوو .

لە گۆڕەپانی نەسر هاتمە خوارێ ، پیاسەیەکم لە گەراجی پاسان کرد ، لە چاوەڕوانی پاسی ژمارە 4 کە دەچووە مەیدان هەستم کرد

پێیەکانم زۆر ئازاریان هەیە بە هۆی ئەوەی لە لایەک لێدانی کاتی گرتنم و لە لایەکی دی بەهۆی دانیشتنی زۆر و بوار نەبوون بۆ پێ درێژ کردنن. تا پاس هات هەوڵم دا بە هۆی جامی چەند ئۆتۆمبیلێک چەهرەی خۆم ببینم کە نزیکی چوار مانگ بوو نەمدیبوو ، پاشان وازم لێ هێنا وتم نەڵێن ئەو کوڕە بۆچی سەری دەباتە ناو جامی ئۆتۆمبیلان !!

پاس هات سوار بووم ، لەناو پاس بەبیرم هاتەوە کە بردمیان بۆ قاووش سەعات و قایش و هەندێ شتومەکیان لێ ستاندبووم ، ئەویش ڕۆیی ، تازە چی ، من خوا خوام بوو بێمە دەرێ.. پاسی ژمارە 4 بە درێژایی شەقامی ڕەشید دا دەڕۆی تا دەگەیشتە گۆڕەپانی مەیدان ، من پێش ئەوەی بگاتە مەیدان لە وێستگەیەکی نزیک مزگەوتی (حەیدەرخانە) هاتمە خوارێ ، چونکە من عادەتەن کە لە عەبباسیە بهاتمایە بەغدا یا

لای م . عزیز گەردی و ئەوان دەمامەوە یا لە ئوتێلی ( نزار) نزیکی مەیدان. ئۆتێلی نزار ئەوسا ، محمد موکری و مارف عومەر گوڵ ( کە خاوەنی ئوتێل خاڵی بوو) هەروەها زۆر لەو نووسەر و ئەدیبانەشم لێ دەدیتن کە لە بە غدایێ لە زانکۆ دەیانخوێند لەوانە بە نموونە شێرزاد حەسەن کە لە بەشی ئینگلیزی دەیخوێند .. ژمارەیەکی دیکەش بوون ، ناوەکانییانم لەبیر نەماوە.

لە نزیکی ئوتێل نزار لە وێستگەیەک دابەزیم لەوێ تەلەفۆنم بۆ محەلی خاڵم ڕەحمەتی محەمەد گەلاڵی کرد کە ئەوسا کارگەی کاشی هەبوو و شوێنی خۆم پێ وتن ، بۆ ئێوارەکەی باوکم لەگەڵ هەندێ لە خزم و دۆستان گەیشتنە لام ، شەو لە بەغدا ماینەوە بۆ بەیانی بەرەو هەولێر بەڕێ کەوتین ، ڕاستی تا ئازاد نەکرام بە دایکمیان نەوتبوو ، بەڵام دایکم بە (حدس) زەینڕوونی دایکایەتی

هەستی کردبوو شتێک بووە و پێی ناڵێن .. بەهەر حاڵ سێ چوار ڕۆژێک لە هەولێر لە ماڵەوە مامەوە پاشان یەکسەر بەرەو عەبباسیە ، شوێنی لێی گیرام گەڕامەوە ، کە چوومە کتێبخانە ( وەک لە پێشدا وتم من کاتب بووم لەوێ) بەڕێوەبەری کتێبخانە پێی ڕاگەیاندم کە من ماوەی مانگێک زیاترە گواستراومەتەوە بەغدا ( ئیدارەی محەلی) ، هەر چەندە زۆرم پێ خۆش بوو ، بەڵام لە دڵی خۆمدا سەیرم پێ هات لە کاتێکدا من لە زیندان بووم فەرمانی گواستنەوەم دراوە، ئینجا یان کەس بە کەس نەبووە و ئیدارەکان ئاگاداری یەکتر نەبوون یان بە مەبەست ئەوە کراوە .. نوسخەیەک لە فەرمانی گواستنەوەم لە بەڕێوەبەری کتێبخانە وەرگرت و خواحافیزم لەوان و چووم لە ماڵی قادریش کرد و بەرەو بەغدا لە نەجەفەوە کەوتمە ڕێ .. ئەو ڕۆژەی

گەیشتمە بەغدا بە درەنگم زانی بچم بۆ پارێزگای بەغدا – ئیدارەی محەلی - هێشتمەوە بۆ بەیانی ، شەو وەک زۆر جاران چوومە لای م. عزیز گەردی و حەکیم کاکەوەیس و ئەوان و ڕاستی سەرەڕای ترسێکی پەنهان دڵخۆش بووم بەوەی گواستراومەتەوە بەغدا ، تەنانەت باسی ئەوەشم لەگەڵ برادەران کرد کە منیش چۆن ژوورێک لەوناوە، لە دەوروبەری ئەوان بە کرێ بگرم .. بۆ بەیانی چوومە پارێزگا کە ئەو دەمە بارەگای پارێزگا لە مەیدان دوور نەبوو لە بینایەیەک بوو پێیان دەگوت (قشڵە) ، لە پرسگە نوسخەی فەرمانی گواستنەوەکەمم پێشان دان یەکسەر بێ ئەوەی پێم بڵێن چاوەڕێ بکە ( کە ئەوەش ترسی زیاتر کردم) بردمیانە لای بەڕێوەبەری گشتی ( لەسەر دەرگاکەی وا نووسرابوو) ، بەڕێوەبەری گشتی بێ ئەوەی

لێم بپرسێ ئەو ماوەیە بۆچی ( نەهاتووی موباشەرە بکەی ) یەکسەر لەسەری نووسی ( الاملاک .. شعبه الترکات لاجراء اللازم) ، خزمەتگوزارێکم لەگەڵ هات بردمی بۆ لای بەڕێوەبەری بەشی ئەملاک ، ئەویش (موباشەرە) ی بۆ نووسیم ڕەوانەی بەشی (الترکات)ی کردم ، تەریکات چ تەریکات ، ڕاستە وەک بەشێک بوو لە ئەملاکی ئیدارەی محەلی ، بەڵام لە کۆمەڵێک تۆماری تۆزاوی زیاتری لێ نەبوو ، کە دەشڵێم تۆزاوی هەرگیز بە تەوسەوەم نییە ، بەڕاستی تۆزی ساڵەهای ساڵی لێ کۆببووەوە ، ئەو تۆمارانە بەئەسڵ هی جوولەکەکان بوون ، ئێمەش یەک دوو فەرمانبەر بووین بێ ئیش و کار وەک پاسەوانی ئەو تۆمارانە وا بووین ، ڕاستی لە تواناادا نەبوو لە ژوورەوە لەبەر تۆز دابنیشین بە ناچاری زۆربەی کاتی دەواممان لە ڕێڕەوەکە بەسەر دەبرد

کورسـیمان دەهێنایــە دەرەوە ( مــن لــەو کاتــەوە تووشــی ئــەوەی بــە حەساســییە ناســراوە) بــووم کــە ئێســتاش لــە کــۆڵم نەبووەتــەوە. مـاوەی چەنـد مانگێکیشـم بـەو ڕەنگــە بــەڕێ کــرد تــا ڕۆژێ بــە ڕێکــەوت کوردێکم بینی کە وا بزانم لە بەشی خۆیەتی ئــەوێ کــاری دەکــرد کــوردێکی خــەڵکی کەرکووک بوو ناوی ( مەجید بیبانی ) بوو ، دەرچووی بەشی کوردی بوو ( پاشان بیستم دکتۆرای وەرگرتووە) ئەو لە ڕێی نووسین و ڕۆژنامەکانـەوە منـی ناسییەوە ، منیش بـارو دۆخی خۆم بۆ گێڕایەوە ، ڕاستی مەردانە بە هانامەوە هات و شەفاعەتی لای بەڕێوەبەری گشتی بـۆ کـردم ، کـە ئـەوەی لـێ کەوتـەوە گواستمیانەوە کۆگـای کتێبـان لـە پـەروەردەی کەرخ ، هەر چەنـدە ئـەوێش خـاڵی نـەبوو لـە تەپ و تـۆزی کتێبـان ، بـەڵام زۆر باشـتر بـوو لە جێی پێشترم.

بەو ڕەنگەم بەڕێ کرد تا نزیکەی ساڵ و نیوێک ، ئینجا گەڕامەوە هەولێر ، ئەو دەمەماڵیشمان هاتبووە هەولێر و لە دوکانێکی تۆمارگە کە یەک دوو خزم بۆیان دانام ، دوکانەکە بە ناوی (تۆمارگەی ژوان) بوو لەسەر شەقامی ئاراس تەنیشت بانکی ئاراسی ئەوسا ..

لێرەدا کۆتایی پێ دێنم . لەم ڕاستەیشدا دەمەوێ خوێنەری ئەم چەند دێرانە لەوە باخەبەر بکەم ئەم چەند لاپەڕەیە یادەوەری نییە ، بەشێکی بچووکی یاداوەریش نییە لەوەی بەدەر بەشێکە لە پرۆژەیەیەکی تایبەت بە نەفیکراوان کە من لە ڕاستیدا بە ئیلحاحی برایان ( تاریق جەمباز ، کە بەجار 126 جاری پێ وتم ) هەروەها ( نیعمەت عەبدوڵلا ، کە ئەویش 27 جار) دەنا من وەکو خۆم ژیانی خۆم وا چاو لێ نەکردووە شتێکی تێدا بێ جیا لە هەر کوردێک جێی

گێڕانــەوە بــێ ، جگــە لــەوەش لەوەنــدەی یادداشــتنامەم خوێندوونەتــەوە ، مەگــەر بــە دەگمــەن دەنــا لــە تێکەڵەیــەکی غــەریب و عەجیب زیاترم لێ نەدیون لە نێوان ڕاستی و هەڵبەستن و ناڕاستیدا ، تەنانـەت خـەیاڵ بـۆ ئـەوە دەچـێ هەنـدێ لـەو یادداشـتنامانە بـە چەشـنێکن ئەوەنـدیان تەفاسـیل تێدایـە لـە ڕۆژانـە دەچـێ تـا یادداشـتنامە کـە ئەمـەش ئەوە دەگەیێنێ هەنـدێ لـە نووسـەرانییان بـۆ یادداشــت نووســین دابیانــە کێــو و ڕۆژانــە نووسـیبییێتیانەوە ، ئاسـان نییـە لـە تەمـەنێکی دیـــاریکراودا ئـــادەمزاد شـــتەکانی بـــەو وردکارییە بەبیر بێتەوە.. لە ڕوویەکی دییەوە هەندێ جار ئەوە بە خەیاڵدا دێ حکوومـەتی بەغدا نەیدەویست ئـەو شاخ و داخانە چۆل بـن ئـەو فشارانەی دەکـردن گـەنجی کـورد ناچــاری هــەڵاتن و خۆدەربــازکردن بکــا و شـەرعییەت بداتـە خـۆی بـۆ سـەرکوتکردن

وچەواشە کردنی هەندێ لایەنی نێودەوڵەتی سۆزدار لەگەڵ کێشەی ڕەوای کوردستان ، ئـەوەش ڕوونتـر لـەوەدا دەرکـەوت کـە حکوومـەتی عیراقـی هـەر زوو پـێش ئـەوەی بزووتنەوەی چەکداری ئاهێکی بێتەوەبەر لە شاخ پرۆسەی ڕاگواستنی چەندان ناوچە و گوندی کوردستانی ، کە یەکەمین گورزی کوشـندە بـوو بـەر ڕۆحـی کۆمەڵایـەتی و سایکۆلۆژی و ئابووری مرۆڤی کورد و خاکی کوردستان بە گشتی کەوت کە لە دوایشدا ئـەنفال و بـەکارهێنانی چـەکی کۆکـوژ و لەباڵیەکـدەرهێنانی بزاڤـی ئـازادیخوازی کوردی لێ کەوتەوە ، دەسپێکرد ..

ڕاستییەکانیش هەروا دەرکەوتن کە وەختی خۆی لە ئەدەبیاتی حزبیاندا دەریان دەبڕی کوردیان بە ( شعبنا الکردی ) ناوزەد کردبوو تا ئێستاش و تا ئەمڕۆ حکوومەتە یەک لە دوای یەکـەکانی بەغـدا نـە بڕوایـان بـە

چارەسەرکردنی بنەڕەتی کێشەی کوردستان هەیە و نە پلانێکیان بۆ هەبووە و هەیە.

ئەم چەند دێرە هەتیوکەوتووەیش، بۆیەش دەڵــێم هەتیوکــەوتوو چونکــە پــێم وایــە گەیشـــتوومەتە قەناعـــەت دوای هـــەموو ڕووداوە تراژیکۆمیدییەکانی پاش ڕاپەڕین و دامەزرانـدنی پەرلـەمان و حکوومـەت لـەم بەشـەی کوردسـتان نووسـین و نەنووسـینی وەک یەک بێ ، بە بەڵگەی ئەوەی ئەحمەد ناوێکی مەنسوولی زیندانییە سیاسییەکان کە بە دڵی خۆ نیعمەت عەبدوڵلاشم بە شایەدی لەگەڵ خۆم بردبوو و هەردوو هاوزیندانیش محەمەد عەبدولخالق و د. حەمید عزیز لە کاتبی عەدل شایەدیان بۆ دابووم مەنسوولی زیندانیان پێی وتم ناکرێ ، تۆ لەسەر( قتل) گیراوی!. ئینجا ئاغەم بە توو سەلامەتدار بێ سەیرایەتییەکە لەوە دابوو من تەئیدم لەسەر

داوای خۆیان بۆ چەند برادەرێکی هاوزینـدان کرد بە تەئیدی من بۆیان ڕایی کردن !!

بە داخـەوە ئێمـە هەڵـە دەکـەین ، کـەچی لـە یادداشـتنامەکانماندا ( مەگـەر بـە دەگمـەن ) دانـی پێـدا نـانێین ، کـە لێشـمان دەقـەومێ هەمیشە کارەسات و نووشووستییەکانمان بـە جلـــئاوێزی خـــەڵکی تـــرەوە هەڵدەواســـین ، لێرەشـرا نەخۆشـی (دەردە کـورد) و یـەکتر تاوانبار کردن هەمیشە دووبـارە و سـەتبارە بووەتەوە و دەبێتەوە..

---

(*) ( **بـەختی ڕەش یـا کـۆمەڵی چەوت**) لـە ئەسڵدا ئەمە ناوونیشانی یادداشتەکانی باوکم بوو کـە نزیکەی 900 نـۆ سـەت و قسـوور لاپـەڕەی فۆڵسـکاب (A4)ی دەسـتخەت بـوو ، بێجگـە لـە چەنـدان وێنـە و دیکۆمێنتی گرینگ کە بە داخێکی زۆرەوە بە بۆردمـانی فرۆکەی سوپای عیراق لەگەڵ خانوو وماڵێمـان سـاڵی 1974 لە گەلاڵە تـیاچوون.

ئەو دیکۆمێنت و وێنانـەی دێــن، ئەوەنـــدی لای خـــۆم بـــوون و مــابوون و بــەر تــالآن و بـــڕۆی (شەڕی برایان) نەکەوتن بە پێـی بەردەستیان ئەوانەن پەیوەندییان بە خودی ئـەو چەنـد لاپەڕەیـەوە هەیە.

بسم الله الرحمن الرحيم

الجمهورية العراقية
محافظة كربلاء

المديرية: الإدارة المحلية
الشعبة :
الرقم : الذاتية ٥٢٢٦
التاريخ ٢٧/١١/١٩٧٥

الموضوع /
((أمــــر إداري))

استنادا الى ما جاء بموافقة اللجنة العليا لشؤون الشمال المرقمة س/٣٧/٥٦٠ في ٢٤/١١/١٩٧٥.

قررنا تعيين السيد نزاد عزيز قادر بدرجة عامل غير ماهر (عامل بناء) في ادارة محافظتنا المحلية وبأجرة شهرية قدرها (٢٨/٥٠٠) دينارا لكونه خريج الدراسة المتوسطة اعتبارا من تاريخ مباشرة العمل على ان يقدم المستمسكات الاصولية بعد استقراره.

ثابت نعمان العاني
م/ محافظ كربلاء

نسخة منه الى :-

اللجنة العليا لشؤون الشمال – بموافقتكم المشار اليها اعلاه – مع التقدير.
وزارة الداخلية / مديرية الادارة المحلية العامة /مديرية الادارة والذاتية / مع الة
المؤسسة العامة للتشغيل والتدريب والتأهيل – يرجى تأييد اجراء تعيين المومأ اليه من الاكراد العائدين واعلامنا
مديرية خزينة المحافظة
مديرية خزينة الادارة المحلية
ذاتية الادارة المحلية – لمطالبة المومأ اليه بمستمسكات التعيين بعد استقراره
كراج الادارة المحلية – للاطلاع بتاريخ مباشرته العمل
الاضبارة الشخصية / مع المرفقات
الاضبارة العامة
المومأ اليه
ملف المتابعة
شعبة شؤون العائدين / السيد سرمد سليم السعود

بسم الله الرحمن الرحيم
الجمهورية العراقية

محافظة كربلاء
الادارة المحلية
الذاتية

العدد / ٥٣٨٧
التاريخ ٢٠ / ١١ / ١٩٧٥

( أمر اداري )

الحاقاً بأمرنا الاداري المرقم ٥٣٣٦ في ٢٧/ ١١/ ١٩٧٥ باشر السيد نزار عزيز قادر العامل غير الماهر بعنوان ( عامل بناء ) بعمله في ادارة محافظتنا المحلية بتاريخ ٢٧/ ١١/ ١٩٧٥ قبل الظهر .

ثابت نعمان العاني
م/ محافظ كربلاء

نسخة منه الى /

اللجنة العليا لشؤون الشمال ــ مع التقدير .
وزارة الداخلية ــ مديرية الادارة المحلية العامة ــ مديرية الادارة والذاتية ــ مع التقدير .
المؤسسة العامة للتشغيل والتدريب والتأهيل .
مديرية خزينة المحافظة
مديرية خزينة الادارة المحلية
مكتب التشغيل في كربلاء
ذاتية الادارة المحلية ــ للتأشير
كاتب الادارة المحلية ــ مذكرتكم المؤرخة في ٢٧/ ١١/ ١٩٧٥
السيد عبد الجبار عبد الأمير ... ــ مسؤول الضمان ــ لاجراء اللازم
الاضبارة الشخصية ــ مع المرفق
الاضبارة العامة
المومأ اليه ــ لتقديم المستمسكات المطلوبة خلال مدة شهر كامل .
ملف المتابعة
شعبة شؤون الاكراد العائدين ــ السيد مرشد

حميد / ٢٩/ ١١

بسم الله الرحمن الرحيم
الجمهورية العراقية

محافظة بغداد
الادارة المحلية
الخزينة
الشعبة : الذاتية

العدد : ٤٤٦٤٢/١
التاريخ ١٥/١١/١٩٧٧

((أمر اداري))

بالنظر لانقطاع السيد / نزار عزيز قادر / الكاتب في ادارة محافظتنا المحلية للفترة من ١/١١/٩٧٧ ق ٠ ظ ولغاية ٢/١١ ب ٠ ظ والبالغة يومين ٠٠ تقرر اعتبار انقطاعه للفترة المذكورة تغيب بدون — راتب وباشر بتاريخ ٣/١١/٩٧٧ ق ٠ ظ ٠

حنا يوسف حبابة
م٠ محافظ بغداد
ورئيس مجلس المحافظة

نسخه منه الى /
مديرية الادارة والذاتية
مديرية خزينة الادارة المحلية / لاتخاذ مايلزم بشأن تغيبه رجاء
مديرية املاك الادارة المحلية
المومأ اليه

احلام ١٥/١١

بسم الله الرحمن الرحيم

محافظة كربلاء
الادارة المحلية
الذاتية

الجمهورية العراقية

العدد / ٥٢٧١
التاريخ ٢/١٢/١٩٧٥

(( أمـــر اداري ))

استناداً الى الصلاحية المخولة لنا بموجب كتاب اللجنة العليا لشؤون الشمال المرقم س/٢٠١٤ في ١٩٧٥/١١/٢٧ .
ونظراً لتوفر الشروط القانونية المطلوبة في المادة السابعة من قانون الخدمة المدنية رقم ٢٤ لسنة ٦٠ في السيد نزاد عزيز قادر من الاكراد العائدين وخريج الدراسة المتوسطة قررنا تعيينه بوظيفة كاتب الطابعة على ملاك ادارة محافظتنا المحلية براتب (١٥/-) ديناراً شهرياً على سبيل التجربة لمدة سنة واحدة في خدمة فعلية اعتباراً من تاريخ المباشرة .

محمد حسين محسن الشامي
محافظ كربلاء

نسخة منه الى /
اللجنة العليا لشؤون الشمال - مع التقدير .
وزارة الداخلية - مديرية الادارة المحلية العامة - ذاتية الادارة المحلية مع التقدير . يرجى التفضل علماً بانه تم تعيينه على الدرجة الشاغرة براتب ٢٨ - ٣٥ نتيجة نقل السيد حسن محمد علي العائدي الكاتب في ادارة محافظتنا المحلية الى وظيفة معلم على ملاك التعليم المحلي في محافظتنا
وزارة المالية - مديرية الميزانية العامة - مع التقدير .
ديوان الرقابة المالية
رئاسة مجلس الخدمة العامة
مديرية خزينة المحافظة
مديرية خزينة الادارة المحلية
ذاتية الادارة المحلية - لتعقيب المباشرة واكمال معاملة تعيينه
الموظف اليه / .......
الاضبارة الشخصية

حسين/١١/٣٠

الجمهوريـــة العراقيـــة
محافظة كربلاء
الاداره المحليه
المديرية :ـ
الشعبة :ـ شؤون العائدين
الرقم : ١٢٢٨٧
التاريخ ٩/١٢/١٩٧٥

بسم الله الرحمن الرحيم

الى/ مديرية ناحية الحسينيـــــــــــــــــــــــه

الموضوع / نقل مسكـــــــــــن

حصلت الموافقه على نقل مسكن السيد نزاد عزيز قادر من ناحيتكم الى داخل مركز كربـــلاء على ان يسكن في فندق الشيباني يرجى اجراء مايلزم واعـــــــــــــــلامنا .

ثابت نعمان العانـــــــــي
م/ محافـــــــــــظ كربـــــــــلاء

نسخـــــــــــه الى /
مديرية امن المحافظه
السيد نزاد ـ عريضتكم المؤرخه في ٧/١٢/١٩٧٥
شؤون العائدين ـ السيد مسرهد
المتابعــــــــه

حميـــــــــد/ ٨/ ١٢

محافظــــــة كربــــــلاء
الادارة المحليــــه
الذاتيــــه

بسم الله الرحمن الرحيــم
الجمهوريه العراقيه

العدد/ ٥٩٥٠
التاريخ ٢/ ١٢/ ١٩٧٥

(( أمــــــــر اداري ))

الحاقــــاً بامرنا الاداري المرقــــم ١٣١٥ فــــي ٣/ ١٢/ ١٩٧٥ باشــــر السيد نزاد عزيز نادر كاتب التعليم المحلي في ادارة محافظتنا المحليــــــه بتاريخ ٣/ ١٢/ ١٩٧٥ قبل الظهــــــــر .

ثابت نعمان العانــــي
م/ محافــــظ كربــــلاء

نسخـــــه منه الى/

اللجنه العليا لشؤون الشمال ــ مع التقدير .
وزارة الداخليه ــ مديرية الادارة المحليه العامه ــ الذاتيه ــ مع التقدير .
وزارة الماليه ــ مديرية الميزانيه العامه ــ مع التقدير .
ديوان الرقابه الماليـــــه
رئاسة مجلس الخدمه العامه
مديرية تربية المحافظــــه
مديرية خزينة المحافظــــه
مديرية خزينة الادارة المحليه
ذاتية الادارة المحليه
محاسب التعليم الابتدائي
للاضبارة الشخصيه
الموما اليـــه/ ..............

حميـــــد/ ٣/ ١٢

بسم الله الرحمن الرحيم

الجمهوريه العراقيـــه

مديرية التربيه لمحافظة بغداد / الكرخ — العدد / ٩٦٦٨ [illegible]

ذاتية موظفي الاداره المحليـة — التاريخ / ١٢ / [illegible]

امـــــــر اداري

م/ مباشرة موظـــف

استنادا الى الامر الاداري المرقم ٤٢٢٦٠ في ١٢/١٢/٩٧٢ الصادر عن محافظة بغداد / الاداره المحليه / الاداره والذاتيـــــــه المتضمن نقل خدمات السيد نزار عزيز قادر الكاتب على ملاك مديرية الاملاك / الاداره المحليه للمحافظة المذكوره الى ملاك مديريتنا .

تقـــرر تنسيبه الى ذاتيـة العمـــال

خليل اسماعيل يحيى

مدير التربيـــــــــــه

نسخه منه الى /

محافظة بغداد / الاداره المحليه / الاداره والذاتيه / امركم اعلاه باشر الموما اليه بعمله بتاريخ ١٢/١٢/٩٧٢ قبل الظهر راجين اجراء الــــلازم واعلامنا .

محافظة بغداد / مديرية الاملاك / للعلم رجاء

ذاتية موظفي الاداره المحليه / بنسختين السيد رضا

حسابات الابتدائي / بنسختين

ذاتية الثانوي

ذاتية العمال

سكرتير لجنة الدفاع المدني

الاستعلامات

الموما اليه

الدوار

الجمهورية العراقية
محافظة النجف
ادارة المحلية
الذاتية

العدد / ٩٢٤٢
التاريخ / ١٩٧٧/٩/ ٢١

(( أمر اداري ))

م/ انفكاك موظف

استنادا لامرنا الاداري المرقم ٨١١١ في ١٩٧٧/٩/١٢
انفك العائد السيد نزار عزيز قادر الكاتب في ادارتنا المحلية المنقول الى مثل وظيفته
في ادارة محلية محافظة بغداد بتاريخ ١٩٧٧/٩/١٩ بعد الظهر ..

رشاد عبد الحميد عباس
م. محافظ النجف

نسخة منه الى –

وزارة الداخلية – مديرية الادارة المحلية العامة – مديرية الادارة والذاتية | مع التقدير
وزارة الداخلية – الادارة العامة – المخابرات السرية والسياسية
رئاسة مجلس الخدمة العامة
مديرية الامن العامة
محافظة النجف – الادارة العامة – كتابكم ١٠٩٣٠ في ١٩٧٧/٩/١١ المتضمن موافقتكم بانفكاك
المومأ اليه للعلم لطفا
محافظة بغداد – الادارة المحلية – الذاتية – امركم الاداري ٢٧١٢٦ في ١٩٧٧/٧/١٢ سوف
يتم ارسال اضبارته الشخصية بعد ورودها من قبل مجلس الخدمة
رجاء
مديرية امن النجف
مديرية امن بغداد
مديرية ناحية العباسيه
مديرية خزينة المحافظة
مديرية خزينة الادارة المحلية
مديرية الادارة والذاتية
المتعهد العام في العباسيه – كتابكم ٩١ في ١٩٧٧/٩/١٩ للعلم
الاضبارة الشخصية
المومأ اليه

ع/عيس ٩/١٩

الجمهورية العراقيه

محافظة بغـداد
الادارة العامة
المديريه / المكتبات والمعاهد والمؤسسات
////
الشعبة
مديرية الادارة المحلية الذاتية
الرقم
التاريخ / / ١٩٧

٢٩٩٨٨
٢٢ ١٢ ٧

## امـــر اداري


الحاقا بأمرنا الاداري المرقم ٤٧٧٦٠ والمؤرخ فـــي ١٢/١٢/١٩٧٧ بتاريخ ١٥/١٢/١٩٧٧ بعد الظهر · انفك السيد نزار عزيز قادر / الكاتب في مديرية املاك الادارة المحلية · وباشر في مديرية التربية لمحافظة بغداد / الكرخ نقلا بتاريخ ١٧/١٢/١٩٧٧ قبل الظهر لمصادفة يوم ١٦/منه / العطلة الاسبوعيــة ·

شاري جواد عبد
م· محافظ بغـــداد
ورئيس مجلس المحافظـــــة

نسخة منه الى /

وزارة الداخلية / الادارة المحلية / مديرية الادارة المحلية الذاتية
مديرية خزينة محافظة بغداد
مديرية ذاتية الادارة المحلية
مديرية خزينة الادارة المحلية
مديرية املاك الادارة المحلية / ... مذكرتكم المؤرخة في ١٥/١٢/١٩٧٧
مديرية التربية لمحافظة بغداد / الكرخ / ٣ امركم الاداري المرقم ٦٢٨٦١ في ١٨/١٢/١٩٧٧ ·
الملاك
المومأ اليه / السيد ········

نسرين / ٢٢/١٠/



بسم الله الرحمن الرحيم

الجمهورية العراقية
مديرية تربية محافظة كربلاء
ذاتية الابتدائي
العدد / ٤٢٤٢٥
التاريخ ٦/ ١٢/ ١٩٧٥

ختم الواردة

ذاتية المستخدمين والعمال


م/ تنسيب موظف

تقرر تنسيب السيد نزار عزيز كاتب التعليم المحلي الى ملاك التعليم الابتدائي اعتبارا من تاريخه اعلاه .

جواد كاظم محمد
مدير التربية

نسخة منه الى/
ملاك التعليم الابتدائي / يرجى اناطة اعمال محو الامية الى المومأ اليه
شعبة محو الامية
ذاتية الابتدائي

طوان ٦/١٢



الجمهورية العراقية

کۆڕی زانیاری کورد

المجمع العلمي الكردي


الوزيرية ـ بغداد

التاريخ ٥/٥/١٩٧٧

مذكرة داخلية




کۆپی دەستخەتی نامەکەی مامۆستا مسعود محەمەد لە وەڵامی نامەیەکی مندا تایبەت بە لە چاپدانی یەکەمین کۆشیعرم ساڵی 1977






گەلاڵە مەڵبەندی شۆڕشی ئەیلوول – زێدی نووسەر



گەڵاڵە - 1973




**گوندی مەمیخەلان ، دەڤەری باڵەکایەتی،**
**بارەگای ئیستگەی دەنگی کوردستان – 1974**




**گوندی مەمیخەلان ، دەڤەری باڵەکایەتی، بارەگای ئیستگەی دەنگی کوردستان - 1974**


31\12\1974




**دەربەندی ڕایات - کانی گۆرینان**

**بارەگای کارمەندانی ئیستگەی دەنگی کوردستان - 1974**



کەریم سۆفی ، مارف عومەر گوڵ ،
نەژاد عزیز سورمێ ڕۆژهەڵات - خانێ
(پیرانشار)



**خانی (پیرانشار) 1975**



**خانێ (پیرانشار) 1975**



**لە چەپەوە : خالد مەلا فائز – حەسەن کوێستانی –**
**فەوزی هەریری – نەژاد عزیز سورمێ – خانێ**
**(پیرانشار) 1975**




نووسەر لە کاتی خوێندنی خوولی زمانی فارسی دا، 1975



نووسەر لە دەستپێکی دەستپێکردنەوەی خوێندن دوای نسکۆی شۆڕش لەگەڵ
مامۆستا و قوتابیانی (دواناوەندی زمناکۆ)، ئۆردووگای زێوە(دەڤەری مەرگەوەڕ) –
کوردستانی ئێران. 1975




له ڕاستەوە:
ملازم سەردار ئەبووبەکر(ملازم محەمەد)
ملازم عومەر عوسمان (زەعیم علی)
نەژاد عەزیز سورمێ،ملازم عبدالخالق
له کاتی سەردانی نووسەر کە بە هۆی تامپۆنی ئۆتۆمبێلەوە بریندار ببوو
نەخۆشخانەی نەغەدە مایسی 1975



ئازاد جندیانی – نەژاد عزیز سورمێ-
مەهاباد - 1975




له راستەوە:
شاعیر م.جەلالی میرزا کەریم
م.حەمید سووری
م.ئەحمەد هەردی (شاعیری ناسراو)
م.نەجمەددین ئەنیسی
نەژاد عەزیز سورمێ
م.مەجید سێکانی – (چێشتخانەی پارس) مەهاباد حوزەیرانی 1975




شاعیری ناسراو جەلالی میرزا کەریم


نەژاد عزیز سورمێ – مەهاباد 1975




نووسەر لە ئوتلێکی  شاری ( رەشت )
دوای دوورخستنەوەی لە مهاباد



حەسەن گەرمیانی – نەژاد عزیز سورمێ
کەربەلا (توێریج) - 1977



کەربەلا 1976




ناسنامەی ڕۆژنامەی(التأخی) ساڵی 1973 – کە لە کەربەلا لە کۆڵ پاس شۆڕینی کردمەوە

هەوڵەچاپکراوەکانی



## 1) لەبواری لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەنووسیدا :

- *ڕۆژنامەگەریی کوردی و ڕۆژنامەنووسی کورد* ـ 1984بەناوی خوازراوی (پاکزاد محمد کریم)،چاپکردن و بڵاوکردنەوەی یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان (لەشاخ ).
ـ چاپی دووەم بەناوی سەریحی خۆم ، هەولێر چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین1991 .

- *پرۆژەیەک بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بە کوردی* ـ لێکۆڵینەوە ـ گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ) بەغدا ، پایزی1986 .

- *هەڵەی چاپ ، ئەمڕۆ و ئاسۆی دوارۆژ* ـ لێکۆڵینەوە ـ بە دوو بەش ، ڕۆژنامەی (هاوکاری) بەغدا 1988
- *وێنە و کاریکاتێر و تایپۆگرافیا و بەکارهێنانیان لەڕۆژنامەگەریی کوردی دا* ـ لێکۆڵینەوە ـ بەسێ بەش، گۆڤاری (کاروان ژمارە 85و86و87)ی1990 .

- *برایەتـــی: یەکەمـــین ڕۆژنـــامەی ڕۆژانە لەمێــژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی دا*. لێکۆڵینەوە و بیبلۆگرافیا
- یەکەم گۆڤـاری (یەکگرتن) - هەنـدەران (دانیمـارک ) 1991
- چاپی یەکەم بەکتێب چاپخـانەی خەبـات1991. چـاپی دووەم چاپخـانەی وەزارەتـی پەروەردە - هەولێـر 1997. چاپی سێیەم 2021 بڵاو کردنەوەی رۆژنامەی (خەبات).

- *ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان ( ئاداک - ADAK)*
پـــرۆژەی دامەزرانـــدن وبەڕێـــوەبردن - لێکـــۆڵینەوە - ڕۆژنامەی (برایەتی) بەسێزدە ئەڵقە1993 ،
- چـاپی یەکەم بە کتێـب هەولێـر1993، چـاپی دووەم بەکتێب چاپخـانەی خەبـات دهـۆک1997،چـاپی سـێیەم هەولێر2005.
- *درەختـــــی بنکـــــۆڵ کـــــراو* : پەنجەنمــــایێکی ڕۆژنامەنووســـییانە بـــۆ بـــاری ڕووناکبیری و کلتـــووریی کوردی
- چاپی یەکەم کوردستان1995،
چاپی دووەم سوید1996،
چاپی سێیەم - هەولێر2006.

- *ئــازادی لە بەهــاری تەمەنیــدا*، وتـــار لە بـــارەی ڕۆژنامەنووســـــــییەوە ، چـــــاپی یەکەم هەولێـــــــر - کوردستان2005.
- *ڕۆژنـــامەگەریی کـــوردی* - چەنـــد ســـەرەقەڵەمێک *لەبـــارەی تەکنیـــک و هونەرەکـــانی* ، چـــاپی یەکەم هەولێر1999، چاپی دووەم 2006.

- *شار لە هەڵبوون وکوژانەوەیدا* ـ وتاری ڕۆژنامەنووسیی چاپی یەکەم 2005.
- میـدیای کـوردی لە بـازنەی گەمەکـانی سیاســەتدا چاپی بەکەم ـ 2020

## 2) شیعر

- *ئەوشــەوانەی خەوم نـایێ* : چاپخـانەی (النعمـان) نەجەف ـ1977
- *تاڤگەی مەند*. چاپخانەی (شفیق) بەغدا ـ 1987.
- *چەنـدکۆتەڵێکی جەنـازەیی*: چـاپی یەکـەم ئیتاڵیـا 1994 ،

چاپی دووەم کوردستان دهۆک 1995 .

- *هەندێ لەوشوێن پێیانەی بەسەرشەختەدا مابوونەوە* ـ چاپی یەکەم کوردستان 2005.
- *تاڤگەی مەند و ئەوانیتر* ـ کۆی 4 کۆشیعر پـێکەوە ـ چاپی یەکەم کوردستان2005.
- *بەو ڕێیــانەدا تێــپەڕیم لەو کانییــانەم خــواردەوە* ـ چاپی یەکەم2010.
- *ئەوەی لە دواخــوانی برایانــدا نەگوترابــوو* ـ چـاپی یەکەم 2015.
- *کەویە بەفرەکانی دۆزەخ* ـ چاپی یەکەم کوردستان 2016

- *تەلارساز و هەندێ لە زینـدەخەونەکانی* .. ـ چاپی یەکەم 2018
- *کاژە بەژن بڵندەکانی ڕۆژهەڵات* چاپی یەکەم 2020
.
- (*شرفه*) بەزمانی عەرەبی ، چاپی یەکەم چاپخانەی خەبـات دهـۆک 1998 ، چاپی دووەم بەکـوردی بەنـاوی (*گەمە شـاراوەکانی بـا*) بەوەرگێڕانـی ڕەوانشـاد نەجـات حەمید ئەحمەد و پێداچوونەوەی نووسەر 2008.
- ( *وطن في حديقة رمان* ) کۆشـیعری هـەڵبژاردە ـ بـە وەرگێڕانـی : محەمـەد حسـێن ئەلمهنـدس بـۆ عـەرەبی چاپی یەکەم 2021 .

## 3) لەبواری وەرگێڕان دا

- *نووسـتوی بەربـاران*: شیعرلەفارسـییەوە ـ چـاپی یەکەم بەغـدا1980 ، چـاپی دووەم بەزیـادکراوییەوە ـ هەولێرـ کوردستان2005 .
- *ڕێگاوبـان* ، پێـنج چیرۆکـی درێـژ و شـانۆنامەیەک لەنیکـۆلای خـایتۆفەوە ـ چـاپی یەکەم،چاپخـانەی (الحـوادث) بەغـدا1983بـڵاو کـردنەوەی کتێبخـانەی (حەیـدەری) ، چـاپی دووەم هەولێـر ـ دەزگـای موکریانی2005

- *سەرەتایێک بۆتێگەیشتنی هونەری شێوەکاری*. چاپی یەکەم چاپخانەی (حسام) بەغدا 1986.
چاپی دووەم - هەولێر- دەزگای موکریانی2005. چاپی سێیەم - هەولێر2015.
- *چەندنامەیەک بۆ تارانتابابۆ*: نازم حیکمەت ، وەرگێڕان لەعەرەبییەوە .چاپی یەکەم - چاپخانەی (الزمان)بەغدا1990 ،چاپی دووەم - سوید - کتیبخانەی ئەرزان. چاپی سێیەم کوردستان2005 .
- *دایکی کورد* - دانییێل میتران وەرگێڕان لەعەرەبییەوە،چاپی یەکەم1996 ، چاپی دووەم2011 .
- *شەوانی بۆشایی* - شیعر ، چاپی یەکەم - کوردستان2010 .
- *سترانبێژی شەقام* - شیعر - چاپی یەکەم 2016
- *خەونمان بۆ زستان دی* - شیعر - چاپی یەکەم 2018
- *(ئێمەکەبەخێرایی شەڕگەورە بووین)* شیعر چاپی یەکەم 2022.

## 4) پیشانگاکانی کۆلاژ ناوەڕۆکی 7 پیشانگا

- *پایزی چاوەکان* ، کۆلاژ لەتاراوگەی شیعردا وەزارەتی ڕۆشنبیری - هەولێر1998
- *چاوەکان هەمیشە چاوەکان ، کلاوڕۆژنەیەک لەشەختەدا*، وەزارەتی ڕۆشنبیری1999
- *دیسان چاوەکان* - چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری2005 .

- *ساوی شتان لەفۆتۆگراف دا* ، چاپی یەکەم2008
- *هـونەری کـۆلاژ ـ مێـژوو .. تەکنیـک .. ئەزمـوون* ـ چاپی یەکەم کوردستان 2018.
- *دیدار لەبارەی شـیعر و ڕۆژنامەنووسـییەوە* ـ چـاپی یەکەم 2018
- بـێجگە لە دەیـان شـیعری وەرگێـڕدراو و نووسـینی دیکە لەکات وشوێنی جیاجیادا بەکوردی و عەرەبی .

●


*Nazhad Aziz Surme*

---

(**B**ad **L**uck or **U**nhealthy **S**ociety)

*Papers that survived*
*the aftermath of*
*another ruined fireplace*

*First Edition*
*Kurdistan 2026*



(بەختی ڕەش یا کۆمەڵی چەوت)

*Nazhad Aziz Surme*

(Bad Luck or Unhealthy Society)

Papers that survived
the aftermath of
another ruined fireplace

First Edition

Kurdistan 2026